# زمانەوانی کارەکی

## بەرگی دووەم

پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

چاپی یەکەم / ٢٠١٦

* ناوی کتێب: زمانەوانی کارەکی
* بەرگ: دووەم
* نووسین و ئامادەکردنی: پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
* تایپیێست: کۆچەر ئەنوەر نایف
* دیزاینی بەرگ: جومعە سدیق کاکە
* دیزاینی ناوەوە: نووسەر
* نۆرەی چاپ: یەکەم / ٢٠١٦
* شوێنی چاپ: چاپخانەی هێڤی/ هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* نرخ: (٥٠٠٠) دینار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی()ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوەی بۆ وەرگێڕ پارێزراوە

AWER
Nawandi Awer
ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
٠٧٥٠٤٢٠٩٤٩٥

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر

ژمارە(٢٩٩)

## ناوەرۆک

**پێشەکی**........................................٦
**زمانەوانی کارەکی**....................................٧
گرنگترین بوارەکانی زمانەوانی کارەکی...................١١
١. کاری فەرهەنگسازی...............................١١
٢. نەخۆشییەکانی گوتن و چارەسەرکردنیان..............١٦
٣. فێربوونی زمانە بیانییەکان...........................٢٧
پەیوەندی زمانەوانی بە فێرکردنی زمانەکانەوە............٢٨
أ. شیکردنەوەی بەرانبەریی...............................٣٦
ب . رێگاکانی وتنەوەی زمانە بیانییەکان.....................٤٩
ج . تواناکانی مامۆستای زمان.............................٥٥
د . فێرکردنی زمانی نەتەوەیی.............................٥٨
٤. وەرگێڕان و وەرگێڕانی ئامێریی.........................٦٤
٥. گەیاندن................................................٧٤
**فەرهەنگسازی**...........................................٨٢
چەمک و پێناسەی فەرهەنگسازی...........................٨٣
پێناسەی فەرهەنگ.........................................٨٤
سوودەکانی فەرهەنگ.......................................٨٥
بنچینەی ڕیزبوونی پیتەکانی فەرهەنگ......................٨٧
١. ڕیزبوونی فەرهەنگی......................................٨٧

٢. ڕیزبوونی فۆنەتیکی.......................................٨٧
٣. ڕیزبوونی ڕستەیی.......................................٨٨
جۆرەکانی فەرهەنگ.......................................٨٨
یەکەم: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ڕوخسارەوە.........٨٨
١. فەرهەنگی نەتەوەیی.......................................٨٨
٢. فەرهەنگی نەتەوەیی و زمانانی بێگانە...................٩٠
٣. فەرهەنگی زمانانی بێگانە و زمانی نەتەوەیی............٩١
دووەم: جۆرەکانی فەرهەنگ لەڕووی ناوەرۆکەوە..........٩٣
١. فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیا.......................................٩٣
٢. فەرهەنگی ئیتمۆلۆژیا.......................................٩٤
٣. فەرهەنگی پسپۆڕیی.......................................٩٦
٤. فەرهەنگی فیلۆلۆژیی.......................................٩٧
٥. فەرهەنگی وێنەیی.......................................٩٨
**چاککردنی هەڵەی هەندێک وشەی زمانی کوردی.................١٠٢**
پێشەکی.......................................١٠٣
ڕێبازەکانی دروستکردنی وشە.......................................١٠٥
یەکەم: ڕێبازی وەرگرتن.......................................١٠٥
هۆکارەکانی وەرگرتنی وشە.......................................١٠٩
١. هۆکاری جوگرافی.......................................١٠٩
٢. هۆکاری ئایینی.......................................١١٠
٣. هۆکاری ڕۆشنبیری.......................................١١١
٤. هۆکاری بازرگانی.......................................١١٣

٥ـ هۆکاری ڕاگەیاندن................................١١٤
٦ـ هۆکاری دەروونی................................ ١١٥
٧ـ هۆکاری سیاسی................................١١٦
دووەم: ڕێبازی خوازە................................١١٧
سییەم: ڕێبازی لێکدان................................١٢١
چوارەم: ڕێبازی داتاشین................................١٢٢
پێنجەم: داڕشتن................................١٢٣
شەشەم: ڕێبازی وەرگێڕان................................١٢٥
بەشی دووەم: چاککردنەوەی هەڵەی هەندێ وشە........١٢٨
یەکەم : لە بواری بەکارهێنانی وشەدا....................١٢٩
دووەم: وشەی داتاشراو................................١٣٨
سێیەم: بەکارهێنانی جێناوی لکاوی"ی"....................١٤٠
چوارەم : تێکدان و شێواندنی چەندین وشە..............١٤١
پێنجەم: هاتنی چەندین تەعبیر و وشەی هەڵە.............١٤٢

# پێشەکی

زمانەوانی کارەکی وەکو لقێکی سەرەکی لە زمانەوانی گشتی، لە چەندین بابەت پێکدێت، بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە پێشتر بڵاوکرایەوە، ئەم بەرگەش بە هەمان شێوە تەواوکەری بەرگی یەکەمە و لە چەندین تەوەر پێکدێت.

بەرگی دووەمی زمانەوانی کارەکی سێ بابەتی گرنگ لەخۆوە دەگرێت، بابەتی یەکەمیان وەرگێڕانە، بە ناونیشانی زمانەوانی کارەکی، کە چەندین تەوەر لەخۆدەگرێت. بابەتی دووەمیان کە نووسینە، لەبارەی فەرهەنگسازییەوەیە، ئەمیش چەندین لق و تەوەر لەخۆدەگرێت. بابەتی سێیەمیان کە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمییە لەسەر هەڵە بەکارهێنانی هەندێ وشەی زمانی کوردی، ئەمیش چەندین تەوەر لەخۆ دەگرێت.

هیوادارین ئەم کتێبەش وەک کتێبەکانی تر بتوانێت بۆشاییەک لە بۆشاییەکانی کتێبخانەی کوردی پڕبکاتەوە و خزمەتێک بە زمانەکەشمان بگەیەنێت.

**پ.ی.د.نەریمان خۆشناو**

**هەولێرـــــ٢٠/٢/٢٠١٦**

# زمانەوانی کارەکی[1]

١ـــ ئـــەم نووســـینە لـــەم کتێبـــە وەرگیـــراوە: محمـــد حســـن عبدالعزیز(د)(١٩٩١)، مدخل الی علم اللغة، کلیة دار العلوم ـ جامعة القاهرة.

کاتێک کە باسی دارِشتنی پێناسەیەک بۆ (زمانەوانی) دەکەین، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە (زمانەوانی) زانستێکە ئامانجی دانانی تیۆرێکە بۆ زمان، تیۆرێک کە چۆنێتی کارکردنی زمانمان بۆ شرۆڤە دەکات، جا لەبەر ئەوەی کە ئەم زانستە خاوەن سروشتێکی وەسفییە، هەندێک لە زانایان بە (زمانەوانی تیۆری) ناوزەدی دەکەن، هەروەها بە هەمان شێوەش بە(زمانەوانی کارەکی)ش (Applied Linguistics) ناوزەد دەکرێت، تاوەکو لە ئەنجامدا ئاماژە بۆ هەندێک لە لایەنە زانستییەکانی ئەم زانستە بکات، مەسەلەیەکی ئاساییە کە زانایان لە هەر لقێک لە لقەکانی زانستدا مەرج نییە تەنها مەسەلە کردەییەکان بە ئامانج بگرن، چونکە لەوانەیە تێبینیکردنی دیاردەکان و شرۆڤەکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان و گەیشتن بەو سیستەمەی کە بەڕێوەی دەبات ــ لەوانەیە ئەم هەموو خاڵانە تاکە مەرام و مەبەستیان بووبێت، کە بەدڵسۆزییەوە کاروبارەکانیان لە پێناویدا ڕایی دەکەن ــ لەوانەشە زۆرجاران ئامانجی کردەیی بۆ ئەم کاروبارانە لە ئارادا هەبێت، کە زانایان لە پێناویدا تێدەکۆشن، تاکو پەی پێبەرن، کە زانایانی دیکەش سوودی شیاوی لێدەبینن، بێگومان ئەو زانایانەش، زانا کارەکییەکانن، جا ئەم

زانستانەی کە گرنگی بەم بەکارهێنانە کردەییانە دەدەن، بە زانستی کارەکی ناوزەد دەکرێن: (لەوانە بۆ نموونە ئەندازیاری و نەشتەرگەری و کشتوکاڵیی....... هتد)، بێگومان (زمانەوانی کارەکی)ش بە یەکێک لەو زانستە کردەییانە هەژمار دەکرێن، لە هەمان کاتیشدا زانستە کارەکییەکان پشت بە زانستە تیۆرییەکان دەبەستێت و ئەو شتانە بەکاردەهێنێت، کە وەک دەرەنجام دەستیان پێدەگات، لەو شێوانەی کە لە بەکارهێنانەکانیدا بەرەوپێشی دەبات.

(**کریستال**) زمانەوانی کارەکی بەوە پێناسە دەکات کە: پیادەکردنی ئەنجامەکانی میتۆدی زمانەوانی و شێوازە هونەرییەکانیەتی لە شیکردنەوە و ئەنجامدانی توێژینەوە لە بوارە نازمانەوانییەکاندا، ئەم زانایە دیسانەوە دەگەڕێتەوە سەر خودی پێناسەکەوە و بەم شێوەیە باسی لێوە دەکات و دەڵێت: زمانەوانی بەم مانایە تەنها ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، زیاتر لەوەی کە لە خودی خۆیدا ئامانج بگرێت.[1]

---

١ـ كريستال(١٩٧٤)، التعريف بعلم اللغة، ترجمة: د.حلمي خليل، الهيئة العامة للكتاب الأسكندرية، ص ١٧٤.

هەنــــدێک لــــە زمانەوانــــان ئەم زاراوەیە تەنهــــا بــــۆ ئاماژەکردن بە لایەنی فێربوون (فێربوونی زمانی بیانی یان زمانی نەتەوەیی) بەکاردەهێنێت، کەچی ژمارەیەک زمانەوانی دی فراوانتر بەکاریدەهێنن، تاکو بەکارهێنانی نافێرکاریش بگرێتەوە.

## گرنگترین بوارەکانی زمانەوانی کارەکی ئەمانەن:

### ١. کاری فەرهەنگسازی

دروســـتکردنی فەرهەنـــگ و کـــاری فەرهەنگســـازی لە گرنگتـــرین بوارەکـــانی (زمـــانەوانی کـــارەکی) هەژمـــار دەکریـــت، چـــونکە ئەم بـــوارە نزیکتـــرین بـــوارە بـــۆ جەماوەریکی خەڵکی ناپسپۆڕ، جا دروستکردنی فەرهەنگ بە ڕای پسپۆڕانی ئەم بوارە ـ زانست نییە، بەڵکو هونەریکە و نـاکرێ بەو ڕێگـا بابەتییـانەوە پابەنـدبێت، کە زمانـەوانی نـــوێ پەیـــڕەوی دەکـــات، وەکـــو فەرهەنگنـــاس(کوف) گوزارشـــتی لێـــدەکات و دەڵێـــت:((ئێســـتا پیشـــەی فەرهەنگســـازی نەبـــۆتە زانســـتێک، لەوانەشـــە قەت نەبێـــتە زانســـت، بەڵکـــو هـــونەریکی ورد و ئـــاڵۆزە و زۆر ســـەختە، هەنـدێکجار پێویسـتی بە شـیکردنەوەیەکی ورد و بڕیـاری هەرەمەکی و هەڵهێنجانی هەستی هەیە))[١].

لێـرەدا زۆر پێویسـتە ئامـاژە بەو جیـاوازییە بکەیـن، کە لەنێـــوان وشەســـازی یـــان فەرهەنگســـازی، کە لقـــێکە لە

---

١- علـی محمـد القاسـمي(د)(١٩٧٥)، علـم اللغـة و صـناعة المعجـم، مطبوعات جامعة الرياض، ص ١٢.

لقەکـانی زمـانی تیـۆری و کـردەی فەرهەنگسـازی هەیـە. ((وشەسازی لە بنەڕەتدا گرنگی بە داتاشین و پێکهاتـەکانی وشـــە و واتـــا مەعـــنەوی و شـــڕۆڤەییەکان و گوزارشـــتە زاراوەییەکـان و هاوواتاکـانی وشـــە و فرەواتـایی دەدات، کەچـی دروسـتکردنی فەرهەنـگ پێـنج هەنگـاوی بنەڕەتـی لەخـۆ دەگرێـت، کە ئەمـانەن: کـۆکردنەوەی زانیـاری و ڕاسـتییەکان، هەڵبژاردنـی دەروازەکـان، ڕێکخسـتنی ئەو دەروازانە بەپێـی سیسـتەمێکی تـایبەت، نووسـینی بـابەت، پاشانیش بڵاوکردنەوەی ئەنجامی کۆتـایی، ئەم ئەنجامەش بێگومان فەرهەنگەکەیە))[1].

بەمشـــێوەیە سروشـــتی تیـــۆری وشەســـازی یـــاخود فەرهەنگسازیمان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش لەو ڕوانگەیەی کە تـوێژینەوەیە دەربـارەی (داتاشـین) و (دارِشـتنەکان) و (واتاکـان)........ هتـد و سروشـتی کردەیـی دروسـتکردنی فەرهەنـگ، کە سـوود لە ئەنجـامی زانسـتەکەی پێشـوو وەردەگرێـــت، ســـەرباری ئەو زانیـــاری و ئـــامرازە تایبەتییـانەی کە بـۆ دروسـتکردنی فەرهەنگێـک فەراهەم

---

[1]- علـی محمـد القاسـمي(د)(١٩٧٥)، علـم اللغـة وصـناعة المعجـم، مطبوعات جامعة الرياض، ص ٩.

دەبێت، کە بەشێوەیەکی کردەیی بەکاربهێنرێت و سوودی لێ وەربگیرێت.

دەتوانین لێرەدا بەوە پێناسەی (فەرهەنگ) بکەین، کە **پەرتووکێکە وشەکان لەخۆ دەگرێت و بەشێوەکی ئەلفوبێیی ڕێکخراون و مانایان پێبەخشراوە و شرۆڤەکراون و زانیاری پەیوەست پێیانەوە تیایدا خراونەتەڕوو، جا ئیتر ئەو زانیارییانە بە هەمان زمان یاخود بە زمانێکی دی نووسرابێت**[1].

فەرهەنگەکان بە گشتی جیاوازییەکی گەورەیان هەیە، ئەویش بەپێی ئەو ئامانجانەی کە دەیانپێکی، بەڵام بە گشتی دەتوانین بۆ دوو جۆر پۆلێنیان بکەین:

١ـ فەرهەنگی گشتی: ئەم جۆرە فەرهەنگانە بە بابەتێکی تایبەتەوە نەبەستراونەتەوە، وەکو فەرهەنگی (الوسیط) کە کۆڕی زمانی عەرەبی لە قاهیرە دەری کردووە.

٢ـ فەرهەنگی (پسپۆڕیی): کە تایبەتە بە یەک بوار، وەک فەرهەنگی جوگرافی و فەرهەنگی فەلسەفی و فەرهەنگی وشەگەلی ژیاری کە بەهەمان شێوە لە بەرهەمەکانی کۆڕی زمانی عەرەبییە لە قاهیرە.

---

١ـ علی محمد القاسمي(د)(١٩٧٥)، علم اللغة و صناعة المعجم، مطبوعات جامعة الرياض، ص ٩.

فەرهەنگەکـــــان بە گشـــــتی لەوانەیە بە یەک زمـــــان نووسـرابن، وەکـو ئەو فەرهەنگـانەی باسـمان کـردن، یـان دوو زمانیان تیادا بەکارهێنرابێت، وەکو ئەو فەرهەنگانەی کە زمانەکانی (ئینگلیزی ـ فەرەنسی) یان هەردوو زمانی (فەرەنسی ـ عەرەبی)یان تێیدا بەکاردەهێنرێت.

جا گەر فەرهەنگێک گشتی و یەک زمان بێت، وەک ئەو فەرهەنگـــانەی پێشـــوو باســـمان کـــردن، گرنگـــی بە ڕوونکـــــردنەوەی زانیـــاری هەمەجـــۆر دەدەن، کە بەو وشـانەوە پەیوەسـتن کە مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکەن، بـۆ نموونە:

١ـ شێوازی دەربڕینی وشەکە.

٢ـ چۆنێتی درکاندنی.

٣ـ جۆری وشەکە (ناو، کار، پیت.. هتد).

٤ـ شـێوازی داتاشـینی وشـەکە (نـاوی بـکەر، نـاوی بەرکار، ناوی شوێن، ناوی کات...هتد).

٥ـ ئەو پێشـگر و پاشـگر و ناوبەنـدانەی کە پێـوەی دەلکێنـدرێت یـان ئەو گۆڕانکارییـانەی کە لە وشـەکاندا ڕوودەدەن، وەکو (تاک و ودوانەیی و کۆ و داڕشتنەکانی نێر و مێ.. هتد).

٦ــ لەوانەیە هەنــدێک فەرهەنــگ گرنگــی بــدەن بە ڕوونکــردنەوەی مانــای بنەڕەتــی وشــەکە، پاشــان ئەو گۆڕانکارییــانەش لەناویانــدا بنووســرێن، کە لە قۆنــاغە جیاجیاکانــدا بەســـەر وشـــەکەدا دێـــن (فەرهەنگـــی مێژووییەکان).

٧ـ جاری واش هەیە هەندێک فەرهەنگ ئاماژە بە مانای هاوچەرخ دەدەن، وەک(فەرهەنگی الوسیط).

٨ـ لەوانەیە هەندێک فەرهەنگ گرنگی بەو وشانە بدەن، کە لە زمانی دیکەوە وەرگیراون.

٩ــ لەوانەیە هەنــدێک فەرهەنــگ هەبــن کە وشــەکە لە شـــوێنێکی دیـــاریکراودا بەکـــاربهێنن، واتـــە (شـــێوازی نـــاوخۆیی) یـــان لەلای چینێکـــی دیـــاریکراودا وشـــەکە بەکاربهێنرێــت، واتــە (شــێوەزاری کــۆمەڵایەتی)، یــان لە بـــابەتێکی دیـــاریکراودا و لە هەڵوێســـتێکی دیـــاریکراودا وشەکان بەکاربهێنرێن، واتە(شێواز).

وا پێـــــدەچێ لێـــــرەدا ئەوە ڕوون بـــــووبێتەوە کە خســـــتنەڕووی ئەم زانیاریـــــانە پشـــــت بە زانســـــتە هەمەجۆرەکـانی زمـان دەبەسـتێت، وەکـو (دەنگسـازی - وشەسازی - ڕستەسازی و فەرهەنگسازی یان زانستی وشەکان).

## ٢. نەخۆشییەکانی گوتن و چارەسەرکردنیان

ئەم بوارە یەکێکە لەو بوارە هاوبەشانەی کە پزیشک و دەروونناس و زمانەوان ڕۆڵی تیادا دەگێڕن، جا کارکردن لەم بوارەدا لە دوو چوارچێوە ئەنجام دەدرێت:

یەکەمیـــان بە (Speech Pathology) نـــاوزەد دەکرێت: واتە لێکۆڵینەوە لە خەوش و نەگییەکان یان ئەو شڵەژاوییەی کە دەبێتە لەمپەر بەرامبەر ئەو پەیوەندیانەی کە قسەکەر پێی هەڵدەستێت، ئەم تویژینەوەیە هۆکارە جەستەیی و دەروونی ژینگەییەکانیان بە ئامانج دەگرێت، دووەمیشـیان بە: (Speech Therapy) ناودەبرێـت، واتە: چارەســـەریەکە کە قورتـــاربوون لە شـــڵەژاوی و شپرزەیی ئاخێوەرانە یان زمانەوانان یان ڕزگاربوون لە کاریگەرییەکانیان بە ئامانج بگرێت[1].

تـــوێژەرانیش بەشـــێوەیەکی گشـــتی وا ڕاهـــاتوون کە شپرژەییەکانی گوتن و خەوشەکانی درکاندن بۆ دوو بەش پۆلێن بکەن:

---

[1]-R.R.K. Hartman (1973), and F.C. stork, Dictionary of Language and Linguistics, London.

١ــ ئەو خەوشـــانەی کە هۆکارەکانیـــان بـــۆ فـــاکتەری جەستەیی دەگەڕێتەوە.

٢ـ ئەو خەوشانەی کە بۆ ئەرکەکان دەگەڕێتەوە.

جا هۆکارەکانی خەوش و نەنگییەکانی بەشی یەکەم بۆ ئەم فـاکتەرانە دەگەڕێـتەوە: کەکوکوڕییـەکانی ئەندامـەکانی ئاخـاوتن یـان بیسـتن، وەکـو شـێواندن و لەنـاوچوون و خراپی پێکهاتە یان کە کەمبوونی توانای بۆماوەیی گشتی (زیرەکی)، هەموو ئەمانە دەبنە هۆکاری لار و لەدێری لە ئەداکردنی ئەو ئەندامانەی لەشی مرۆڤ، کە پەیوەندیان بە درکاندن و ئاخاوتنەوە هەیە، دەرەنجام خەوش و نەنگی و کەموکـــووڕیی لە پرۆســـەی قســـەکەری و درکانـــدن و گوزارشتکردن دروست دەبێت.

ئەوانەشـی کە بە جـۆری دووەمـی خەوشـەکان گیریـان خـــواردووە، ئەوانە هـــیچ نوقســـانییەک لە ئەنـــدامەکانی ئاخاوتن و بیستن لە لەشیاندا نابینرێت، بەڵکو لەم حاڵەتەدا توانـــای تـــاک لەســـەر گوزارشـــتکردن لەژێـــر کـــاریگەری ناجەســـتەییدایە، کە دەبێـــتە هۆکـــاری چەنـــد شـــپرزەییەکی ئەوتۆ کە لە چەندێتی و جۆرێتیدا جیاوازییان هەیە، ئەویش

ئەو فــاکتەرانە و ڕەنگــدانەوەیان بەســـەر تواناکــانی ئەو کەسەی کە ئەو خەوشانەی هەیە[1].

جا ئەو کەسانەی کە کار لەسەر بواری یەکەمدا دەکەن، ئەو تێبینیانەیــان خســـتۆتەڕوو، کە هەنــدێک لە ئەنــدامی درکاندن یان بیستن لەوانەیە تووشـی لەناوچوونی وا ببن و لەکــار بــکەون و نەتــوانن ئەرکەکەی خۆیــان بە باشــی بەڕێوەبەرن، جا ئیدی قسەکردن بێت یان پێشـوازیکردنی قسە و درکاندنەکان بێت، یان لەوانەیە ئەداکردنیان شڵەژاو و شـــپرزەبێت. بـــۆ نمـــوونە هەنـــدێک منـــداڵ کەڕ و لاڵ لەدایکدەبن، لەوانەشە هەندێکیان خەوش و نەنگی دیکەیان هەبێــت، کە پەیوەســـت بێــت بە پرۆســـەکانی درکانــدن و بیستن، وەکو (گەرووی شەق بوو، کورتی زمان، داخرانـی گـوێی نــاوەوە یــان گـوێی ناوەنــد.. هتــد)، یــان لەوانەیە هەنــدێک کەس لە ژیانیانــدا تووشـــی ڕووداوی وا بــن، کە توانـــای بیســـتن و درکانـــدنیان لەدەســـت بـــدەن، ئەوانە بێگومان پێویستیان بە چارەسەری تایبەت هەیە، تـاکو ببنە ئەنـدامی بەسـوود لە کۆمەڵگەکانیانـدا، بـۆ ئەم مەبەسـتەش پێویســتە چەنــد ئامڕازێکیــان هەبــێ. ئەم ئامانجەیــان بــۆ

---

[1]- مصطفى فهمي(د)(١٩٨٠)، أمراض الكلام، مكتبة النهضة المصرية، ص٣٣.

دەســـــتەبەربکەن، لەم پێناوەشـــــدا چەنـــــدەها کۆشـــــش خـــــراونەتەگەڕ بـــۆ فێرکردنـــی کەڕولاڵان، بـــۆ نمـــوونە خوێنـــدنەوەی ســــەرلێوان، کە بـــۆ تێگەیانـــدنی قســـــە بەکاردەهێنرێـــت، یـــان جەســـــتە و هەردوو دەســـــتەکان بەشـــێوەیەکی دیـــاریکراو و تـــایبەت دەجـــولێنرێنەوە بـــۆ تێگەیانـــدنیان لەجبـــاتی درکانـــدن و گـــوێ لێبـــوون، جـــگە لەمـــانەش لەم بـــوارەدا چەنـــدەها ڕێـــگە و شـــێوازی تـــایبەت دۆزراونەتەوە بـــۆ ئەوەی کەڕو لاڵان فێـــری خوێنـــدنەوە و نووسین بکرێن.

بەڵام ئـــێمە لێـــرەدا ئامـــاژە بە پێشـــنیازەکەی (دکتـــۆر مســـــتەفا فـــــەهمـــــی) دەکەیـــــن، ســــــەبارەت بەو کەســـــانە خســـــتیەڕوو کە ئەنـــــدامی بیســـــتنیان لاوازە، هەروەهـــــا پێشنیازەکە ئەو ڕێسـایانەش لەخـۆ دەگرن، کە پێویسـتە لە فێرکردنی خوێندنەوەی (لێوان) بۆ منداڵ ڕەچاوبکرێن، ئەم پســـپۆڕە پرۆگرامێکـــی فێرگەیـــی بـــۆ ئەم مەبەســـتە دارِشـــت، هەروەها ئامـاژەی بە ئامرازی دیکەش کـرد، کە ئەو پێیـان ناسراوە و هاوپێچیشی کرد لەگەڵ ڕوونکردنەوەی چۆنێتی

بەکارهێنانیـــان، وەکــو خوێنــدنەوە بە هەردوو دەســـت و بەکارهێنانی ئامێری تایبەت[1].

هەروەهـــا تـــوێژینەوە هاوچەرخەکـــان ئەوەیـــان سەلماندووە، کە (مێشک) سەنتەری زمانە، جگە لەوەش لای چەپی مێشک جێگەی ڕایی کردنی ئەم کارەیە، جا لە گرنگتـرین ئەو تـوێژینەوانەی کە لەم بـوارەدا پزیشـکانی مێشـــک لەگـــەڵ زمانەوانانـــدا ئەنجـــامی دەدەن، ئەو تـــوێژینەوانەن کە هەوڵـــدەدەن سروشـــی زمـــان و سیستەمەکانی ڕوون بکەنەوە، هەروەها کۆشش دەکەن بۆ زانینی وردترین شوێنەکانی مێشک، کە شیمانەی ئەوانەیان لێ دەکرێت، بەرپرس بن لە چەند کارامەییەکی زمانەوانی دیاریکراو.

ئەم توێژینەوانە گەیشتوونەتە هەندێک دەرەنجام، لەوانە بـــۆ نمـــوونە (زمـــانگیری Aphasia) بە دەرەنجـــامێکی لەناوچوونی شوێنێکی دیاریکراو دادەنرێت لەو ناوچانەی کە ســـەنتەری قســـەکردنن لە مشـــێکدا.. جـــا زانایـــان و تـــوێژەران نەخۆشـــی (زمـــانگیری) بـــۆ ســـێ جـــۆر پـــۆلێن دەکەن:

---

[1]- مصطفى فهمي(د)(١٩٨٠)، أمراض الكلام، مكتبة النهضة المصرية، ص ١١٧ ـ ١٤٥.

١ـــــ زمـــــانگیری پێشـــــوازیکردن، کە پەیوەنـــــدی بە پێشـــوازیکردنی قســـەوە هەیە، کە لاڵ بـــوون یەکـــێکە لە شـێوەکانی، لەم حاڵەتەشـدا گـوێگر لەو قسـانە تێناگـات کە لەلایەن لاڵەکەوە گوێی لێ دەبێت، کوێربوونی واژەییش لە یاساغبوونی تێگەیشتن لە ئاخاوتنی نووسراودا بەرجەستە دەبێت.

٢ــ زمانگیرییەکـــانی پەیوەســـت بە گوزارشـــتکردنەوە، ئەمجـۆرە زمـانگیرییە پەیوەنـدی بە توانـای گواسـتنەوەی بیـرورِا و گەیانـدنیانە بـۆ کەسـانی دی، وەکـو (لاڵـی) و بزرکردنـی توانـای گوزارشـتکردن لە ڕووی درکانـدنەوە بەبـێ ئەوەی زمـان هـیچ لەکارکـەوتنێکی تێـدابێت، یـان ئەنـدامە (دەنگـە ژەنەکـان) هـیچ لەکارکـەوتنێکیان هەبێـت شانبەشـانی مـانەوەی تواناکـانی تێگەیانـدن، هەروەهـا نەبوونی هێزی نووسین و بێدەسەڵاتی لە گوزارشتکردن لەڕێگەی نووسینەوە بەبێ لەکارکەوتنی دەست و پێیەکان.

٣ـ ئەو زمانگیریانەی کە لە بزرکردنی یادەوەرییەکانەوە پەیدا دەبن، لەم کاتەدا نەخۆشـی هەموو شـتەکان و یاد و هەڵوێســـتەکانی لەبیـــر دەچێـــت و هەمـــوو وردەکـــارییە

سادەکانی ژیانی خۆی لەیاد دەکات، ئەویش بەبێ ئەوەی توانای تێگەیشتن و گوزارشتکردن لەدەست بدات[1].

لێرەدا (د.نایف خەرما) ئەو دەرەنجامانەی بە کورتی خستنۆتە ڕوو، کە لە توێژینەوەیەکدا لەسەر تووشبوانی نەخۆشی زمانگیری ئەنجامیداوە:

١ـ تووشبوونی هەندێک لە ڕیشاڵەکانی مێشک یان لەناوچوونیان، نابنە هۆکاری لەدەستدانی هەندێک بەشی بژاردەکراو لە زماندا (وەکو ئەوەی بۆ نموونە هەندێک وشە یان هەندێک یاسا ون ببن).

٢ـ تووشبوون بەم نەخۆشییە، بەهیچ شێوەیەک کار ناکاتە سەر توانای زمانەوانی نەخۆشەکە و لە هەموو ڕوویەکەوە کەسێکی سروشتی دەبێت و لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵسوکەوتی ئاسایی دەبێت.

٣ـ ئەو شتەی کە تووشبووانی نەخۆشی زمانگیریی لە نەخۆشەکانی دی جودا دەکاتەوە، ئەوەیە کە تووشبووانی ئەم حاڵەتە بە تەواوەتی و یەکجارەکی توانای دەربڕینی زمانەوانیان لەلا ناسڕێتەوە، بەڵکو شپرزەییەک لە ئەداکردنی ئەرکە سروشتییەکانیان لەلای نەخۆش دروست

---

[1]- حنفي بن عيسى(د)(١٩٨٠)، محاضرات في علم النفس اللغوي، الشركة الوطنية للنشر و التوزيع، الجزائر، ص ٣٠٢.

نەکـات و لار و لەوێـریەک لە بەکارهێنانیـان بـۆ زمـانەکە پەیـدا دەکـات، ئەمەش دەبێـتە هـۆی شـڵەژان و تێکچـوونی هەمـــاهەنگی نـــاوخۆیی و شـــپرزەیی لە ئەداکردنــــی زمانەوانیدا[1].

لەبەر ئەوە زۆر لە پزیشـــکان بـــۆ چارەســـەرکردنی تووشـبووانی زمـانگیری پەنـا دەبەنە بەر دۆزیـنەوەی ئەو توانـا زمانەوانییـانەی کە هێشـتا لەلای توشـبوو مـاوە، بـۆ ئەوەی گەشەیان پێبدرێت و وەکو پێویست پێشبخرێن.

لێـــــرەدا هەنـــــدێک تـــــوێژینەوە هەن کە خەوش و نەنگییەکانی درکاندنی تیادا باسکراوە، کە لە کەموکوورِی زگماکی بچووکەوە سەرچاوەیان گرتووە، یان لە نەبوونی ژینگەیەکـی گونجـاو بـۆ فێربـوونی زمـان یـان لە فـاکتەری دەروونیـیەوە پەیـدابوونە، جـا گرنگتـرین ئەم تـوێژینەوانە ئەوانەن کە پەیوەنـدیان بە جۆرەکـانی (تەتەڵـەکردن - فسـەزمانی) وەک درکانـدنی پیتـی (ر) بە (ل) یـان بـە (ی) یان بە (غ)،......هتد.

لێــرەدا تــوێژینەوەی دیــکەش هەن کە پەیوەســتن بە خەوشـــەکانی ئاخـــاوتن و هۆکارەکانیـــان بـــۆ فـــاکتەری

---

١- نایف خرما(د)(١٩٧٨)، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، عالم المعرفة، الكويت، ص ٢٥ ـ ٢٦.

دەروونــی دەگەڕێــتەوە نەک جەســتەیی، گرنگتــرین ئەم تـــوێژینەوانە ئەوانەن کە گرنگـــی بە دۆزیـــنەوەی ئەو پەیوەنـــدییە دەدەن کە لەنێـــوان زمـــان و توشـــبووانی نەخۆشـــییەکانی (شـــێتی) و (شـــیزۆفرینیای دەروونـــی)دا بەدی دەکرێــت، لەم تــوێژینەوانەدا دەرکەوت کە (شــێتی) جیـاوازیی لەگـەڵ (دواکەوتـوویی عەقڵـی) هەیە، بەوەی کە هەنـدێک زانیـاری و پاشـماوەی زمـانەوانی لەلا دەمێنێـت، بـۆیە کـۆمەڵە وشـە و پاداشـت و کـارامەیی و لێهـاتوویەکی زمـــانەوانی هەر لەلا دەمێنێـــت. بێگومـــان ئەنجامـــدانی تـوێژینەوە دەربـارەی ئەم پاشـماوانە و شـیکردنەوەیـان گرنگییەکـــی لە ڕادەبەدەری هەیە بـــۆ دەستنیشـــانکردنی نەخۆشییەکە، هەرچی تووشبووی نەخۆشـی شـیزۆفرینیایە، ئەوە تێبینـی کـراوە کە هەمیشـە لە هەوڵدانـدایە بـۆ ئەوەی زمـانێکی تـازە دروسـت بکـات، کە جـاری وا هەیە پشـت بە لابـردن و هەنـدێک جـاریش بە داهێنـان دەبەسـتێت، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆرجـاران یاسـاکانی ڕێزمـان فەرامـۆش دەکـات و شـێوازێکی کـورت و دوور لە مانـا ڕاسـتەقینەکە بەکاردەهێنێـــــت و وشـــــەکانیش لە تەک یەکـــــدییەوە بەشـێوەیەکی هەرەمەکـی ڕیـز دەکـات و ڕەچـاوی پـێگەی

وشـــەکان لـــەڕووی پاشخســـتن و پێشخســـتندا ناکـــات، و زۆرجاریش وەسفەکان بەبێ پاساو دەهێنێتەوە.. هتد[1].

بە گشـــتی دەکـــرێ زانســـتە زمانییەکـــان هاریکـــاربن لە چارەســـەرکردنی نەخۆشـــییەکانی ئاخـــاوتن، ئەویـــش بە پێشکەشکردنی پلانی تیۆری یان شێوازی لێکۆڵینەوە یان دابینکردنـــی مـــاددەیەکی وەســـفئامێز دەربـــارەی زمـــان، هەروەهـــا دەکـــرێ چەنـــد زانیـــارییەک دەربـــارەی ئەو پەیوەنـــدییانەی کە لەنێـــوان درکانـــدن و نووســـین و هەمەجۆربـــوونی زمانەوانیـــدا هەیە، پێشـــکەش بکـــات، هەروەهـــا بـــۆی هەیە دەنگەکـــانی ئاخـــاوتن و پەیوەنـــدییە ڕێزمـانی و واتاسـازییەکان بخـاتەڕوو، جگە لە خـاڵی دیـکە کە هەمـوو ڕوونکـردنەوەی پێویسـت دەربـارەی چـۆنێتی کارکردنی زمـان پێشکەش دەکەن، بێگومـان ئەم زانسـت و زانیاریـــانە هەمـــوو پێویســـتن بـــۆ دەستنیشـــانکردن و چارەســـەرکردن، لەمبـارەیەوە (کریســـتاڵ) دەڵێـت: ((زۆر نەخۆشـی هەن کە بە شـێوازی قسـەکردن و پێشـوازیکردن و تێگەیشـتنی قسـەوە هەیە، لەبەر ئەمە پێویسـتە وێنـایەکی ڕوونمـان بـۆ ئەو بێدەسـەڵاتییە زمانەوانیـانە هەبێـت، کە

[1]- حنفي بن عيسى(د)(١٩٨٠)، محاضرات في علم النفس اللغوي، الشركة الوطنية للنشر و التوزيع، الجزائر، ص ٢٩٥.

لەلای تووشـــبووان هەیە، پـــێش ئەوەی دەســـت بە هەر چارەسەرییەک بکەین، هەروەها پێویستە ڕادەی کاریگەری ئەم مەســـەلەیە لەســـەر ئاکـــاری سروشـــتی قســـە، درک پێبکەین و بزانین ئایا ئەم پەککەوتنە زمانەوانییە یان ئەم شـــپرزەییە لە دەربڕینـــدا پەیوەنـــدی بە دەنگەکـــان یـــان بە فۆنۆلـــۆجی یـــان بە ڕێزمـــانەوە هەیە یـــان پەیوەنـــدی بـــە سروشتی واتاسازی هەیە، یان ئاوێتەیەک لەنێوان هەموو ئەم شتانەیە، چونکە گەر پەیوەندی بە لایەنی ڕێزمانییەوە هەبێ، ئەوا دەبێ بزانین کاریگەری بە چ لایەنێکی ڕێزمانی کردووە و تا چ ڕادەیەکیش لەژێر ئەو کاریگەریەیە، جا بۆ ئەوەی وەڵامـــی ئەم پرســـیارانە بـــدەینەوە، دەبـــێ دوو کـــار ئەنجام بدەین:

یەکەم: دەبێ نەریتەکانی وشە پۆلێن بکەین.

دووەم: پێویســـتە پەیوەنـــدییەک لەنێـــوان ئەم حـــاڵەتە و ئاستی ئاکاری ئاسایی لە قسەکردندا بونیاد بنێین، ئەمەش مەسەلەیەکە باسکردنی سانایە، بەڵام زۆر زەحمەتە ئەنجام بدرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا هیچ پێوەرگەلێکی زمانەوانی بۆ پێوانەکردنی ئاکاری ئاسایی لەبەردەستماندا نییە، بۆیە پسپۆران بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم حاڵەتانە پشت بە ئەزموونەکانی خۆیان دەبەستن، کە ئەمەش بێگومان وا

دەگەیەنێت پزیشکەکان لە چارەسەرکردنی تووشبووانی ئەم نەخۆشییە، تەنها گرفتە گەورەکانی دەربڕین و ئاخاوتن چارەسەر دەکەن، کەچی ئەو لادان و نەخۆشییە گەورانەی دیکە، کە کەمتر دەردەکەون، لەلایەن ئەو پزیشکانەوە فەرامۆش دەکرێن[1].

### ٣. فێربوونی زمانە بیانییەکان

لە سەرتاکانی ئەم سەدەیەدا گرنگییەکی گەورە درا بە فێربوونی زمانە بیانییەکان، ئەویش لەبەر ئەو پێشڤەچوونە مەزنەی کە لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لەنێوان وڵاتان و گەلاندا سەری هەڵدا، جا لەبەر ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابوورییە بۆ هەموو وڵاتان چ بچووک و چ گەورە، کاریگەرییەکی بێ وێنە لە ئایندەی زمان و بزاوتەکەی دەستەبەربوو، بگرە (کریستاڵ) ئاماژە بە فاکتەرێکی تازەش دەکات، کە گرنگی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە فێرکردنی زمانە بیانییەکان لەم سەردەمەدا بۆتە پیشەسازییەکی سەرەکی لە زۆر وڵاتاندا، چونکە

[1]- كريستال(١٩٧٤)، التعريف بعلم اللغة، ترجمة: د.حلمي خليل، الهيئة العامة للكتاب الأسكندرية، ص ١٨٢.

ژمـــارەیەکی یەکجـــار زۆر لە خەڵکـــی بـــۆ دەرەوەی وڵات گەشت دەکەن، جا ئیتر بۆ کارکردن بێت یان بۆ گەڕان و گەشـتوگوزار بێـت، ئەوانە بێگومـان پێویسـتە زمـانی ئەو وڵاتانە فێربن، کە گەشتیان بۆ دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو وڵاتـانە چەنـدەها پەیمـانگە و فێرگەیـان بـۆ ئەم مەرامە دامەزرانـد و چەنـدەها پرۆگرامیـان بـۆ فێربـوون دارِشـت، ئیـدی ئامراِزەکـان پێشـڤەچوونیان بەخۆیـانەوە بینـی، کە هەموو بۆ ئاسانکردنی پرۆسەکانی فێرکردنی زمانی بیانی بوون، ئەویش بە باشترین شێوە و لە کورتترین کاتدا[١].

**پەیوەندی زمانەوانی بە فێرکردنی زمانەکانەوە**

لێـرەدا چەنـد تێبینییەکـی زۆر گرنـگ هەن، کە پێویسـتە پێش باسکردنی ئەم پەیوەندییە بیانخەینەڕوو:

یەکەم: زمانـــەوانی چەنـــد ئامـــانجێکی جیـــاوازی لە ئامانجەکـانی فێرکردنـی زمـان هەیە، زمانـەوانی بە چەنـد شـێوەیەک هەڵدەسـتێت بە تـوێژینەوەی توانـای زمـانەوانی تاک، هەروەها هەڵدەستێت بە پێشـڤەبردنی چەند تیۆرێک، کە شـــرۆڤە بە ئاکـــاری زمـــانەوانی دەدەن و باشـــتر ئامادەسازی بۆ ئامراِزەکانی وەسفکردنی زمان دەکەن، بە

---

1 - Crystal, Lingustics,penguin, Books, p.p 19. 20.

شێوەیەک کە وەسفی زمانەوانی بۆ فێرخوازان وردتر و گشتگیرتر بێت، ئەم کاروبارانەش هیچ کامیان پەیوەندیان بەوەوە نییە، کە بە دوای پلانی باشتر و نایابتری ئامڕازەکانی فێربوونی زمانەکاندا بگەڕێین.

دووەم: فێرکردنی زمان کارێکی پەروەردەییە و پەیوەستە بە چەندەها زانستەوە، کە هاریکاری پرۆسەکە دەبێت، جا زمانەوانی تاکە سەرچاوەیەک نییە کە ماددەی زمانەوانی زانستی و سەلماندنەکان و شێوازەکان بە پرۆسەی فێرکاری ببەخشێت، بۆ نموونە ئەو شتەی کە لە زمانەوانیدا دەزانرێت، لەوانەیە لە دەروونناسیدا خراپ بێت...... هتد. لەبەر ئەوە ئەو ڕایەی کە ئەم کێشەیە لەکاتی بڕیار وەرگرتندا، بۆ چەند پرسێکی پەیوەست بە فێرکردنی زمانەوە یەکلادەکاتەوە، ئەو ڕایەیە کە مامۆستا لەسەریێتی، چونکە پێویستە مامۆستا هەموو سەلماندنەکان بەهەند وەربگرێت، لێرەشدا چەندەها ڕێگا و شێواز و ئامڕازی فێرکردنی گرنگ لەبەردەستدان، وەک ئەوەی کە بە تەکنیکی وانەبێژی ناسراوە، کە زمان تیایدا زۆر ڕۆڵ ناگێڕێت.

سێیەم: نابێ کاریگەرییەکانی زمانەوانی لە فێرکردنی زمانەکاندا وا وەربگیرێت، کە ئیدی ڕەوشەکە پێویستە وا

بـڕوات و دەرەنجامەکـان بە تەواوەتـی دەسـەبەر بـوونە، چـــونکە لەوانەیە دەرەنجامەکــان بەتەواوەتــی دەســتەبەربووبن، لەبەرئــەوەی لەوانەیە پــاش پرۆســەی پراکتیزەکردن ئەوەمـان بـۆ ڕوون بێتەوە، کە بەکارهێنـانی هەندێک تیۆر یان پلانی زمانەوانی لە فێرکردنی زمانەکاندا، بــۆ خــودی زمانــەوانی زەرەری هەبێــت، ئەو جیــاوازییە یەکلاکەرەوانەی کە هەندێک قوتابخانەی زمانەوانی لەنێوان فۆرم و واتادا دایاننا، بەتایبەتی لە دواییدا ـ بلۆمفیلد داینا ـ بووە هۆکاری پەراوێزخستنی لایەنی (واتـا) لە پرۆسـەکانی فێرکردندا، لەم سالانەی دواییشدا کاردانەوەی زۆر توند لە خـودی زمانەوانیـدا هەمـبەر ئەم ئاراسـتەیە سـەری هەڵـدا، ئەوەبـوو هەوادارانــی یاســاکانی بەرهەمهێنــان ئاشــکرایان کـــرد، کە ئەم لایەنە زۆر گرنــگ و پێویســـتە، هەر لەبەر ئەوەش وەکو (دیلکنز) دەڵێت: پێویستە جارێکی دی چاو بەو پەیوەنــدیانە بخشــێنینەوە، کە لەنێــوان زمانــەوانی و پرۆسەی فێرکردنی زماندا هەیە[1].

چـــوارەم: ڕوون و ئاشـــکرایە کە زانـــای زمانـــەوانی کـارەکی تیـۆرێکی زمـانەوانی بەکاردەهێنێت یـان پشـت بە

[1]-D.A.Wilkins, Linguistics in Language Teaching, Elbs edition, p.p. 216 – 217.

وەسفێکی تایبەت بۆ زمانەکە دەبەستێت، جا گەر هاتوو زانا کارەکییەکان بۆ نموونە تیۆرێکی بەکارهێنا، ئەوا بەڕێوەچوونی کارەکەی دەوەستێتە سەر جۆری ئەو تیۆرەی کە بەکاریدەهێنێت، گەر هاتوو تیۆرەکە پشتی بە چەند یەکەیەکی واتاسازی بەست، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەرەنجامەکان جیاواز دەبن لەگەڵ ئەو حاڵەتەی کە تیۆرەکە خودی ئەو یەکانە پەراوێز بخات.

هەروەها (ماکی) ئاماژە بە بوونی ژمارەیەکی زۆری ڕێگا و شێواز دەکات، کە بەگوێرەیان تیۆرەکان لەگەڵ یەکدیدا دەگۆڕێن، و ئاماژە بە ژمارەیەکی زۆری تیۆرە زمانەوانییەکان دەکات کە هەندێکیان لەوانەیە تیۆرگەلێکی ئەوتۆبن، دژ بە یەکدی بن، جا هەندێک لەم تیۆرانە چەند قوتابخانەیەکی زمانەوانی ڕایانگەیاند، وەکو قوتابخانەکەی (سۆسێر) یان قوتابخانەی (پراگ) یان قوتابخانەی (بلۆمفیلد) یان قوتابخانەی (فێرس).......هتد. کاتێکیش ئەم ژمارە زۆرەی تیۆرەکان دەخوێنینەوە، کە قوتابخانە جۆراوجۆرەکان یان تاکەکان دایانڕشتوون، تێبینی ئەوە دەکەین تەنها ژمارەیەکی کەمیان لە بواری پراکتیکیدا بەکارهێنراون. هەروەها ئەو تیۆرانەی کە بەشێوەیەکی کردەیی بەکارهێنراون، مانای ئەوە نییە کە بە کەڵکی

پراکتیزەکردن دێن، لەلایەکی دیکەشەوە با بڕیاری ئەوە بدەین کە هەر تیۆری زمانەوانی کە تا هەنووکە لە بواری فێرکردنی زمانەوانی پراکتیزە نەکراوە، مانای ئەوە نییە کە بە کەڵکی بەکارهێنان نایەت.

جا کارە وەسفییەکان لە خودی خۆیاندا جیاوازن چ لە مەرام و مەبەستەکانیان و چ لە مەودا و ڕەهەندەکانیانەوە و چ لە شێوازی پێشکەشکردنیان، هەندێک لەم کارانە لە ئامانجی ئەوەدان کە ببنە سەنتەرێک و هەندێکی دیکەشیان خوازیاری ئەوەن گشتگیربن، هەندێکیان بە شێوازی شیکاریی و هەندێکی دیکەش بە شێوازی پێکهێنان توێژینەوە دەربارەیان ئەنجام دەدەن، هەندێکی تریان دانراون وەک بلێی زمانە وەسفکراوەکە بۆ زمانەوانەکە ناسراو نییە، هەندێکی دیکەیان بەو مەبەستە دانراون کە بۆ خوێنەر ناسراون، هەندێکیشیان لە دوو ئاستدا پێشکەش دەکرێن (ڕێزمان) و (فۆنۆلۆجی)، هەندێکی دیکەش هەن کە لە ئاستی زیاتر پێشکەش دەکرێن کە دەگەنە (١٤) ئاست، هەرچەندە ئەو کارە وەسفییانەی کە لە سێ ئاست پشتیان پێدەبەستریت لە هەموو زیاتر بڵاوبوونەتەوە، هەندێک کار هەن کە پشت بە زمانی درکاو دەبەستن و هەندێکیان هەموو ئەو ناوچانە دەگرنەوە کە

زمانیـان تێیـدا بەکاردەهێنرێت، هەنـدێکی دیـکە تەنهـا یەک شار یان نـاوچەیەک دەگرنەوە، هەنـدێکیان لەسـەر بنەمـای یەک کەسی و لە ماوەیەکی کـاتی زۆر کورتدا نووسـراون، هەنـــدێکی تـــریش لەســـەر بنەمـــای ژمـــارەیەکی زۆری نووسەران لە چەند سەدەیەکدا نووسراون.

بەمشـــێوەیە وەکـــو (مـــاکی) بڕیـــاردەدات، کە گرفتـــی مامۆسـتای زمـان لەوەدا نیـیە کە زمانـەوانی بەکاربهێنێـت یـاخود بەکارنەهێنێـت، بەڵکـو پرسـەکە لەوەدا بەرجەسـتە دەبێـت، کە ئایـا چ شـتێک لە تیۆرەکـانی خـۆی یـان کـارە وەسفییەکان بەکاربهێنێت[1].

پـاش هەمـوو ئەم تێبینییە سـەرەکیانە دەگەڕێینەوە بـۆ بـــابەتی پەیوەنـــدی زمانـــەوانی بە پرۆســـەی فێرکردنـــی زمانەوە.

(کریســـــتاڵ) لەمیـــــانەی دەستنیشـــــانکردنی ئەم پەیوەنـدیەوە دەڵێـت: پەیوەنـدی زمانـەوانی بەم مەیـدانەوە لەوە ڕوونتـرە کە بەڵـگەی بـۆ بێنیـنەوە، چـونکە پێویسـتە مەسـەلەیەکی ئاسـایی بێـت، کە مـرۆڤ ناتوانێـت زمانێـک فێـری خەڵکـی بکـات، کە خـۆی هیچـی لـێ نەزانێـت، (کریسـتاڵ) لە ڕوونکـردنەوەی ئەم پەیوەنـدیەوە دەڵێـت:

---

1 - Macey, Applied lingusitice, p. 248.

ڕاهێنـانی شـیاو لەم پـێگەیەدا مانـای وایە مـرۆڤ پێویسـتە ڕاسـتەییینەکان دەربـارەی زمانێـک لە زمانەکـان بزانێـت، ئەویـش لەمیـانەی پەیوەسـتبوونی هەنـدێکیان بە هەنـدێکی دیـکەوە و لە دووتـوێی تیـۆرێکی زمـانەوانی دیـاریکراودا، ئەمەش مانـای وایە کە پێویسـتە پەیوەنـدی بە تـوێژینەوە هاوچەرخـانەوە هەبێـت، کە بە یەکێـک لەم ڕاسـتەقینانەوە لکـاون، ئەمەش مانـای ئەوەیە کە دەبـێ بتـوانێ ئەم ڕاسـتەقینانە بەگـوێرەی پرۆگرامێکـی دەستنیشـانکراو هەڵبژێرێـت، بەهەمـان شـێوەش وا دەگەیەنـێ کە توانـای بشـکێ بەسـەر سەرنجڕاکێشـانی وانەبێـژ بـۆ ئەو جیاوازییـانەی کە بەشـێوەیەکی کردەیـی دەیانزانێـت و بـۆ ئەو زمانەی کە فێری دەبێت[1].

مەسـەلەش تەنهـا پەیوەسـت نیـیە بە لایەنە مەعریفییەکەوە، بەڵکو زمانەوانی ـ بابەتێکی وەسفئامێزمان پێشـکەش دەکـات، کە دەکـرێ لە پرۆسـەکانی خوێندنـدا بەکاربهێنرێـت، (د. محـەمـەد عـەلی خـوولی) دەڵێـت: فۆنەتیکی درکاندن وەسفێکی باشمان دەداتێ بۆ (سـازگەی ئەو دەنگـانەی زمـان کە مەبەسـتمانە بـۆ ئەو زمـانەی کە

١- کریستال(١٩٧٤)، التعریف بعلم اللغة، ترجمة: د.حلمي خلیل، الهیئة العامة للکتاب الأسکندریة، ص١٧٤ ـ ١٧٥.

خوازیاری فێربوونین، وەک زمانێکی بیانی، هەروەها ئەم زانستە وەسفێکمان پێشکەش دەکات دەربارەی سازگەی دەنگەکانی زمانی دایک، بەمشێوەیە شوێنەکانی وێکچوون و جیاوازی لەنێوان سیستەمی دەنگی زمانی جێ مەبەست و هاوەڵەکەی لە زمانی دایک دەزانین و تێدەگەین...، جا لەهەردوو زانستکانی وشەسازی) و ڕستەسازی مەسەلەکە هەر بەم شێوەیە[1].

هەروەها (ماکی) پێیوایە کە ئەم قسانە هەموو پشت بە بنەمایەکی پتەو نابەستن، لێرەدا چەندەها مامۆستای ناسراو هەن کە ئاگایان لە زمانەوانی نییە، لەوانەشە زۆر ڕوون و ئاشکرابێت کە میتۆدەکانی زانایەکی زمان وەکو مامۆستا مەرج نییە لێهاتووییەکەی زیاتر بێت، هەڵوێستی ئێستای زمانەوانی کارەکیش لە مەیدانی فێرکردنی زماندا کە هەڵوێستێکی باش نییە. بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێک زمانەوان دەبێ بواری تازەی پراکتیزەکردن بدۆزنەوە زیاتر لەوەی کە گرنگی بە چارەسەرکردنی گرفتگەلێک بدەن، کە بە فێرکردنی زمانەوە پەیوەستە، هەندێک لە دەرەنجامە هەڵەکانیش بۆ ئارەزووی هەندێک لە زمانزانان

---

[1]- محمد علي الخولي(د)(١٩٨٢)، أساليب تدريس اللغة العربية، الرياض، ص ١٨ ـ ١٩.

دەگەڕێتەوە، ئەویش لە بواری پیادەکردنی میتۆدیی فۆرمئامێزی وەسفی دەستنیشانکراو لە فێرکردنی زمان بەبێ زانینی ئەوەی کە ئایا بۆ پراکتیزەکردن دەست دەدات یاخود نا، تەنانەت لە مەیدانی شیکردنەوەی زمانەوانیشدا[1].

لەم لاپەڕانەی پێشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە توێژەران یەکڕانین لەسەر سروشتی ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان زمانەوانی و پرۆسەکانی فێرکردنی زماندا هەیە، وا پێدەچێ کە زۆر بەسوود بێت ئێستا بازبدەین لەسەر ئەم خاڵە و بەدوای گۆڕەپانی دی یان بواری دیکەدا بگەڕێین، کە تیشک بخەنەسەر ئەو خزمەتانەی کە زمانەوانی پێشکەشمانی دەکات.

**أ. شیکردنەوەی بەرانبەریی:**

بێگومان ئەو کەسانەی کە زمانەکان فێری خەڵکی دەکەن، تا ڕاددەیەک شارەزاییان هەیە دەربارەی لایەنەکانی وێکچوون و جیاوازی نێوان زمانی بنەڕەتی فێرخوازان (زمانی دایک) و ئەو زمانە بێگانەیەی کە خوازیاری فێربوونین، جگە لەمەش ئەو فێرخوازانە هەست بەو کاریگەرییە فراوانە دەکەن کە زمانی یەکەم بەسەر

[1] - Mackey, Applied linguistics, p. 250.

زمـانی دووەمەوە هەیەتـی، هەروەهـا ئـامرازی ئەوتۆشـیان هەیە کە بەهۆیانەوە سوود لەو کاریگەرییە وەردەگرن، جا چ بەشـێوەیەکی پۆزەتیڤـانە یـاخود نێگەتیڤـانە بێـت، بەڵام هەموو ئەم مەسـەلانە لە مامۆستایەکەوە بۆ مامۆستایەکی دی دەگۆڕێت، ئەوەی کە تازەیە و دەبێ بیلێین لەم بوارەدا کە پێویســـتە بـــابەتەکە بە شـــێوازێکی زانســـتیانە لێـــی بۆکڵدرێتەوە و پێویستە کۆشش بخرێتەگەڕ بۆ بەکارهێنانی ئەم ڕووداوانە بەشـێوازێکی ڕێکوپێـک، ئەم پرۆسـەیەش بە گشتی پێی دەوترێت (شیکردنەوەی بەرانبەریی).

ئەم کـــارە زانســـتییە ڕێکخـــراوە لە پەرتـــووکی (Linguistic across culture)دا هـاتووە، کە (رۆبـەرت لادۆ) ســـاڵی (١٩٥٧) نووســـیویەتی، لەم پەرتـــووکەدا نووســـەر نمـــوونەگەلێکی زۆری لەو هەڵە زمانەوانیـــانە هێنـاوەتەوە، کە لە دەرەنجـامی کـاریگەری زمـانی یەکەم بەســـەر زمـــانی دووەمـــدا ســـەرهەڵدەدەن، گرنگـــی ئەم شـیکردنەوە بەرانبەرییـە لەوەدا بەرجەسـتە دەبێت، کە ئەو هەڵە و سەختیانەی لە کاتی فێربوونی زمانێکی بیانیدا دێنە ڕێمـان، بێگومـان لە زمـانەکەی یەکەمەوە سـەرچاوەیان گرتـووە، هەڵەکـان زیـاتر لە نەگونجانـدنی پێکهاتەکانـەوە پەیـدا دەبـن، واتە گەر پێکهاتـەی زمـانە بیـانییەکە لەگـەڵ

پێکهاتـەی زمـانی دایـک جیـاوازیی هەبێت، ئەوا سـەختی و دژواری فێربوون و هەڵەکان سەرهەڵدەدەن، بـۆ فێربـوونی زمـانێکی بیـانی زۆر گـرنگە کە ئەم سـەختی و دژواریـانە چارەسەر بکەین و زاڵبین بەسـەریاندا، خۆ ئەگەر هەردوو زمانی دایک و زمـانە بیـانییەکە لە بونیـاددا وەکو یەک بـن، ئەوا پێشـــبینی نـــاکەین کە کێشـــە دروســـت ببێـــت، لەم حاڵەتەشدا فێربوون زۆر پێویست نابێت، جا بـۆ ئەوەی کە لەم ڕووداوانە سوود وەربگرین، ئەوا پێویستە پرۆسـەکانی فێرکردن بەرەو توخمەکانی جیـاوازی لە بونیـادی هەردوو زمانەکەدا ئاراستە بکەن، بە گشتی هەرچەند جیاوازییەکـان زیاتر بن، ئەوا سەختی و دژوارییەکانیش زیاتر دەبن، بەم پێیە ئەو سەختیانەی کە فێرخـوازانی زمـانی ئینگلیـزی ـ بـۆ نموونە ـ بەرەنگاری دەبنەوە، جیاوازییان دەبێ لەگـەڵ ئەو زمـانە یەکەمەی کە بەکـاری دەهێـنن، لەبەر ئەوە پێویسـتە شـــێوازی فێرکـــردن بە زمـــانی یەکەم لە زمـــانێکەوە تـــا زمـانێکی دیـکە بگۆڕێـت، جـا گەر پرۆسـەی شـیکردنەوەی بەرانبـەریی لەنێـوان زمـانی یەکەم و دووەمـدا ئەنجـام درا، ئەوا جیاوازییەکانی نێوان هەردوو زمـانەکە ئاشـکرا دەبـن، ئەگەری ئەوەش سەرهەڵدەدات کە پێشوەخت پێشـبینی ئەو سـەختی و دژواریـانە بـکەن، کە بەرەنگـاری فێرخـوازان

دەبنەوە، ئەمەش بە دەوری خۆی ئەو شتانە دەستنیشان دەکات، کە پێویستە فێرخوازی زمانی بیانی فێری ببێت و مامۆستاش دەبێ فێری بکات، بەمشێوەیە ئەوەمان لا ڕوون دەبێتەوە، کە دەرەنجامەکانی شیکردنەوەی بەرانبەریی توخمەکانی فێرکردنی زمان و وشەکان و تاقیکردنەوەکان و شێوازی توێژینەوەیان دادەڕێژن، لەبەر ئەوە پێویستە پەرتووکی هەمەجۆر بۆ هەر گرووپێک ئامادە بکرێت، کە خوازیاری فێربوونی زمانن. بە کورتی: ئەرکی پرۆسەی (شیکردنەوەی بەرانبەریی) پێشبینی کردنی ئەو هەڵانەیە کە ئەگەری سەرهەڵدانیان هەیە لەلای گروپێکی دیاریکراو، کە زمانێکی دیاریکراو فێردەبن، لەبەر ئەوە پرۆگرامەکانی فێرکردن ئەو بابەتە زمانەوانیانە لەخۆ دەگرت، کە بۆ فێرخوازی پێویستن[1].

پرۆسەی گواستنەوە و کاریگەری فێرخواز بە بونیادی زمانە بنەڕەتییەکەی لە کاتی فێربوونی زمانێکی بیانی، لەلای دەروونناسان بنەمایەکە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو شێوازەی کە فێرخواز پێی کاریگەر دەبێت، لەکاتی فێربوونی زانستی ئێستا بە زانستێکی پێشوو، کاتێک کە

1-D.A.Wilkins, Linguistics in Language Teaching,Elbs edition, p.p 179 – 198.

کائینێکی زیندوو کارێکی فێرخوازی نویٚ دێتە پێشی، ئەوا ئەو زانیاری و زانینانە بەکاردەهێنێت، کە پێشوەخت لە پرۆسەی فێرکردندا هەیبووە، ئەویش وەک ئاسانکارییەک لە تێکڕای پرۆسەکەدا، جا کاتێک کە زمانێکی بیانی فێردەبین هەوڵدەدەین لە زمانی یەکەممانەوە کۆمەڵە ئاسانکارییەک فێربین بۆ پرۆسەی فێرخوازییەکە، لەوانەشە گواستنەوە پاساوی خۆی هەبێت کاتێک کە بونیادی هەردوو زمانەکە وەکو یەک بن، لەم حاڵەتەشدا هەردوو تۆخمی (گواستنەوەی ئەرێنی) و (ئاسان)مان بۆ دەستەبەر دەبێت، لەوانەشە لە حاڵەتی جیاوازبوونی هەردوو بونیادی زمانەکە، هیچ پاساوێک لە ئارادا نەبێت، لەم حاڵەتەدا (گواستنەوەی نەرێنی) یان (لەمپەر - ئاستەنگ) یان (تێکەڵکێش)مان بۆ دەستەبەر دەبێت[1].

کەچی ئەو شیکردنەوە بەرانبەرییەی کە (لادۆ) پێشوەخت دیاریکردووە، بەرەنگاری ڕەخنە و هەموارکردن بووەتەوە، لێرەشدا بە کورتی هەندێک لەو تێبینیانە دەخەینەڕوو، کە زمانەوانان دەربارەی شیکردنەوەکەی (لادۆ) وتوویانە:

[1]-D.A.Wilkins, Linguistics in Language Teaching,Elbs edition, p. 199.

یەکەم: هەندێک زمانەوان بڕیاری ئەوە دەدەن کە ئەو هەڵانەی زمانەوان پێشبینی دەکات، لەوانەیە تێکڕا بۆ زمانی دایک نەگەڕێنەوە، بۆ نموونە ئەو ڕووسییەی کە زمانی ئینگلیزی فێر دەبێت، لە بەکارهێنانی (نیشانەی ناسراوی) و (نیشانەی نەناسراوی)دا هەڵە بکات، کەچی لە زمانەکەیدا ئامرازی هاوشێوەی ئەم دوو ئامرازە بوونیان نییە، لێرەدا ئەو هەڵەیەی پێشبینی دەکرێت کە ڕووسییەکە ئەنجامی بدات، فەرامۆشکردنی ئامرازەکەیە، کەچی بەکارنەهێنانی ئەم ئامرازە کێشەکان لای ڕووسە فێرخوازەکە چارەسەر ناکات، چونکە پێویستە لەم حاڵەتەدا خودی ئامرازەکە بەپێی ڕێزمانی ئینگلیزی بەکاربهێنێت، بەمجۆرە دەکەوێتە چەند هەڵەیەکەوە کە لەبنەڕەتدا بۆ نەزانینی ئەم ڕێزمانە دەگەڕێتەوە.

(ماکی) پێیوایە ئەو ڕایەی کە دەڵێ هەڵەکانی فێرخواز بۆ بونیادی زمانە بنەڕەتییەکە دەگەڕێتەوە، بۆچوونێکی پووچەڵە، بۆ ئەمەش چەند هۆکارێک دەخاتەڕوو، کە شرۆڤەی هەندێکی ئەم هەڵانە دەکەن، بۆ نموونە فێرخواز لەوانەیە بازنەی نموونە زمانەوانییەکە فراوانتر بکات، تاکو حاڵەتی ئەوتۆ بگرێتەوە، کە لەگەڵیدا پڕ بە پێست نابێت، بۆ

نمـوونه دەڵێـت: (I Said him so) کە لەسـەر ئەم گوزارشە دەپێوریێت (I told him so)[1].

دووەم: (ویلکـنس) ڕەخـنە لە چەمکـی پێشـبینیکردن دەگرێـت، کە لە بـواری شـیکردنەوەی بەرانبـەریی بەکاردەهێنرێت، پێشـی وایە کە سادەکاریەکی هەڵە ئامێزە گەر بوترێت: شتە جوداکان ـ چەمکە نەیارەکان دەبنە هۆی دروستبوونی هەڵە، کەچی چەمکە وێکچووەکان هەڵەیان لێناکەوێتەوە، مایەی بەدبەختیە ئەم حاڵەتە وا دەگەیەنێت، کە پێشـبینیەکان زۆر سـەخت و دژوارن، چـونکە هـیچ ئامرازێکی سەد دەرسەدمان نییە، کە چۆنیەتی کاردانەوەی فێرخوازەکـان هەمـبەر ئەم فـاکتەرە هەمەجـۆرانە نمایـان بکـات، پێشـبینیکردنیش لەم هەڵوێسـتەدا مانـای ئەوەیە کە پێشـوەخت لەکـاتی بەرامبەرکـردنەوەی بونیـادی هەردوو زمانەکە، هەڵسەنگاندنەکە ڕوودەدات، ئەویش بەبێ گەڕانەوە بۆ بەڵگەکانی ئاکاری کردەیی فێرخوازەکان، جا بەم مانـایە پێشبینیکردن بە ئاستەنگێکی گەورە دادەنرێت، لە بەرامبەر لێکـۆڵینەوەی ورد و پوخـت، بـۆ نمـوونە ئەو هـاوڵاتییە فەرەنسـییەی کە خوازیـاری فێربـوونی زمـانی ئینگلیـزییە، ڕووبـەڕووی چەنـد ئاسـتەنگێک دەبێـتەوە لە درکانـدنی

---

[1] - Mackey, Applied Linguistics, p. 250.

هەردوو ئەم دەنگەی زمانی ئینگلیزی: (J) و(Q)، چونکە ئەم دەنگانە لە سیستەمی دەنگیی فەرەنسیدا بوونیان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین پێشبینی ئەو هەڵوێستانە بکەین، کە فێرخواز دەیاننوێنێ، ئەویش لەکاتی پێشبینی کردنی ئاکارە زمانەوانییەکەی بەشێوەیەکی کردەیی، چونکە لەوانەیە: (J) ببێتە(d)یان(t)، لەوانەشە (Q) ببێتە(S)یان(Z).[1]

لەبەر ئەوە پێویستە ئەو هەڵە زمانەوانیانە بپشکنین، کە گروپی فێرخوازان تووشیان دەبن، ئەویش بۆ ئەوەی لە دواییدا بڕیار لەسەر ئەوە بدەین، ئایا ئەم هەڵانەی بۆ زمانی دایک یان بۆ زمانە بیانییەکە، کە خوازیاری فێربوونین، دەگەڕێتەوە؟

سێیەم: (ماکی) تێبینی ئەوە دەکات کە زۆربەی زۆری کارە وەسفئامێزەکانی بەردەست تا هەنووکە نامانگەیەننە مەبەست، چونکە کەم و کورتن و ڕواڵەتئامێزن، بگرە گومڕاممان دەکەن لەوەی ئامانجەکان بپێکین، چونکە ئەو کارانە لە باشترین حاڵەتی خۆیاندا پشت بە بەرانبەرکردن دەبەستن، وەکو پرۆسەیەک کە لە نێوان دوو زماندا یەکە

---

1 - D.A.Wilkins, Linguistics in Language Teaching,Elbs edition, p. 201.

بەیەکە و پێکهاتە بە پێکهاتە ئەنجام دەدرێت، هەروەها زۆربەی زۆری ئەو کارە نوقسانانە تەنها شێوەی زمانەکان چارەسەر دەکەن و باس لەو جیاوازیانە ناکەن، کە لە بەکارهێنانی پێگە ئامێزدا دەخرێنەڕوو، هەرچەندە ئەوە زانراوە کە فێرخواز پێویستە شتێک دەربارەی هەڵوێستێکی دیاریکراو لە زمانە بنەڕەتییەکەی خۆیدا بڵێت، کەچی لەو زمانەی کە فێری دەبێت، وا پێویست دەکات لەسەری کە شتێکی زۆر جودا بڵێت، جا لەبەر ئەوەی هیچ کاری وەسفئامێزی بەرانبەرمان بەم شێوەیە نییە، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە، دەرەنجامی باشترمان دەسکەوێت، لە حاڵەتێکدا گەر بێتو ئەو هەڵانە پۆلێن بکەن، کە قسەکەران بەشێوەیەکی کردەیی تێی دەکەون، ئەمەش لە کۆششکردن بۆ پێشبینی کردنی ئەو هەڵانە باشترە، کە پێشوەخت گومان دەبرێت کە قسەکەران تێی بکەن[1].

ئەم دەرەنجامەش هەمان ئەو دەرەنجامەیە، کە (ویلکنس) پێی دەگات، کە پێشنیازی ئەوە دەکات، کە شیکردنەوەکە لەسەر پایەی بەڵگە و نموونە کردەییەکان بوەستێت، بەشێوەیەک لە کاتی پرۆسەی فێرخوازیدا، کۆکردنەوەیان ئاسان بێت، جا ئەو شتەی کە گرنگی

[1] - Mackey, Applied linguistics, p. 251.

شـــيكردنەوەی بەرانبـــەریی لەژێـــر ڕوونـــاكی هەڵوێســـتە وێكچووەكـانی هەردوو زمانـدا ڕوون دەكـاتەوە ـ نەك لەسـەر بنەمـای بەرانبـەركردنی وشـەیی ـ هەروەك (مـاكی) تێبینـی كردبـوو ـ وشـە بە وشـە و پێكهـاتە بە پێكهـاتە ـ ئەوەیە كە مەسـەلەیەكی ئاسـایيە كە هـاوڵاتییەكی ئینگلیزی وتارێـك بـۆ بـرادەرەكەی بنووسـێت و تیایـدا سـڵاو لە هاوسـەری برادەرەكەی بكات: (With my kisses to) ئایـا حاڵمـان چـۆن دەبێـت گەر خوازیـاری ئەوەبـین هاوشـێوەی ئەم گوزارشـتە ئاراستەی هاوڵاتیانی عەرەبی بكەیـن، چـونكە گەر بەشـێوەیەكی وشـەیی ئەم گوزارشـتە وەربگێـڕین و دەڵێـین: (ماچەكـانم ئەنێـرم بـۆ) ئەم گوزارشتەش چێژ و سەلیقەی عەرەب بەهەمـوو شـێوەیەك ڕەتی دەكاتەوە، چونكە عەرەب وا ڕانەهاتووە كە مەرحەبا بنێرێت بۆ ژنی برادەرەكەی و چ جا ماچ نـاردن، كە بەهـیچ شـێوەیەك پەسـەندكراو نیـیە، جـا گەر بە پارێزگارییـەكی زۆرەوە لە قسـەكردنیدا ڕەچـاوی ئاكـاری خـۆی كـرد و بە وتـەی جـوان و ڕێكوپێـك و پەردەپۆشـكراو قسـەی كـرد، ئەگەری ئەوە هەیە، بـۆ نمـوونە بڵێیـت: سـەلامم بـۆ هاوسەری بەڕێزتان و بۆ ئەندامانی خانەوادەكەتـان و لەم جۆرە دەربڕینانە.

چوارەم: وا پێدەچێ کە بای خۆی سوودی هەبێت کە بەراوردێک بکەین لەنێوان ئەو شتانەی کە زمانەوانی تازە پێشکەشمانی دەکات، لەگەڵ ئەو شتانەی کە ڕێزمانی لاساییکەر لە مەیدانی فێرکردنی زماندا پێشکەشمانی دەکات، لەمبارەیەوە (ویلکنس) دەڵێت: کاتێک کە مامۆستا دەڕوانێتە کرۆکی فێرکردن، کە لە وەسفە زمانەوانییەکانەوە بەدەستمان هێناون، ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە ئادگاری زەق و وێکچووی ناوەرۆکە فێرخوازییەکەی لەخۆگرتووە، کە پێشوەخت لە یاسا لاساییکەرەکانەوە وەرگیراوە، پاشان بڕیار دەدات کە زمانەوانی کاریگەری لەسەر ناوەرۆکی فێربوونی زماندا هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر لەو کاریگەریەی کە زمانەوانەکان لەسەر پرۆگرامەکانی فێرکردن هەیانە[1].

هەروەها (ماکی) هەڵوێستی جیاوازی لەوەی پێشوو نییە، چونکە پێی وایە کە یاسا تازەکان لەڕووی زمانەوانییەوە باشترن و لە فێرکردنی زماندا بەکارهێنراون، سوود وەرگرتن لێیان سەخت و دژوارە، بگرە نوقسانن و لەو کارانەی پێش خۆیان باشتر و

[1] - D.A.Wilkins, Linguistics in Language Teaching,Elbs edition, p. 223.

تەواوتر نین، لەبەر ئەوە لەسەر مامۆستای زمان پێویستە کە لەم ئـــان و زەمـــانەدا پرۆگرامـــی زۆری لە بـــواری شـــیکردنەوەی زمـــانەوانی و ئاراســـتەی هەمەجـــۆری زمانـــەوانی وەســـفی بەرەوڕوو دەبێـــتەوە، گرنگـــی بە دەرەنجامەکـــان بـــدات، زۆرجـــاریش وەســـفە بەر ئەزموونخراوەکـــان باشـــترن لە وەســـفە بەر ئەزمـــوون نەخراوەکـان، جـا تـاکو شـیکردنەوەی زمـانەوانی تەواو دەستنیشـانکراو دەستەبەر دەبن، ئەوا فێرکردنـی زمـان لە کاتی وەسفی زمانێکی دیاریکراو ـ پشت بەو یاسا بەسوود و زۆرانە دەبەسـتێت، کە سـەر بە ڕابـوردوون، هەروەهـا یاسا و ڕێزمانی پتەو لەلای مامۆستای زمـان لە ڕێکبوونە زانسـتییەکەی گرنگتـرە، ڕوونبـوونیش لە کـورت و پـوختی گرنگترە، نموونە هێنانەوەش لە پێناسـەکردن بەسوودترە، جا گەر مامۆستای زمان چاوەڕوان بکات تـاکو ڕێزمـان و یاسـای وا دەربکەوێت، کە زیاتر زانسـتی بێت، ئەوا خـۆی لە شوێنی ئەو ئەو کەسانەدا دادەنێت، کە پێست و چەرمـی ئـاژەڵان خـۆش دەکەن، کە لەکـارکردن ڕادەوەسـتێت، تـاکو کیمیاییەکان ڕەچەتەیەکی بۆ دەدۆزنەوە، تاکو بڕیار لەسـەر کـاری داهـاتووی بـدات، جـا گەر ڕەچەتەکەی دۆزرایەوە، ئەوا ئەوســاتە وەخــتە بەشــێوەیەکی کردەیــی پرۆســەی

خۆشــــکردنەکەی باشـــتر بەڕێوەدەچێـــت، بەڵام تـــاکو دەنووســـیت و تـــاقیکردنەوە و باشـــترکردنەکە ئەنجـــام دەدەیـــت، هەتـــا کـــارایی ئیشـــەکە بەگـــوڕتر بێـــت، کە ئەم حـالّەتەش مەعقـولّترە ـ دەبێ بەو شـێوازەی کە باشـترین دەرەنجامی بۆ فەراهەم بێنێت و بەردەوام بێت[1].

پـــاش ئەمە ئیـــدی لە تێبینیەکـــانی پێشـــووەوە بۆمـــان دەرکەوت، ئەو کاروبـــــارە وەســـــفیانەی کە زانایـــــانی وەسفسازی زمان پێشکەشیان کردووە، وەکو پێشبینیمان دەکـرد زۆر بەسـوود نـین، ، بەتـایبەتی لەمەڕ نـاوەرۆکی پرۆسـەی فێرکـردن بە بەراورد لەگـەڵ ئەو کـارە وەسـفییە لاســـایکەرانەی کە لەم چوارچێـــوەیەدا پێشکەشـــکراون، هەروەهـــا شـــیکردنەوەی بەرانبـــەریی بەگـــوێرەی ئەو چەمـــکەی کە (لادۆ) دەستنیشـــانی کـــردووە و لەژێـــر رووونـــاکی ئەو تـــاوتوێکردنەی کە (ولکنـــز) پێشـــنیازی کردووە، گرنکییەکی گەورەی لە مەیدانی فێرکردنـی زمانـدا هەیە، بەو مەرجەی کە مـــاددەیەکی زمـــانەوانی ئەوتـــۆ چارەسـەربکات، کە بەشـێوەیەکی کردەیـی بـوونی هەبێـت، جـــا وا باشـــترە ئەو کەســـانەی بەم کـــارە هەڵـــدەســـتن، شـــارەزاییان لە بـــواری فێرکردنـــدا هەبێـــت، دەشـــبێ ئەوە

---

1 - Mackey, Applied Linguistics, p.252.

بەهەند وەربگیرێت، بوونی زمانی بنەڕەتی بۆ ناو زمانە تازەکە، تاکە ئاستەنگ نییە لە بەردەم پرۆسەکانی فێرکردندا، بەڵکو لێرەدا چەندەها فاکتەری دیکە هەن، کە پێویستە گرنگیان پێ بدرێت، کە لەوانەیە هەندێکیان بۆ بونیادی خودی زمانە فێرکراوەکە بگەڕێتەوە، ئەوەشمان لەیاد نەچێت، کە توێژینەوەی هەڵە زمانەوانییەکان پێویستە گروپ گروپ لێک بدرێنەوە، ئەگینا توێژینەوەکە بێسوود و بێکەڵک دەبێت، ئەویش لە حاڵەتێکدا گەر پرۆسەکە بەرەو ڕووی ئەو هەڵانە بووەوە، کە تاکە فێرخوازەکان تێی دەکەون، یان بەشێوەیەکی ئاسایی و دووبارە تێی دەکەون.

**ب . ڕێگاکانی وتنەوەی زمانە بیانییەکان**

ئەوەمان بینی کە (ماکی) بڕیاری لەسەر ئەوەدا، کە کاری زمانەوان پێویستە دارشتنی پرۆگرامگەلی شیکردنەوەی زمانەوانی بێت و ناشبێ باسی لەو پێشنیازانە بکات، کە شێوازەکانی وانەوتنەوە دادەڕێژن، کەچی توێژەرانی بواری زانستە پەروەردەییەکان، لەوانەیە ئەو پشت بەو ڕاستەقینانە ببەستن کە زانستەکانی زمان دەربارەی شێوازەکانی وانەوتنەوە لەخۆیان دەگرێت یان

لە تاوتوێکردن و گەڵاڵەکردنی شێوازە باوەکان یان لە هەڵسەنگاندنی شێوازێک لە شێوازەکان لە توێیان دەگرێت، ئەم خاڵانەش لەم شتانەی خوارەوە دەردەکەون:

(د.محەمەد عەلی خوولی) دەڵێت: لێرەدا چەند ڕێگایەکی هەمەجۆر هەن، بۆ وتنەوەی زمانە بیانییەکان، کە لەبارەی هەر یەکێکیانەوە مشتومڕ و گفتوگۆی زۆر هەیە، هەر ڕێگایەک و شێوازێکیش هەوادار و پسپۆری تایبەت بە خۆی هەیە، کە خەوش و نوقستانی ڕێگاکانی دیکەیان خستۆتە ڕوو، جا گرنگترین ئەم ڕێگایانە، چوار ڕێگان، کە ئەمانەن: ڕێگەی ڕێزمان و وەرگێڕان، ڕێگەی ڕاستەوخۆ، ڕێگەی بیستنی زارەکی و ڕێگەی بژاردەیی[1] .

جا لێرەدا تەنها بەراوردێک لەنێوان ڕێگەی یەکەم (ڕێزمان و وەرگێڕان) و ڕێگەی دووەم (شێوازی ڕاستەوخۆ) دەکەین، تاکو ئەو بنەما زمانەوانیانەی کە خاوەن شێوازەکەی دووەم هەڵیانگۆزیوە ڕوون بکەینەوە.

((گرنگترین ئادگارەکانی ڕێگەی ڕێزمان و وەرگێڕان یان ڕێگەی لاسایکەر ئەوەیە گرنگی بە تواناکانی خوێندنەوە و نووسین و وەرگێڕان دەدات و گرنگی

---

[1]- محمد علي الخولي(د)(١٩٨٢)، أساليب تدريس اللغة العربية، الرياض، ص ٢١ ـ ٢٢.

پێویســت بە تواناکــانی قســەکردن نــادات، بەڵکــو زمــانی فێرخواز وەک ئامرازێکی سەرەکی فێربوونی زمانی دووەم بەکاردەهێنێت، واتە ئەم شێوازە پرۆسـەی وەرگێڕان وەک شــێوازێکی ســەرەکی وانەوتــنەوە بەکاردێنێــت، هەروەهــا گرنگـــی بە یاســـاکانی ڕێزمـــان و گشـــتاندنەکان دەدات، ئەویــش وەکــو ئامرازێــک بــۆ فێربــوونی زمــانی بیــانی و کــۆنترۆڵکردنی لایەنــی ڕاســت و دروســتیەکەی، زۆرجــاران ئەو مامۆســتایەی ئەم شــێوازە بەکاردەهێنێــت، پەنــا دەبــاتە بەر شـــیکردنەوەی ڕێزمـــانی ئەو ڕســـتانەی خوازیـــاری فێرکردنیەتـــــی و داوا لە قوتابییەکـــــانی دەکـــــات ئەم شیکردنەوەیە ئەنجام بدەن.

هەروەهـا ڕێگـەی ڕاسـتەوخۆ تواناکـانی قسـەکردن پـێش تواناکــانی تــر دەخــات، ئەویــش لەســەر ئەو بنەمــایەی کە زمـان قســەکردنێکی ڕاسـتەوخۆیە، ئەم شـێوازە پرۆسـەی وەرگێـڕان لە فێرکردنـی زمـانی بیانیـدا وەلادەنێـت، بگـرە تەنــانەت جــووتکردنی ڕاســتەوخۆی وشــەکە و مانــاکەی لەگـــــەڵ ڕســـــتەکە و ئەو هەڵوێســـــتەی کە تیایـــــدا بەکاردەهێنرێــت، خــۆی بە دوور دەگرێــت، ئەم شــێوازە زمانی دایک بە هەڵە دادەنێت لە پرۆسەی فێرکردنی زمـانی بیانیدا، لەبەر ئەوە بە شێوازی ڕاستەوخۆ ناوزەد دەکرێت،

ئەم شێوازە یاسا زمانەوانییەکان بەکارناهێنێت، چونکە لە فێربوونی زمانی بیانیدا هیچ سوودێکی نییە[1].

قوتابخانەی وەسفیی بونیادگەریی کاریگەرییەکی ڕوونی بەسەر هەندێک لەو ئادگارانە هەیە، کە شێوازی ڕاستەوخۆ لە شێوازی ڕێزمان و وەرگێڕان جودا دەکەنەوە، بەتایبەتی دەربارەی ئەو شتانەی کە بە پێشخستنی توانای قسەکەر و بەستنی ڕستە و هەڵوێستەکان بەیەکدی، پەیوەندیان هەیە، ئاشکرایە کە زمانی درکێندراو لە توێژینەوەی وەسفیدا بە بنەما هەژمار دەکرێت و نووسینیش بە بەراورد لەگەڵیدا مەسەلەیەکی لاوەکییە، کە لەسەر قەناعەتهێنانی ئەوانە دامەزراوە، کە گرنگی بە فێرکردنی زمان بەمشێوازە دەدەن، ئەو کەسانە بەو ئاراستەیەدا ڕۆیشتن، کە کۆمەڵە دەقێک لە قسەکردن بقۆزنەوە، بۆ ئەوەی قوتابییانی خۆیانی پێ فێربکەن، هەروەها گرنگیان بەم شتانەشدا:

١ـ ڕاهێنانی فێرخوازان لەسەر دیاریکردنی ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوان دەنگە تەنها و هەمەجۆرەکاندا هەیە.

---

[1]- محمد علي الخولي(د)(١٩٨٢)، أساليب تدريس اللغة العربية، الرياض، ص ٢١.

٢ـ گرنگیدان بەو دیاردانەی دەنگ کە زمانی نووسراو ناتوانن ئاماژەی بۆ بکەن، وەکو (هێز) و (ئاواز)، ئەمانەش بێگومان توخمگەلێکن ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە گۆڕینی مانای وشەکان و ڕستەکان.

٣. گرنگیدان بە هەڵبژاردنی ئەو پێکهاتانەی کە لە زمانی قسەکردندا زیاتر باون، وەک لە زمانی نووسیندا، کە بە گشتی پێکهاتەی سادەن و کەمتر ئاڵۆزیان تیادایە، هەروەها گرنگیدان بەو وشانەی کە پەیوەندیان بە ژیانی ڕۆژانەوە هەیە.

لەمبارەیەوە ولکنز دەڵێت ئەو کۆششانەی کە بۆ وەسفی (بە ئاوازکردن) و دانانی ڕێزمان بۆی، دەبنە کۆمەڵە زانیارییەکی تازە بۆ ئەو مامۆستایەی کە بەشێوەیەکی لاساییکەر ڕاهێنراوە، هەروەها توێژینەوەی زمان لە ڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیەوە پێشڤەچوونێکی تازەیە، بەشێوەیەک کە مژدەدەری ئەوەیە لە ئایندەدا زانیارییە وەسفییەکانمان زیاتر و پتر بکات[1].

لە کۆتایدا گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی کە مامۆستایانی بواری فێرکردنی زمانە بیانییەکان لە زانستەکانی زمانەوە

---

[1] - D.A.Wilkins, Linguistics in Language Teaching,Elbs edition, p. 252.

هەڵیانهێنجــاوە، دەخەیــنە بەردەم خــوێنەر: زمانــەوانی کـۆمەڵایەتی و زمانــەوانی ئەنترۆپۆلـۆجی. دامەزرێـنەران، قوتابیـان ڕادەسـپێرن بـۆ ئـەوەی زمـانی بیـانی بە پرسـە نموونەییەکەی، واتە بە زمـانە پێوەرییەکەی فێربن، زمـانی پێوەریش زمانێکە ئەو ڕۆشـنبیرانە بەکاری دێنن، کە سـەر بە هەرێمە بـاوەڕپێکراوەکەن، بۆ ئەوەی هاوڵاتیـانی زمـانە بنەڕەتــیەکە ڕێزیــان لێبگــرن و بیــاننرخێنن، بێگومــان زمانـەوانی کـۆمەڵایەتی یـان زارناسـی دەتوانێت زۆر شـت لەم بوارەدا پێشکەش بکات.

هەروەهـا ئەوانە سـەرنجمان بـۆ گرنگـی شـیکردنەوەی بەرانبەریی ڕۆشنبیرییەکان ڕادەکێشن، لەبەر ئەوە پێویستە جەخت لەسـەر تایبەتمەندییە وێکچووەکانی نێوان ژیـاریی قوتابیان و ژیاریی ئەو زمانە بیانییە بکەینەوە، کە قوتابیـان دەیخوێنن، جیاوازییە ژیارییەکـان دەکرێ لەژێر ڕووناکی ئەو بارودۆخە جوگرافی و مێژووییانەدا شرۆڤە بکرێن، کە بەدیدەهێنن.. بەمشـێوەیە زۆر پێویسـتە مامۆسـتای زمـانی بیانی شارەزای ژیاری قوتابیان و ژیاری ئەو گروپە بێت، کە زمانەکەیـان فێردەکـات، بـۆ ئەوەی ئەو لایەنـە ژیـارییە بیانیـانەی کە لەلای قوتابیـان کـاردانەوە دروسـت دەکەن، ئەم خـۆی لـێ لا بـدات یـان هەر نەبێـت کاڵیـان بکـاتەوە،

بێگومـان زمانـەوانی ئەنترۆپۆلـۆجی دەتوانێـت لەم بـوارەدا زۆر شت پێشکەش بکات[١].

**ج ـ تواناکانی مامۆستای زمان**

(ماکی) دەڵێت کاری مامۆستای زمان ئەوەیە ئەو زمـانە بیـانییە بزانێت، کە ئەوانـی دی فێردەکـات، دەبـێ بشـزانێت کە چـۆن فێریـان دەکـات، و شـتێک دەربـارەی بزانێـت سـەبارەت بەم بەشـەی دوایـش وا پێشـبینی دەکرێـت کە زمانەوانی ڕۆڵێکی بەسوود بگێڕێت[٢].

لەم ڕووەوە (کـۆمەڵەی زمـانی نـوێی ئەمریکـی) کە گەورەترین کۆمەڵەی پیشـەیی پسـپۆڕە لە فێرکردنـی زمـانە بیانییەکـان ـ لیسـتێکی بەو توانـا زمانەوانیـانە دارِشـت، کە پێویستە لەلای مامۆسـتای زمـان دەسـتەبەربێت، بـۆ ئەوەی بتوانێـت کـار و فەرمانەکـانی خـۆی ئەدا بکـات، کە ئەم توانایانە دەگرێتەوە:

---

[١]- على محمد القاسمي(د)(١٩٧٥)، اتجاهات حديثة في تعليم اللغة العربية للناطقين باللغات الاخرى، جامعة الرياض، ص ٨٦ ـ ٨٨.

[2] - Mackey, Applied linguistics, p. 251.

وەرگرتنی زارەکی و قسەکردن و خوێندنەوە و نووسین و شیکردنەوەی زمانەوانی و ژیاریی و ئامادەیی پیشەیی.

لێرەدا ئەوەی گرنگە لامان ئەو توانایانەیە، کە پەیوەندیان بە شیکردنەوەی زمانەوانییەوە هەیە:

**نزمترین ئاست:** زانینی پێکهاتەی دەنگی و ڕێزمانی زمانە بیانییەکە، لەگەڵ ئەو جیاوازییە سەرەکیانەی کە لە نێوانیان و نێوان زمانی قوتابیاندا هەیە.

**باش:** زانینی بنچینەی پێشڤەچوونی مێژوویی زمانە بیانییەکە و شارەزابوونی تایبەتمەندییە هەنووکەییەکان و درککردن بەو جیاوازییانەی کە لەنێوان زمانە مەحەک(پێوەر) و زمانە نووسراوەکەدا هەیە.

**زۆرباش:** توانای پیادەکردنی زانیارییەکانی خۆی لە چوارچێوەی زمانەوانی وەسفی و مێژوویی و بەراوردکاری، هەروەها دەبێ هەمان ئەو توانایەی لە هەڵوێستەکانی فێرکردنی زمانی بیانیدا هەبێت[1].

هەروەها لە بواری شیکردنەوەی زمانەوانیدا (ماکی) بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، کە توانای شیکردنەوەی

---

١- على محمد القاسمي(د)(١٩٧٥)، اتجاهات حديثة في تعليم اللغة العربية للناطقين باللغات الاخرى، جامعة الرياض، ، ص ٩٣.

زمـانێکی دیـاریکراو لەلایەن مامۆسـتای زمـانەوە کـارێکی هەنـدە گرنگـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕاهێنـان وا لەو مامۆسـتایە دەکـــات کە بە وردیەکـــی زۆرتـــر و زیـــاتر توخمەکـــانی وێکچوون و جیاوازیی لەو زمانـانە دەستنیشـان بکـات، کە بەوانە دەیانلێتەوە، ئەو ڕاهێنانە یـارمەتی دەدات بـۆ ئەوەی زیـاتر لە کـارە وەسـفییەکان تێبگـات و هەڵیانسـەنگێنێت و بگـرە لەوانەیە بەکاریشـیان بێنێـت، جـا گەر ڕاهێنـان زۆر جیاکـار نەبێت و تیۆرئـامێز نەبێت، ئەوا لەوانەیە ئاسـتەنگ بخـاتە نێـوانی و نێـوان ئەوەی کە سـەر بە قوتابخـانەیەکی هزری سەربەخۆ بێت. بە هەمان شێوە ڕاهێنان هانیدەدات ئەو ئاسـتەنگە زاراوەییە گەورانە ببڕێت، کە دەبنە لەمـپەر بەرامـــبەر هەر لێکتێگەیشـــتنێکی هـــاوبەش لە بـــواری زمانەوانیدا[1].

وا دیـارە ئێسـتا ئەوە ڕوون بـووەوە، کە ئەو کەسـانەی کاری فێرکردنـی زمانەکـان بەڕێوە دەبەن و زمانـەوانانیش لەگەڵیانـــدا هەمـــوو ڕێککەوتـــوون لەســـەر ئەوەی کە زمانـــەوانی بە هەمـــوو لقەکـــانییەوە بـــۆ ئامـــادەکردنی مامۆسـتای زمـان و بەرزکـردنەوەی ئاسـتی زۆر گـرنگە، هەرچەنـــدە (مـــاکی) جەخـــت لەســـەر لایەنـــی کردەیـــی

---

1 - Mackey, Applied linguistics, p. 253.

ئامادەكارییەكان دەكاتەوە، چونكە لایەنی تیۆری لەوانەیە جێی مەبەست نەبێت و سوودی پێنەگەیەنێت، چونكە ئەم بابەتە ئیشی زمانەوانە و بە كار و پیشەی ئەو هەژمار دەكرێت، پێشوەختیش لە قسەكانی (كریستاڵ) دەربارەی ڕاهێنان و گونجاو بۆ زمانەوانی بەڵگەمان هێنایەوە.

**د . فێركردنی زمانی نەتەوەیی**

زمانەوانی، هەروەک (كریستاڵ) دەڵێت، هێشتا لەم بوارەدا هەنگاوی فراوانی نەناوە، لەوەش دەچێت ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، كە زمانەوانی ڕۆڵێكی كارای لە فێركردنی زمانی نەتەوەیدا هەیە، تا هەنووكە جێی مشتومڕە لەنێوان زمانەوانان و مامۆستایانی فێركردن و مەسەلەكە بە گشتی هیچ چەسپاوییەكی یەكلاكەرەوەی بەخۆوە نەدیوە.. لەگەڵ ئەوەشدا (كریستاڵ) دوو ڕێچكەی تەواو بۆ پێشكەشكردنی زمانەوانی لە قوتابخانەكاندا پێشكەش دەكات، یەكەمیان: ئەوەیە زمان وەكو توخمێكی زیاد لە پرۆگرامی خوێندندا پێشكەش بكرێت، مەبەستیش لەمە ئاراستەكردنی گرنگیدانە بە پێكهاتەی زمان، دووەمیشیان: وا پێشكەش بكرێت، كە بنەمایەكە پرۆگرامێكی فێرخوازیی زمانەوانی دیاریكراوی لەسەر ڕابوەستێت، كە ئەوەش بەرنامەیەكی ڕۆشنبیرییە

دەربارەی سروشتی زمان، لەوانەشە ڕۆڵێکی لاوەکی لە باشترکردنی ئەدای زمانەوانیدا بگێڕێت[1].

زمانەوانی تا هەنووکە لەوەدا پەکیکەوتووە کە بگاتە زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی، بگرە نەشبۆتە بابەتێک لە قوتابخانەکانی ناوەندیی و ئامادەیی یان لە خولەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان، تا هەنووکە ئەم بابەتە لە کۆلێژەکاندا نییە، هەندێک جاریش هەڵە تێگەیشتنێک لەبارەوەی هەیە و بوارەکەشی لەگەڵ بواری فیقهی زماندا تێکەڵ دەبێت.

لێرەدا چەندەها بواری جۆراوجۆر هەن، کە دەکرێ زمانەوانی ڕۆڵیان تیادا بگێڕێت، جا ئێمە لەم پێگەیەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین، هەرچەندە کارکردن و بەڕێوەچوونی ئەم بوارە، وەک کریستاڵ دەڵێت: زۆر بە سستی و خاوی دەڕوات بەڕێوە و هێشتاش لە سەرەتادایە.

ـ باشکردنی توانای زمانەوانی کەسانی ئاسایی دەربارەی پرسە زمانەوانییەکانی تایبەت بە بوارێکی دیاریکراو، بۆ نموونە ئەو فۆرمە زمانەوانیانەی کە تایبەتن

---

[1]- کریستال(١٩٧٤)، التعريف بعلم اللغة، ترجمة: د.حلمي خليل، الهيئة العامة للكتاب الأسكندرية، ص ١٧٨ ـ ١٧٩.

به یاسا، زۆر لەم فۆرمانە لەلای ئەو کەسانە ناسراو نین، یـان بیروبۆچـوونی تەماویـان دەربارەیـان هەیە، لێـرەدا ئامـاژە بە هەنـدێک وشـە و گوزارشـت دەکەیـن، کە ئەم مەسـەلەیە ڕوون دەکەنەوە: (سـکاڵای دادوەریـی - دواخستن - تێهەڵچوونەوە - هەڵوەشاندنەوە - وەڵامدانەوەی دادوەر - بەتاڵکردنەوەی ڕێوشوێنەکان - دەستگیرکردن - زیندانی کردن........هتد.

ـ ئامـادەکردنی دەرچـووانی تـازە، ئامـادەکردنێکی زمـانەوانی ئەوتـۆ، کە لە کـار و پیشـەکانیاندا سـوودی لـێ ببینن، وەکو کاری سکرتێری.

- پێشنیازکردنی ڕێگە و ئامرازی پێویست بۆ باشکردنی خوێندن و نووسین یان نووسینی خێرا یـان پوختەکردن و کورتکردنەوەی ڕاپۆرتەکان.......هتد.

- ئامادەکردنی ئەوانەی کە لەو بوارانەدا کاردەکەن، کە بە زمـانەوە پەیوەسـتن، بە تـایبەتی بـواری ڕاگەیانـدن و وتاربێژی و سیاسەت و.........هتد.

ـ ئامـادەکردنی ئەوانەی کە لە بوارەکـانی تـوێژینەوەی زانسـتیدا کـاردەکەن، هەروەهـا ڕاهێنانیـان لەسـەر ئەنجامدانی نووسین بە شێوازێکی زانستیی.

ـ توێژینەوەی شێوازی هەمەچەشنەکان و داهێنانی چەند ڕێگایەک بۆ دیاریکردنیان و سوودوەرگرتن لێیان[1].

جا لە زمانی عەرەبیدا بواری زۆر فراوان هەن، کە دەکرێ زمانەوانی وەکو پرۆسەیەک بەشداربێت تێیدا و ڕۆڵی تیادا بگێڕێت، بەتایبەت لە بواری نزیککردنەوەی شێوەزاری ناوخۆ، کە لە سەرانسەری جیهانی عەرەبیدا هەن، جگە لەمەش زمانەوانی دەتوانێت لە زمانی پەتی هاوبەشیشدا ڕۆڵ بگێڕێت.

ناشکرێ یەکبوونی سیاسی و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ یەکبوونی زمانەوانی بە ئەنجام بگەن، کە بنەمایەکە وەکو شەتەکدانێکی سیحریی وایە، کە هەموو تاکەکانی میللەت بەیەکەوە دەبەستێتەوە و دەرەنجام وەکو یەک جەستە و یەک ئاوەز مامەڵە دەکەن و دەرەنجام هاریکاری یەک دەبن و دەبنە مایەی ئارامی بۆ وڵات و بۆ دەوروبەر، جا ئەم یەکبوونە دەستەبەر نابێت، مەگەر لە ڕێگای یەکبوونی زمانەوانییەوە نەبێت، واتە یەک زمانی هاوبەش هەبێت کە هەموو قسەی پێ بکەن و فێری ببن و پێی بنووسن و بە کاری بێنن و لەڕووی درکاندن و ئەداکردنەوە کۆنترۆڵی بکەن، هەروەک

---

[1] - Crystal, Linguistics,penguin, Books, p.d. 24 – 31.

لەلای زۆر لە میللەتـانی هـاوچەرخ و پێشـڤەچوو هەیە، کە لەگـــەڵ ئەوەی ژمـــارەیەک شـــێوەزاریان هەیە، کەچـــی زمانێکی هاوبەشیشیان هەیە، کە هەمـوو بە کـاری دێنن و ئەو زمـــانە هاوبەشـــە لە ســـەرووی شـــێوەزارەکانەوە مـامەڵەی پـێ دەکرێـت و بەکاردەهێنرێـت، بەشـێوەیەک کە فۆنەتیـک و ئـاوازی شـێوەزارە نـاوخۆییەکە لەسـەر زمـانی کەسـێک نـاناسـرێتەوە و دەرناکەوێـت، ئەویـش لە حـاڵەتی قسەکردن و ئاخاوتن بە زمانە هاوبەشەکە[1].

جا ئەم بانگەوازە بۆ دروستکردن و بەکارهێنانی زمـانی هـــاوبەش، پاڵپشـــتی خـــۆی هەیە، وەکـــو فاکتەرەکـــانی یەکبـوونی ڕۆشـنبیری و مێـژووی هـاوبەش.....هتـد، لەبەر ئەوە پێویســتە هەمــوو کۆششــەکان بخــرێنە گەڕ لەپێنــاو یەکـــانگیرکردنی خـــودی زمـــانە هاوبەشـــەکە، هەروەهـــا کـــارکردن بـــۆ کەمکـــردنەوەی کـــاریگەری شـــێوەزارە ناوخۆییەکـــان لەســـەری و خۆشـــکردنی ڕێگـــا بـــۆ نزیککردنەوەی زمانە هاوبەشەکە لە خەڵکی و فێرکردنیان. بێگومـــان ئەمەش ئامـــانجێکی پیـــرۆزە، بەڵام ئایـــا چـــۆن دەتوانین پەی پێ بەرین.

---

[1]- ابــراهيم أنــيس(د)(١٩٧٠)، اللغــة بــين القوميــة والعالميــة، دار المعارف، مصر، ص ٧.

ئەم مەسەلەیە پێویستی بە کۆششی بێ وێنە هەیە، پێویستە پیاوانی فێرکردن و پەروەردە و کادیرانی ڕاگەیاندن پێی هەستن، بگرە ئەم ئامانجە دەبێ هەموو دەزگاکانی دەوڵەت بەشداری لە بەدیهێنانیدا بکەن.

ئێستاش دەبێ بزانین ئەو ڕۆڵە چییە کە زانستی زمان دەبێ لەم بوارەدا بەشداری پێ بکات؟

زمانەوانی وا دەڕوانێتە شێوەزارەکان کە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ زمانی هاوبەشدا نییە، چونکە هەر یەکەیان سیستەمێکی تایبەتیان لە هێماکان هەیە، کە ئەرکی خۆیان لە بوارێکی دیاریکراودا ئەدادەکەن، شێوەزارەکانیش شێوەی زمانەوانی ئەوتۆن کە بوونیان هەیە و ناکرێ فەرامۆشیان بکەین و ڕەتیان بکەینەوە، ناشبێ گرنگیان کەم بکەینەوە، کەچی زمانەوانی کارەکی ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕێت لە ئاراستەکردنی ئەو مامۆستایانەی کە زمانی هاوبەش بەوانە دەڵێتەوە، چونکە توێژینەوە زمانەوانییەکان گرنگی بە شێوەزارە ناوخۆییەکان دەدەن و تایبەتمەندییەکانی خۆیان لە کاتی بەراوردکردندا لەگەڵ تایبەتمەندی زمانە هاوبەشەکە دەدۆزنەوە و یەکدەگرنەوە. لەوکاتەدا ئیدی مامۆستا خاڵەکانی جیاوازیی بنەڕەتی ڕەچاو دەکات و هەوڵدەدات

بەپێــی توانــا، قوتابیــانی خــۆی لەو ســیفاتە نــاوخۆییە جیاکـارانە ڕزگاربکـات و کۆشــش دەکـات بـۆ ڕاهێنانیـان لەسەر بەکارهێنانی فۆرمە زمانەوانییە هاوبەشەکان.

بێگومــان مامۆســتای زمــانی نەتەوەیــی کە شــارەزای زمانــەوانییە، زانســت و زانیــنەکەی بە زمــان وردتــرە و درککردنـــــی بە سیســـــتەمە دەنگـــــی و ڕێزمـــــانی و وشەســـازییەکان قــوڵترە، ئەوەش لە کــار و پیشــەکەیدا دەردەکەوێـــت، واتە کاتێـــک کە وانە دەڵێـــتەوە یـــان پرۆگرامێکی وانەبێژی دادەڕێژێت.

#### ٤. وەرگێڕان و وەرگێڕانی ئامێریی

ئەم چەرخەی کە تیایـدا دەژیــن، چەرخــی زانیــاریی و فرەجۆری زانسـتە، کە بەشـێوەیەکی بەرچـاو پێشـڤەچوونی بەخۆیەوە بینیوە و فراوان بووە، نەتەوەکان و میللەتانیش بەتـایبەتی لە وڵاتە تـازە پێگەیشـتووەکان نیازمەنـدیان بەم زانیاریـانە هەیە، چـونکە کـۆڵەکە و پـایەی پێشـڤەچوونن و دەبنە مایەی ڕەفاهییەت و خۆشگوزەرانییە.

ئەمەش وا دەخــوازێ کە وەرگێڕەکــان ئەم زانســـت و زانینانە بۆ زمانە نەتەوەییەکانی خۆیان بگوازنەوە، کەچی لەگـەڵ ئەوەشـدا کۆششـی وەرگێڕەکـان لەم بـوارەدا بەس

نییە، چونکە ژمارەی پەرتووک و بڵاوکراوەکان لە زمانە ئەوروپییەکـان زۆر و زەبەنـن و لە ژمـارە نـایەن، کەچـی وەرگێڕی چاک ژمارەیان کەمە، جگە لەوەش ئامـادەکردنی وەرگێـڕی چـاک زۆری تێـدەچێت و مـاوەیەکی زۆریشـی دەوێـــت، لەبەر ئەوە زاناکـــان کۆششـــەکانیان بەرەو ئەو ئاراستەکرد، کە بۆ ڕاییکردنی ئەم کارە، ئامێر بەکاربهێنن، جا بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵەی کە زمانەوانی پێی هەڵدەستێت، لە بـواری وەرگێڕانـی ئامێریـدا درک پـێ بکەیـن، یەکەمجـار پێویســتە ئەو شــتانە دەستنیشــان بکەیــن، کە ئـامێر لەم بوارەدا پێی هەڵدەستێت و دەبێ بشزانین ئەو گرفتانە چین کە بەرەو ڕووی ئەم پرۆسەیە دەبنەوە.

وەرگێــڕان بە مانــا گشــتییەکەی گــۆڕینی زمــانێکە بە زمــانێکی دی، ئەویــش بــۆ گوزارشــتکردنی هەمــان مانــا، ئەمەش وا لە کەسـی وەرگێـڕ دەخـوازێ کە شـارەزاییەکی تەواوی بەو وشـــە و یاســـا و ڕێســـایانە هەبێــت، کە لە زمانەکەدا هەن، ئەمەش بێگومان مەسەلەیەکی فرە سـەخت و دژوارە، لەگـــەڵ ئەمەشـــدا زۆر کەس هەن، کە چەنـــد زمانێکی بیانی فێر دەبن و شـارەزاییەکی تەواوی لێ پەیدا دەکەن، هۆکـاری ئەم فێربـوونەش، بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە، ئەوانە ڕێزمـان و یاسـاکانی زمـانەکە بەجـوانی دەخـوێنن و

ڕاهێنانی لەسەر دەکەن و وردە وردە شارەزایی لێ پەیدا دەکەن، تاکو بە تەواوەتی بە هەموو زمانەکە بەڵەد دەبن و لە مێشکیاندا دەچەسپێت، ئینجا بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک بە کاری دەهێنن، لێرەدا پرسیارێک سەری خۆی دەردێنێت، ئایا ناکرێ ئامێرێک بەم کارە هەستێ، چونکە گەر ئامێرێک وشەکانی زمانێکی پێ تێر بکەیت و جێی وشەکانی تیادا ببێتەوە، ئایا ناکرێ لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازییەی کە لە مانا و ڕێزمان و یاسا وشەسازیانەی کە هەن، ئەم کارە بێتە جێ؟[1]

زانایان دەڵێن: بەڵێ دەتوانین ئەم کارە بکەین و ئامێرێک وا لێ بکەن، ئەم کارە ئەنجام بدات، هەرچەندە کێشە و گرفت و ئاستەنگ هەن و دێنە پێشی، گەورەترین گرفت لەم بوارەدا ئەوەیە کەسی وەرگێڕ زمانی نەتەوەیی خۆی هەیە، کەچی ئامێرەکە زمانی نەتەوەیی نییە، کاتێکیش وەرگێڕ کاری وەرگێڕانەکە دەکات، بۆ ئەو زەخیرە زمانەوانییە دەگەڕێتەوە، کە پێشوەخت لە زمانە نەتەوەییەکەی خۆی دەستەبەر کردووە و ئیدی بە ئارەزووی خۆی چەمک و وشە و مانایان لێ

---

[1]- كندرا توف(١٩٧٤)، الاصوات والاشارات، ترجمة: شوقي جلال، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ص ١٥٨ ـ ١٥٩.

هەڵدەگوزەرێت، کە نزیک بن لەو وشانەی لەو زمانەدایە، کە خوازیاری وەرگێڕانیەتی، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە هیچ ئامێرێک نییە بتوانێت ئەم کارە بکات، بگرە فەرهەنگە پسپۆرەکانی بوارێک لە بوارەکان چەندە پسپۆڕێتیان هەبێت، پێنج لەسەر یەکی وشەکانی لە یەک مانا زیاتریان هەیە؟ ئێمەش کاتێک مانا گونجاوەکە هەڵدەبژێرین، ئەوا لە مانای گشتی وشە نزیکەکانی دەوروبەری هەڵدەهێنجین، بەڵام ئامێرەکە ئەم مەسەلەیە نازانێت و چارەسەری ناکات، ئیدی لەبەر ئەمە ئامێرەکە ناتوانێت بەم کارە هەستێت و کارەکەی خۆی بکات، وەکو چۆن مرۆڤ ئەنجامی دەدات[1].

لەڕاستیدا زانایانی ماتماتیک و ئەندازیاری، یەکەم کەس بوون کە توێژینەوەیان لەم بوارەدا ئەنجامدا، ئەوەبوو لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا سوود وەرگرتن بۆ وەرگێڕان بەهۆی کۆمپیوتەرەوە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. توانرا کۆدە نهێنییەکانی سوپای دوژمن بکردرێنەوە، زانایانیش لەژێر ڕووناکی ئەم پرۆسەیە لە پراکتیزەکردنی نامە ناردن بەسەر کاری وەرگێڕی ئامێریدا

---

[1]- كندرا توف(١٩٧٤)، الاصوات والاشارات، ترجمة: شوقي جلال، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ص ١٦٢، ثم انظر في ص ١٦٣ ـ ١٧٣.

بیریـــان کـــردەوە، بەڵام ئەو تـــوێژینەوانەی کە لەدواییـــدا ئەنجامدران، دەریانخست کە ئەم تەکنیکە سەرکەوتوو نییە و نـــابێتە هـــۆی دروســـتکردنی زمانێـــک وەکـــو زمـــانی کـــارپێکراو، بەڵکـــو تەنهـــا دەتوانرێـــت شـــێوەی ڕواڵەتـــی وشـــەکان بگـــۆڕدرێن و بەم پرۆســـەیە تەنهـــا پرۆگـــرامە ڕواڵەتییەکـان دەستەبەر دەبن، بەڵام کاتێک کە ئێمەمانـان زمـــان وەردەگێـــڕین، ئەوا زمـــانەکە واتە دەوروبـــەر و ڕێچـــکەی گوزارشـــتەکە بەپێـــی پێویســـت دەگـــۆڕین و ئـــاڵۆزییەکەی لـــێ دەرەوێنیـــنەوە و گوزارشـــتە ورد و ناسـکەکان هەمـوو چارەسـەر دەکەیـن، ئەم گوزارشـتانە بێگومان گەلێک دروستیان کردووە و پەیوەندیان بە هـزر و مێـژوو و داب و نەریـت و شـێوازی ژیـانی ئەو گەلەوە هەیە.......هتد.

لەبەر ئەوە زانایـــانی ماتماتیـــک و ئەنـــدازە تەکنیکێکـــی دیکەیان دروستکردووە، کە بەهـۆیەوە ئـامێرەکە دەتوانێت وشـەی گونجـاوی مانـاکە دیاریبکـات، بەڵام ئەم داهێنـانە تەنها لە بوارێکی دیاریکراودا سوودی لێوەرگیراوە، پاشـان ئـــامێرەکە گەر گوزارشـــتی زۆر ئـــاڵۆزی بـــۆ بهاتـــایە، ڕادەوەستا، ئەمەش ئەو هۆیەیە وایکرد کە پشت بەستن بە زمانەوانان زۆر پێویست بێت.

لەمبـارەیەوە (کنـدرا تـوف) دەڵێـت: زمانـەوان تـاکە کەسێکە کە توانای دەستنیشانکردنی شوێنەکانی ڕێککەوتن و جیـاوازی لە نێـوان دوو ڕیسـکی زمانەوانیـدا هەیە، هەر ئەویـش بەوردی دەتوانێـت ئادگـارە هاوبەشـەکانی نێـوان زمانەکانی جیهان بدۆزێتەوە[1].

ئەم کۆششانە بەمەندە کۆتاییان نەهات، بەڵکو هەوڵدرا زمـانێکی هـاوبەش و ناوەنـدگیر دابهێنرێـت، کە ئـامێرە وەرگێڕەکە لە زمانەکانی دیکەوە بۆ ئەو زمانە ناوەندەگیرە کـاری وەرگێڕانـی دەکـرد، پاشـانیش لەو زمـانەوە بـۆ ئەو زمـانەی دی کە مەبەسـتمانە وەریـدەگێڕین، بـۆ نمـوونە دەست لە دوگمەی (هـاتوو) دەدەیـن، کە تـایبەتە بە زمـانی عەرەبـی، پاشـان پەنـجە لەسـەر (دەرکـردە) دادەنێـین، کە تـایبەتە بە زمـانی ڕووسـی، ئینجـا ئـامێرەکە، دەقەکە لە زمـانی عەرەبییـەوە بـۆ ڕووسـی وەردەگێڕێـت. ئەمەش مانـای ئەوەیە کە زمـانی هـاوبەش ئەو ژێرخـانەیە کە پرۆسـەی وەرگێڕانـی لێـوە دەسـت پێـدەکات، کە تـا هەنـووکەش گفتوگـۆ بەردەوامە دەربـارەی ئەو زمـانە هاوبەشـەی کە خوازیـارین بیکەیـنە ژێرخـانی پرۆسـەی

---

[1]- کندرا توف(١٩٧٤)، الاصوات و الاشارات، ترجمة: شوقي جلال، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ص ١٦٢، ثم انظر في ص ١٦٣ ـ ١٧٣.

وەرگێڕان، گفتوگۆ لەسەر ئەوەیە ئایا ئەو زمانە زمانێکی زیندوو بێت وەک ئینگلیزی ـ بۆ نموونە ـ پاشان یاسا تایبەتەکانی وەرگێڕانی لێ هەڵبگۆزین یان زمانێکی دروستکراو بێت، وەکو (ئیسپرانتۆ)، کە زمانێکی سانا و هاوئاوازە.

لێرەدا چەندەها گرفتی ئاڵۆز هەن، کە تویژەرانی وا لێکردووە، کە لەو باوەڕەدابن پێویستە ئەو زمانە زمانێکی جودابێت و هیچ پەیوەندییەکی بە زمانە سروشتی و دەسکردەکانی ئەمڕۆوە نەبێت، تویژەران لەم بوارەدا باسیان لە هەلومەرج و ئادگارەکانی ئەو زمانە کردووە، کە دەبێ چی بێت و چۆن بێت، پاشانیش چەندەها ڕێگا و شێواز گریمانەکراون بۆ جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیە، ئێمەش سەرنجی خوێنەران بۆ پەرتووکەکەی (کندرا توف) ڕادەکێشین، کە لە خوارەوە ئاماژەمان پێداوە و باس لەم پرسە دەکات.

وا پێدەچێ تویژەرانی بواری وەرگێڕانی ئامێری باوەڕ بەوە بێنن، کە ئەم جۆرە وەرگێڕانەی بە ئامێر دەکرێت، بە سەرکەوتوویی ئەنجام نادرێت، چونکە لێرەدا دوو زمانمان بۆ دەستەبەر دەبێت: یەکێکیان زۆر ورد و ڕێک و ڕوون دەبێت و مرۆڤ و ئامێر بەجوانی بەکاری دەهێنن و تەنها

لە بوارە زانستییەکاندا سوودی لێ وەردەگیرێت، زمانی دووەمیش قەدەغەکراو دەبێت و لەسەر ئامێر ناکرێت، کە زمانی ئەدەبییە و بۆ گوزارشتکردن لە سۆز و هەست و نەستەکان بەکاردەهێنرێت.

بەڵام بۆچی ئامێر لە وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییەکاندا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، وەکو ئەوەی کە لە دەقە زانستییەکاندا بۆی دەستەبەربوو؟

لەم بوارەدا زانایان هەندێک گیروگرفتیان بەرەو ڕوو بووەوە، کە هەندێکیان لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسمانکرد و ئێستاش گرنگترین ئەو گرفتانە بە پوختی و کورتی دەخەینەڕوو:

**١- گرفتی پەیوەست بە وشەکانەوە:**

- فرەمانایی یەک وشە، فرەجۆری سێبەرە وردەکان کە پەیوەندییان بە واژەکانەوە هەیە، کە ناکرێ ئەو مانایەی کە مەبەستە لە دەوروبەرەکەدا و بەپێی ماناکە دیاریبکرێت یان سێبەرەکانی لە دووتوێی ئەو دەوروبەرەدا دیاریبکرێتەوە، کە وشەکەی تێدا دەردەکەوێت، ئەمەش مەسەلەیەکە پێویستی بە عەقڵی مرۆڤە و لە ئامێردا بە پرۆگرامکردنی لە حوکمی مەحاڵدایە.

ـ فرەیی لەو وشانەی کە گوزارشت لە یەک مانا دەکەن، چـونکە لەوانەیە یەک مانـا چەنـد وشـەیەک ئامـاژەی بـۆ بکـات، وەکـو لـە زمـانی عەرەبیـدا بەرانبـەر وشـەی شـێر هەیە:(أسد، لیث، سبع،......هتد)، لەگـەڵ ئەمەشدا لەوانەیە هەموو وشەیەک لەو وشانە شتێکی لە ماناکە تیادابێ، کە لە وشـەکەی دیـکەدا نیـیە، تـاکو ئێسـتاش ئـامێرێکی وا دانەهێنراوە، کە ئەو وشەیە بدۆزێتەوە لەگـەڵ دەوروبـەر و دەقەکەدا بگونجێت.

ــ پەیوەسـتبوونی وشـەکانی زمـانەکە بە ژیـاریی ئەو نەتەوەیەی کە ئەم زمـانە بەکاردێنێـت، چـونکە هەمـوو زمانێـک گوزارشـت لەو ژیـنگەیە دەکـات، کە خاوەنەکـانی تیایـدا ژیـان دەبەنەسـەر و گوزارشـت لە ڕۆشـنبیرییە جیاکارەکەیان و کەسایەتییە جوداکەیان دەکات.

ـ سەختی و دژواربوونی مانای وردی ئەو وشـانەی کە ئاماژە بۆ ڕەهاکان دەکەن یان ئاماژە بۆ سـۆز و هەسـت و نەست و بیروباوەڕەکان دەکەن (خۆشەویستی ـ برادەری ـ ئازادی ـ شۆسیالیزمی.....هتد).

**دووەم: ئەو کێشـــانەی کە بە ڕێزمـــانی زمـــانەوە پەیوەستن:**

ئەو کێشـانەی کە لەم بـوارەدا بەدی دەکـرێن، لە ڕووی ڕێزمـان و یاسـای ڕسـتەکانەوە ئـاڵۆزترن، چـونکە هەمـوو زمانێک سیستەمی تـایبەتی خـۆی هەیە، ئەم سیسـتەمانە تـا بلێـــین ئـــاڵۆز و پێچەلێـــێچن، زانایـــانیش تـــا هەنـــووکە نەیـانتوانیوە تیۆرێـک بـدۆزنەوە کە شـرۆڤەیەکی تەواو بەم سیسـتەمانە بـدات، تـاکو دەرەنجـام ئامێرەکـانی وەرگێڕانـی پێ تێر بکرێت، گەر بێتو بگەینە بونیادی تایبەتی گوزارشتە ئەدەبییەکــان و ئەوەمــان لێکــدایەوە، کە چ پاشــکەوتن و پێشکەوتن و لادانێک لە دەربڕینەکانـدا ڕوودەدات....هتـد و هەمـــوو ئەوانەش چیـــان لەســـەر بونیـــاد دەنرێـــت، ئەوا گرفتەکە گەورەترە.

لەمبـارەیەوە (کنـدرا تـوف) دەڵێـت: وەرگێڕانــی کــارە هونەرییەکان بە بەکارهێنانی ئامێر کارێکی مەحاڵە، ئەویش لەبەر ئەوەی کە مـرۆڤ کاتێـک دەقێکـی ئەدەبـی خەیـاڵی وەردەگێڕێـــــت، ئەوا تەنهـــــا دەقەکە لە ڕووی مانـــــاوە وەرناگێڕێـت، بەڵکـو کـارێکی هـونەریی تـازە لەڕێـگەی دووبـارە نووسـینەوەی دەقەکەوە دادەهێنێت، بەشـێوەیەک

کە نموونە خەیاڵییەکان و پرسە شیعرییەکان دەگوازێتەوە و تەنها مانا وشەییەکە نانووسێت[1].

### ٥. گەیاندن

بواری باسکردنی گەیاندن لە جیهانی ئێمەدا فراوانە، بۆ نموونە مەیدانی گەیاندنەکانی بەتەل و بێتەل و ئەگەری ڕوودانی هاوکاری هاوبەش لەنێوان کارگەران و زانایانی زمان تیایاندایە، لەلایەکی دیکەشەوە (کریستاڵ) دەڵێت: ناردنی هەنگ لەڕێگەی تێلەکانەوە زۆری تێدەچێت، خۆ ئەگەر مرۆڤ ئەو زیادە و لەمپەر و ئاستەنگانە ڕابماڵێت و لە ڕێژەی ئەو دەنگانە جیایان بکاتەوە، کە خوازیاری گەیاندنیانین، ئەوا لەو حاڵەتەدا پارە و پوولێکی زۆرمان بۆ دەگەڕێتەوە، لەم حاڵەتەشدا گرفتە زمانەوانییەکە لە دیاریکردنی ئادگارەکانی قسەکردن بە مەسەلەیەکی سەرەکی هەژمار دەکرێت، ئەویش لەڕووی پەسەندکردن و ڕوونییەوە، ئەوەی واش نەبێت ئەوا دەکرێ واز لە ئادگارە ناسەرەکییەکان بکرێت، مادام کرۆکی پەیامەکە لە هەمووی گرنگترە، تاکو بکرێ بەوردی ئەم ئادگارانەش

---

[1]- كندرا توف(١٩٧٤)، الاصوات والاشارات، ترجمة: شوقي جلال، الهيئة المصرية العامة للكتاب،ص ١٧٢.

دەستنیشــان بکــرێن، ئەوا پێویســتە ئەزمــوونی پێویســت لەســەر ئاســتێکی فــراوان جێبەجــێ بکرێــت، ئەم حــاڵەتەش ئێستا وا ڕوودەدات[1].

هەروەهــا چەنــدەها ئــامڕازی گەیانــدنی دیــکە لە ئــارادا هەن، کە زمان ڕۆڵێکی گەورەیان تیادا دەبینێت:

زۆر ئــامڕازی گەیانــدن کە مــرۆڤ بەکاریــان دەهێنن، بــۆ نموونە لەوانە هێماکردن، کەچی زمـان لە هەموویـان زیـاتر گرنگترە، زمان چەندەها ئەرک و فەرمان جێبەجێ دەکـات، کەچی ئەرکی گەیاندنی لە هەموویان کاریگەرترە، کە زمان ئەدای دەکـات. لێرەدا مەبەسـتمان لە گەیانـدن لێکگەیشـتنی یەکــدییە، نەک تەنهــا بەکارهێنــانی زمــانەکە، ئەوەی کە پێشــبینی دەکرێــت، زۆرجــاران لە ئەنجــامی پرۆســەی گەیانـدنەوە گرفـت و کێشــە ڕوودەدات، کە کــاریگەری لە چەنــد لایەنێکــی ژیانمــان هەیە، لەوانەیە ئەم کێشــانە مەترسی لەسەرمان دروست بکەن.

لەو نموونـانەی کە (کریسـتاڵ) دەربـارەی سـەختییەکانی گەیانـدن پێشکەشـیان دەکـات، ئەمـانەن: پەیوەنـدی نێـوان نەخۆش و دکتـۆر، لێرەدا نەخۆشـەکان بەتـایبەت چینەکـانی

---

[1]- کریستال(١٩٧٤)، التعریف بعلم اللغة، ترجمة: د.حلمي خلیل، الهیئة العامة للکتاب الأسکندریة، ص ١٨٠.

خـوارەوە لە دۆزینەوەی وشـە ڕاسـتەکان بـۆ وەسـفکردنی دیاردەکـانی نەخۆشـییەکە زەحمەتـی دەکێشـن، بە هەمـان شـــێوە پزیشـــکەکەش زەحمەتیـــیەک دەبینێـــت لەوەی کە گوزارشت و دەربڕینە هەمەجۆرەکانی نەخۆشـەکە تێبگـات، بگـرە زەحمەتـی زیـاتریش دەبینێت لەوەی کە ڕاسـپاردە و ڕێنمـایی و ڕاپـۆرتەکەی خـۆی بە زمـانێکی وا پێشـکەش بکـات، کە نەخۆشـەکە تێـی بگـات، بەو شـێوەیەی کە هـیچ کـاریگەرییەکی نەرێنـی پێشـبینی نەکـراوی نەبێـت، زۆر لە زاراوە پزیشـکییەکان واتـای پەراوێزانەیـان هەیە، کە دەبنە هـۆی ئـێش و ئـازار بـۆ نەخۆشـەکە، بـۆ نمـوونە: لەنێـوان هەردوو وشەی (Growth) کە بە مانـای ئاوسـان دێت و وشـــەی (Chaser) کـە بــە مانــای شـێرپەنجە دێـت، چ پەیوەنـدییەکی پێویسـت لە ئـارادا نیـیە (لێـرەدا کـاریگەری ئـــازاری وشـــەی دووەم وەلادەنێـــین)، لەگـــەڵ ئەمەشـــدا زۆربەی زۆری خەڵکـــی هەســـتێکی وا بەهێزیـــان هەیە، کە ئەم دوو وشەیە بەیەکەوە بەستراون، لێرەوە وەسفی ئەوە پەیـــدابوو کە هەمـــوو حـــاڵەتێکی لەو جـــۆرە (ئاوســـان) بەمجۆرە نەخۆشەکە تووشی دڵەڕاوکێ و مەترسییەکی بێ پاساو دەبێتەوە[١].

---

[1]- Crystal, Linguistics,penguin, Books, p. 15.

لە جیهـانی هاوچەرخـدا ڕۆڵـی ڕاگەیانـدن هەمیشـە لە گەورەبوونـدایە، بەم پێـیە ڕۆڵـی زمـانیش هەمیشـە گەورە دەبێت و زیاتر کاریگەری لەسەر خەڵکی دروست دەکات و بگرە کۆنترۆڵی توێژێکی زۆری خەڵکیش دەکات، بۆ نموونە پروپاگەنـدەی بازرگـانی کە بە بـازارکردنی کاڵاکـان بە ئامـانج دەگرێـت، پشـت بە چەنـدەها تـوخم دەبەسـتێت، گرنگترینیـان زمـانە، زمـان کـاریگەری دەبێـت بەسـەر ئـاپۆرایەکی خەڵکی کە گوزارشتی جوان و مانـای ڕێک و سەرنج ڕاکێش و بەپێز ڕۆڵ لەم بوارەدا دەگێڕێت (چێژی شوکولاتە، چێژی بەهەشتت پێ دەبەخشێت، بۆنی، بۆن و بەرامی بەهارت پێ دەبەخشێ.....هتد).

هەروەهـا ژمـارەیەکی زۆری زاراوە سیاسـی و فەلسـەفییەکان کە هـزر و بیـر و بۆچوونەکـان وەسـف دەکەن، یـان پێوەرەکـانی ئاکـار و ڕەفتـار لە کـۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکانـدا دەستنیشـان دەکەن، کە لە دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتییەکانـدا بەکـاردەهێنرێن، مانـای دیـکە دەدەن بەدەستەوە، بۆ نموونە وشەی (ئـازادی) مانـایەکی ڕێژەیـی هەڵـدەگرێت، وەکـو (پێشـکەوتنخوازی -کۆنەپەرسـتی - شـیوعیەت - دیمـوکراتیەت........هتـد). ئەم نـاوەرۆکە کـاریگەری نەرێنـی دەمێنێـتە سـەر ئەوەی کە لە چ

ناوچەیەکدا لە جیهاندا بەکاردەهێنرێت، بۆچی دوور بڕۆین، بۆ نموونە خەباتگێڕە فەلەستینییەکان کە هەوڵ دەدەن بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانەکەیان، لە ئەمەریکا بە تیرۆریست لە قەڵەم دەدرێن، چ جا لە کۆمەڵگەی ئیسرائیلیدا، هەروەها فلانە حاکم بە بەسەر ئەوانی دیکەدا دیموکراتییەتەوە دەنازێ، لە کاتێکدا کە زیندانی وڵاتەکەی پڕە لە بەرهەڵستکارانی سیاسەتەکەی، یان فلانە دەوڵەت ڕەفاهییەتی ئابووری بەدەستهێناوە و خۆشی و خۆشگوزەرانی بۆ گەلەکەی فەراهەم کردووە، کەچی وڵاتەکەی پڕە لە قات و قڕی و نەهامەتی و نەبوونی و دەردەسەری.....هتد.

بەمشێوەیە دەبینین کە پیاوانی سیاسەت و بڕیاردان هەمیشە دەهۆڵ بۆ سیاسەتەکەی خۆیان لێ دەدەن و بە زمانی شیرین و کارا مژدە بە خەڵکی دەدەن، کە دەربڕین و گوزارشت و مانا و واتای وا بەکاردەهێنن، کە مەبەست و مەرامەکانیان بهێنێتە جێ و ئەوەیان بۆ بڕەخسێنێت، کە هەست و نەستی خەڵکی کۆنترۆڵ بکەن و عەقڵیان فریو بدەن، نموونەش لێرەدا زۆرە دەربارەی زمان و ئەو ڕۆڵە خەتەرناکەی کە لە ژین و ژیانماندا دەیگێڕێت، لەهەمان کاتیشدا زمان خێرێکی زۆر بۆ خەڵک دەستەبەر دەکات و

بەرژەوەندیان دابین دەکات، چونکە زمان ئامڕازی لێکگەیشتنی خەڵکانە و ژیانی خۆشیان بۆ دەستەبەر دەکات، بەهەمان شێوەش زمان ئامڕازێکە لە ئامڕازەکانی شەڕ و شەڕانگێزیی و کەسانێک هەن بۆ ئەو مەبەستە بەکاری دێنن.

جا ئەو ڕۆڵەی کە زمان لە ژیانی هاوچەرخماندا دەیگێڕێت، ئاماژە بەو شتە دەکات کە زانایانی زمانی پێی هەڵدەستن، کە لەبەرچاو ڕوونی خەڵکی و ڕێنماییکردنیان بەرجەستە دەبێت، هەروەها لە پێشنیازکردنی ڕێگا و ئامرازەکاندا بەرجەستە دەبێت، کە بۆیان هەیە هاریکاربن لە ئەداکردنی زمانێک بۆ ئەرکە ئەرێنییەکەی لە تێگەیشتن و هاریکاری بۆ خێر و چاکەی مرۆڤایەتی.

## سەرچاوەکان

١ـ ابراهيم أنيس(د)(١٩٧٠)، اللغة بين القومية والعالمية، دار المعارف، مصر.

٢ـ حنفي بن عيسى(د)(١٩٨٠)، محاضرات في علم النفس اللغوي، الشركة الوطنية للنشر و التوزيع، الجزائر.

٣ـ على محمد القاسمي(د)(١٩٧٥)، اتجاهات حديثة في تعليم اللغة العربية للناطقين باللغات الاخرى، جامعة الرياض.

٤ـ على محمد القاسمي(د)(١٩٧٥)، علم اللغة و صناعة المعجم، مطبوعات جامعة الرياض.

٥ـ محمد علي الخولي(د)(١٩٨٢)، أساليب تدريس اللغة العربية، الرياض.

٦ـ مصطفى فهمي(د)(١٩٨٠)، أمراض الكلام، مكتبة النهضة المصرية.

٧ـ نايف خرما(د)(١٩٧٨)، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، عالم المعرفة، الكويت.

٨ـ كريستال(١٩٧٤)، التعريف بعلم اللغة، ترجمة: د.حلمي خليل، الهيئة العامة للكتاب الأسكندرية.

٩ـ كندرا توف(١٩٧٤)، الاصوات والاشارات، ترجمة: شوقي جلال، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

10- Crystal, Lingustics,penguin, Books.

11- D.A.Wilkins, Linguistics in Language Teaching,Elbs edition.

12- R.R.K. Hartman (1973), and F.C. stork, Dictionary of Language and Linguistics, London.

13- Macey, Applied lingusitice.

# فەرهەنگسازی

## چەمک و پێناسەی فەرهەنگسازی

زاراوەی فەرهەنگسازی لە دوو وشە پێکهاتووە، پارچەی یەکەمی (فەرهەنگ)، پارچەی دووەمی (سازی)، واتای زانست دەگەیەنێت، جگە لە فەرهەنگسازی، وشەی (لێکسیکۆلۆجی)یش بەکاردەهێنرێت.

لەڕووی پێناسینیشەوە، تاکو ئێستا کۆمەڵێ پێناسە لەبارەی فەرهەنگسازی کراون، لەوانە:

ـــ فەرهەنگسازی زانستێکە لە فەرهەنگ و یەکە فەرهەنگییەکانی زمان دەکۆڵێتەوە.

. فەرهەنگسازی بە واتای ئامادەکردن و نووسینەوەی وشەنامە دێت.[١]

ـ فەرهەنگسازی لێکۆڵینەوەیە لە یەکەکانی زمان لە ڕووی لایەنەکانی دەنگسازی و وشەسازی و واتاسازی و مێژوویی و داڕشتنەکانی.[٢]

---

١ـ محەمەد مەحوی(٢٠٠١)، وشەنامە و فەرهەنگ، گ. نووسەری نوێ، ژ.(١٩)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل ١٤٤.

٢ـ محمد علي الخولي(١٩٨٦)، معجم علم اللغة التطبيقي، الطبعة الأولى، مكتبة لبنان، ص ٦٨.

**پێناسەی فەرهەنگ**

فەرهەنگیش وەکو تۆمارێک و گەنجینەیەک وایە، کە وشە و زاراوەکانی زمان دەپارێزێت. هەموو زمانانی جیهان خاوەنی فەرهەنگی تایبەت بە خۆیانن، چونکە هەموو زمانێک بەهۆی فەرهەنگەکەیەوە دەناسرێتەوە.

فەرهەنگ ئەو سەرچاوەیە وشەکانی زمانێکی دیاری کراوی تێدا تۆمار کراوە، وشەکان بەپێی ئەلفوبێی ئەو زمانەی کە تۆمار کراوە واتاکانی لێکدراوەتەوە، هەروەها گەنجینەیەکی بیر و وشە و زاراوەیە کە لە زمانێکی تایبەت بەکاردەهێنرێت.

لەبارەی پێناسەی فەرهەنگیش، لێرەدا هەندێک لە پێناسەکانی فەرهەنگ دەخەینەڕوو:

- فەرهەنگ ئەو کتێبەیە، کە وا وشەی تێدا تۆمارکراوە، جگە لە ڕیزکردنی وشە لێی کۆڵراوەتەوە و واتای ڕوونکراوەتەوە و لێکدراوەتەوە و شیکراوەتەوە و زانیاری دەربارەی چۆنیەتی نووسینیان و درکاندنیان و پەیدابوونیان دراوە.[١]

---

[١]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، کوردی - عەرەبی - ئینگلیزی، سلێمانی، ل٢٦١.

- فەرهەنگ سەرچاوەیەکی زمانییە کە دەروازە و شرۆڤەی تێدایە، لەوانەیە مێژوویی یان وەسفی یان پێوانەیی بێت، یەک زمانی یان دوو زمانی یان چەند زمانی بێت.[1]

## سوودەکانی فەرهەنگ

١- پارێزگاریکردن لە مانەوەی وشەکانی زمان، چونکە لە زماندا بە درێژایی ڕۆژگار کۆمەڵێ وشە دەمرن و کۆمەڵێ وشەی تر لەدایک دەبن.

٢- ئاشکراکردنی واتای وشە نادیار و لێڵەکان، چونکە هەندێ وشەمان هەیە لە زماندا واتاکانیان ڕوون نین یاخود زیاتر لە واتایەک دەبەخشن، بۆیە پێویستە واتاکانیان ڕوون بکرێنەوە.

٣- توانا بە زمان دەبەخشێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەوڕەوەی زانست و هونەر بەرەو پێشەوە بچێت و نەوەستێت، چونکە زمان هەمیشە لە گۆڕاندایە و بەرەوەو پێشەوە دەچێت.

٤- زانینی ئیتمۆلۆژیای وشەکان و چۆنیەتی داڕشتنی وشەکان، چونکە کۆمەڵێ وشە لە زماندا هەن، کە هی

---

١ـ محمد علي الخولي(١٩٨٦)، معجم علم اللغة التطبيقي، الطبعة الأولى، مكتبة لبنان، ص ٣٢.

زمانانی ترن و هاتوونەتە ناو زمانەکەمان، بۆیە لە ئیتمۆلۆژیادا بنج و بنچینەی وشەکانمان بۆ دەست نیشان دەکات.

٥ـ زانینی مێژووی وشەکان و چۆنیەتی گەشەکردن و جیاوازی بەکارهێنانیان.

٦ـ هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو وشانەی کە لە بەکارهێناندا وەستاون، چونکە بە درێژایی ڕۆژگار هەندێ وشە لە بەکارهێنان دەوەستن و بەکارناهێنرێن، بەو واتایەی وشە هەیە دەمرێت، بۆیە لە فەرهەنگدا دەپارێزرێت.

٧ـ ناسینەوەی پێکهاتەی بەشەکانی ئاخاوتن، بۆ ئەوەی بزانرێت ئەم وشەیە سەر بە چ بەشە ئاخاوتنێکی زمانە.

٨ـ ڕێکخستنی ڕاستی و دروستی وشەکان، بەتایبەتی لەڕووی ڕێنووس و شێوازی نووسینی وشەکەوە.[١]

---

[١]ـ بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: أـ سلمی برکات(٢٠٠٥)، اللغة العربية مستوياتها و ادائها الوظيفي و قضاياها، الطبعة الأولى، دار البداية، عمان، ص ٧٤ ـ ٧٥. ب ـ بەناز ڕەفیق تۆفیق، ڕێگە بنەڕەتییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە دیالێکتی خوارووردا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، بەشی کوردی، ٢٠٠٨، ل ١٨ ـ ١٩.

## بنچینەی ڕیزبوونی پیتەکانی فەرهەنگ

چەندین ڕێگای جۆراوجۆر هەیە لە ڕیزبوونی پیتەکانی نێو فەرهەنگ، بە هۆیەوە فەرهەنگنووس پابەندی جۆرێک لە جۆرانە دەبێت و پەیڕەویان دەکات، لێرەدا هەندێ لەو ڕیزبوونانە دەخەینەڕوو:

**١. ڕیزبوونی فەرهەنگی:**

ئەم ڕیزبوونە زیاتر لەسەر بنەمای لێکچوون و نزیکی پیتەکان لە یەکترییەوە دامەزراوە، ئەمجۆرەیان لە زۆرینەی فەرهەنگەکانی زماندا پەیڕەو دەکرێت، وەک: (ب، پ، ت)(ج، چ، ح، خ)(ڕ، ز، ژ).

**٢. ڕیزبوونی فۆنەتیکی:**

ئەم ڕیزبوونە لەسەر بنەمای چۆنیەتی دەربڕینی پیتەکان دامەزراوە، بەو واتایەی ئەو پیتانەی مرۆڤ زووتر و بەئاسانی لە زاردا دەریاندەبڕێت، دێنە ڕیزی پێشەوە، ئیتر بەمشێوەیە تا پیتەکان مرۆڤ درەنگتر و قورستر دەریانببڕێت، ئەوە دەچنە ڕیزی دواوە، وەک:

(ب، پ، ت، م، و، د)

(ز، ژ، ڕ، س، ف)

(ج، چ، ش)

**٣. ڕیزبوونی ڕستەیی:**

ئەمجۆرە ڕیزبوونە لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی کۆمەڵێک پیت لە وشەیەک، دواتر کۆکردنەوەی وشەکان لە چوارچێوەی ڕستەدا، بۆ ئەوەی پیتەکان بە ئاسانی لەبەربکرێن، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا پیتەکانی زمانی عەرەبی لەسەر شێوەی (ئەبجەدی)، بەمشێوەیە ڕیزکراون:( :(أبجد، هوز، حطي، کلمن، سعفص، قرشت، ثخذ ضظغ)).[1]

**جۆرەکانی فەرهەنگ**

فەرهەنگ بەسەر دوو جۆری سەرەکی دابەش دەبێت:

**یەکەم: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ڕوخسارەوە**

لە ڕووی ڕوخسارەوە فەرهەنگ بەسەر سێ جۆر دابەش دەکرێت:

**١. فەرهەنگی نەتەوەیی**

ئەمجۆرە فەرهەنگە تەنیا وشە و زاراوەکانی یەک زمان دەخاتەڕوو، بەو واتایەی لەم جۆرە فەرهەنگەدا

---

١ـ حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی، سایکۆلۆجییەتی خوێندنەوە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٨، ل ٦٧ـ ٦٩.

وشەکان بەشێوەی ستاندارد دەنووسرێت و لە بەرانبەریشدا زار و بنزارەکان دادەنرێت، کەواتە ئەمجۆرە فەرهەنگە پەیوەستە بە زار و شێوەزارەکانی زمانێک، هەندێجار لەم جۆرە فەرهەنگەدا لێکدانەوە بۆ وشەکانیش دەکرێت، کەواتە ئەم فەرهەنگە بریتییە لە فەرهەنگی (کوردی ـ کوردی)، (عەرەبی ـ عەرەبی)، (ئینگلیزی ـ ئینگلیزی).

نموونەی ئەمجۆرە فەرهەنگە لە زمانی کوردیدا، وەکو فەرهەنگی (خاڵ)ی شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی (تەقی)، کە لە لەلایەن جەلال تەقی و کۆمەڵێ نووسەری تر دانراوە، فەرهەنگی (زەبیحی)ی (عەبدولڕەحمان زەبیحی)، فەرهەنگی (کانی)، کە محەمەد ساڵح پێندرۆیی(جگەرسۆز) نووسیویت و کرمانجی سەروو ـ کرمانجی ناوەڕاستە، فەرهەنگی (هەراشان) و فەرهەنگی (هەرزە)ی ئەکادیمیای کوردی، فەرهەنگی (وشەنامە)ی جەمال حەبیبوڵلا، کە هەورامی ـ کرمانجی ناوەڕاستە، فەرهەنگی (شێخانی)ی عەبدولوەهاب شێخانی، فەرهەنگی (ئەناهیتا)ی یووسف ڕەشید، فەرهەنگی (فەرهەنگا کوردی)ی جگەرخوێن......هتد.

## ٢. فەرهەنگی نەتەوەیی و زمانانی بێگانە

ئەمجۆرە فەرهەنگە وشەکانی بە زمانی نەتەوەیی و دایک دەست پێدەکات، لە بەرانبەریدا وشەکانی زمانێکی بێگانە یاخود کۆمەڵە زمانێکی بێگانە دادەنرێت، واتە وەکو فەرهەنگی (کوردی ـ عەرەبی)، فەرهەنگی (کوردی ـ ئینگلیزی)، فەرهەنگی (کوردی ـ فارسی)، فەرهەنگی (کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی).

سوودی ئەمجۆرە فەرهەنگە بۆ کەسانی زمانی دایک نییە، بەڵکو سوودەکەی بۆ کەسانی زمانانی بێگانەیە، واتە ئەگەر بە نموونە بیهێنینەوە فەرهەنگێکی (کوردی ـ عەرەبی) بۆ کوردزمانێک سوودی نییە، بەڵکو بۆ کەسێکی عەرەب سوودی هەیە، بۆ ئەوەی فێری زمانی کوردی ببێت، بە هەمان شێوە فەرهەنگەکانی (کوردی ـ فارسی) و (کوردی ـ ئینگلیزی) بۆ کەسانی فارسی زمان و ئینگلیزی زمان سوودی دەبێت.

نموونەی فەرهەنگی (کوردی ـ عەرەبی)، وەکو فەرهەنگی (ئەستێرە گەشە)ی فازڵ نیزامەددین، فەرهەنگی (مەهاباد)ی گیو موکریانی، فەرهەنگی (ئاری)ی سابیر گردعازەبانی، کە فەرهەنگێکی کوردی کوردی عەرەبییە، فەرهەنگی (گوڵزار)ی گەرمیان ئەحمەد، فەرهەنگی

(ڕوشدی)ی محەمەد ڕوشدی دزەیی. نموونەی فەرهەنگی (کوردی - ئینگلیزی)، وەکو فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)ی سەلام ناوخۆش. نموونەی فەرهەنگی (کوردی - فارسی) و (کوردی - کوردی - فارسی)، وەکو فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)ی هەژاری موکریانی، فەرهەنگی (ڕێژگە)ی ئەمین گەردیگلانی، فەرهەنگی (ناهید)ی محەمەد ناهید، فەرهەنگی کوردی - فەرەنسی، وەکو فەرهەنگی (کوردی - فەرەنسی)ی ئۆگست ژابا، هەروەها فەرهەنگی (ڕێبەری ڕێبوار)ی ناهیدە ڕەفیق حیلمی، کە فەرهەنگێکی کوردی عەرەبی ئینگلیزییە.

**٣. فەرهەنگی زمانانی بێگانە و زمانی نەتەوەیی:**

ئەمجۆرە فەرهەنگە ڕیزبوونی وشەکانی بە زمانێکی بێگانە یاخود بە زیاتر لە زمانێکی بێگانە دەبێت، لە بەرانبەریشدا وشە و زاراوەکانی زمانی نەتەوەیی دادەنرێت، واتە ئەمجۆرە فەرهەنگە وەکو لە فەرهەنگی (عەرەبی - کوردی)، فەرهەنگی (ئینگلیزی - کوردی)، فەرهەنگی (فارسی - کوردی)، فەرهەنگی (ئینگلیزی - عەرەبی - کوردی).

ئەمجۆرە فەرهەنگە سوودی هەیە بۆ کەسانی زمانی نەتەوەیی، بەو واتایەی فەرهەنگێکی (عەرەبی - کوردی) سوودی هەیە بۆ کەسانی کوردزمان، بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبی ببن.

نموونەی ئەمجۆرە فەرهەنگە لە زمانی کوردیدا زۆرن، لەوانە فەرهەنگەکانی عەرەبی - کوردی، وەکو فەرهەنگەکانی (دەریا) و (ژیر)، کە هی ڕزگار کەریمە، فەرهەنگی (شیرین) کە هی فازیل نیزامەددینە، فەرهەنگی (قەڵەم) کە هی نقار محەمەدە، فەرهەنگی(دوو ڕشتە) کە هی مەلا عەبدولکەریم مودەریسە، فەرهەنگی (نۆبەرە)ی گیو موکریانی، کە فەرهەنگی (عەرەبی - کوردی)ن، هەروەها فەرهەنگەکانی (ئۆکسفۆرد)ی سەلام ناوخۆش و فەرهەنگی (ئۆکسفۆردی نوێ)ی زانەر محەمەد و فەرهەنگی (قوتابی)ی هۆشەنگ محەمەد و فەرهەنگی(مەوریدی نوێ)ی محەمەد عومەر و فەرهەنگی (جاف)ی ئیحسان عەلی، کە فەرهەنگێکی (ئینگلیزی - کوردی)ن، هەروەها فەرهەنگی (کاوە)ی کاوە ئەنوەر، کە فەرهەنگێکی (فارسی - کوردی)یە.

**دووەم: جۆرەکانی فەرهەنگ لەڕووی ناوەڕۆکەوە**

لە ڕووی ناوەرۆکەوە فەرهەنگ بەسەر ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەش دەکرێت:

**١. فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیا**

ئەمجۆرە فەرهەنگە باسی زۆربەی لایەنەکانی ژیان دەکات، بەو واتایەی تایبەت نییە بە دیاردەیەک لە دیاردەکانی ژیان، لەگەڵ ئەوەشدا فەرهەنگنووس هەندێ جار چەندین بەش و تەوەرە بۆ ئینسکلۆپیدیاکە دادەنێ، لەوانە (بەشی زمان، بەشی ئەدەب، بەشی مێژوو،بەشی جوگرافیا، بەشی ئەندازیاریی.......هتد)، دەبێ ئەوەش بزانین کە زۆرجاران لەبری ئینسکلۆپیدیا (مەوسوعە) یان (دائیرەتولمەعارف) بەکاردەهێنرێت. واتە فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیا ئەو سەرچاوەیەیە، کە زانیاریی لەبارەی زانست و ڕووداو و دیاردە و خەڵک و هونەر و ئەدەب و فەلسەفە و شوێن ........هتد تێدا تۆماردەکات و بە پێڕەو و هونەرێکی تایبەتی ڕیزدەکرێن و پێشکەش دەکرێن.[١]

---

١ـ بەناز ڕەفیق تۆفیق، ڕێگە بنەڕەتییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە دیالێکتی خواروودا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، بەشی کوردی، ٢٠٠٨، ل ٢٠.

فەرهەنگی ئینسكلۆپیدیا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بایەخێكی گەورەی پێ دەدرێت، بەڵام لەنێو ئێمەی كورددا هەوڵێكی سەرەتایی هەیە بۆ نووسینی یا بۆ دانانی فەرهەنگی ئینسكلۆپیدیا، لەوانە (ئینسكلۆپیدیای گشتی)ی یاسین ساڵح، هەروەها (دائیرەتولمەعارف)ی خەسرۆ جاف، و (ئینسكلۆپیدیای هەولێر)یش كە تایبەتە بە هەولێر، لەلایەن كۆمەڵێ نووسەر ئامادەكراوە .

**٢. فەرهەنگی ئیتمۆلۆژیا**

ئیتمۆلۆژیا زاراوەیەكە لە بواری زماندا بەكاردێت، و زانستێكە لە ڕەگەز و بنچینەی وشەكانی زمان دەكۆڵێتەوە، لە هەمان كاتیشدا باس لەو گۆڕان و پێشكەوتنانە دەكات، كە بە درێژایی مێژوو بەسەر خودی وشەكانەوە هاتوون، بەو واتایەی ئەو بەشەیە لە زانستی وشە، كە لە پەیدابوون و وەرگرتن و گەشەكردنی وشە و ئەو دەورانەی پێیدا تێپەڕیوە دەدوێ.[١]

ئەمجۆرە فەرهەنگە زۆربەی وشەكانی نێو زمانەكە دەگرێتەوە، لەم فەرهەنگەدا ڕەگەزی وشەكان دەردەخات،

---

[١]- ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٧٥)، لێكسیكۆلۆژی زمانی كوردی، كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ل ٢٠٧.

که ئاخۆ ئەم وشانە لە بنەچەدا سەر بە چ زمانێک بوون، دواتر چۆن هاتوونەتە نێو زمانەکەی تر، هەروەها ئەو گۆڕانکارییانە چین کە بەسەر خودی پێکهاتەی وشەکەدا هاتوون، یاخود بەسەر ناوەرۆکی وشەکەدا هاتوون. لەمجۆرە فەرهەنگەدا فەرهەنگنووس پێویستە شارەزاییەکی تەواوی لە ئیتمۆلۆژیای وشەکانەوە هەبێت، چونکە بەشێکی وشەکان لە زۆربەی ئەو زمانانەی کە سەر بە یەک خێزانن، تێیدا هاوبەشن و لە یەکتری دەچن، یاخود لە ئەنجامی پەڕینەوەیاندا بۆ ناو زمانێکی تر، نەژادی خۆیان لەدەست دەدەن و مۆرکی ناوچەیی ئەو زمانە وەردەگرن.

نموونەی ئەمجۆرە فەرهەنگە لە زمانی کوردیدا، وەکو فەرهەنگی (وشەنامەکی ئیتمۆلۆژیای وشەی کوردی)، کە هی (د.جەمال نەبەز)ە، ئەم فەرهەنگە لە شێوەی کتێبی ئەلیکترۆنی بڵاوکرایەتەوە، هەروەها کتێبی (لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی)، کە هی (د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف)ە، هەروەها (فەرهەنگی نوێ) کە هی (وریا قانع)ە.

**٣. فەرهەنگی پسپۆڕیی**

جۆرێکە لە جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ناوەرۆکەوە، ئەمجۆرە فەرهەنگە پسپۆڕییەک لە پسپۆڕییەکان دەگرێتەخۆ، بەو واتایەی لایەنێکی تایبەتی یان دیاردەیەک لە دیاردەکانی ژیان دەگرێتەخۆ، بۆ نموونە فەرهەنگی زمانەوانی، فەرهەنگی ئابووری، فەرهەنگی ئەدەبی.......هتد، سوودی ئەمجۆرە فەرهەنگی ئەوەیە، کە لێکۆڵەرێکی بوارێک یان پسپۆڕییەک لە پسپۆڕییەکان بە نموونە زمانەوانێک کاتێ بابەتێکی زمانەوانی دەنووسێت، پێویستی بە فەرهەنگی زمان هەیە، لەنێو ئێمەی کورددا هەوڵدانی سەرەتایی هەیە، بۆ بە پسپۆڕی کردنی فەرهەنگ، لەوانە (فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی)، کە هی (د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف)ە، ئەم فەرهەنگە تایبەتە بە هەموو بوارەکانی زمان، هەروەها (فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی)، کە هی (د.کەمال میراودەلی)یە، هەروەها فەرهەنگی (کیمیا) کە هی جەمال عەبدولە، ئەم فەرهەنگە هەتا ئێستا چەندین بەرگی لێ دەرچووە، هەروەها فەرهەنگی (فیزیا)، کە هی فازڵ قەرەداغییە، فەرهەنگی (دادگا)ی سەردار عەزیز خۆشناو، فەرهەنگی (زاراوە کارگێڕییەکان)ی شێرزاد تاهیر، کە فەرهەنگێکی

کارگێڕییە، فەرهەنگی (ڕاگەیاندن) کە هی بەدران ئەحمەد حەبیبە و تایبەتە بە بوارەکانی ڕاگەیاندن......هتد.

**٤. فەرهەنگی فیلۆلۆژیی**

ئەم جۆرەیان لە وشە دەکۆڵێتەوە، بەو واتایەی ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە خودی وشە دەدرێ و مانای لێکدەدرێتەوە و حاڵەتی ڕێزمانیی دەنووسرێ و سەرچاوەی پەیدابوونی نیشان دەدرێ و چۆنیەتی بەکارهێنان و ڕۆڵی لە ڕستەدا دەردەخات.[١]

ئەمجۆرە فەرهەنگە لە ڕووی مەبەست و چۆنیەتی شیکردنەوەی وشەکان دەکرێ چەند جۆرێکی لێدەستنیشانبکرێت: ئەو فەرهەنگانەی لە دووتوێیاندا واتای هەریەکە لە کەرەستە کۆکراوەکانی زمانی بێگانە بە زمانی زگماک لێکدەدرێنەوە، یان بەپێچەوانەوە کەرەستەکانی زمانی زگماک بە زمانی بێگانە ڕووندەکرێنەوە، سەرەڕای ئەمە دەکرێ پتر لە دوو زمان بەشداری لە لێکدانەوەی واتاکانیان بکەن، لەگەڵ ئەمجۆرە فەرهەنگانەدا هەندێ فەرهەنگی دیکەش هەن کە وشەکانی زمانێک بە

[١]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٧٥)، وشەی زمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری ، بەغدا، ل ٦٩ - ٧٠.

کەرەستەی خودی زمانەکە لێکدەداتەوە، نموونەی ئەم فەرهەنگە وەکو فەرهەنگی (ئۆکسفۆردی قوتابی)ی کە لەلایەن دیار ئەحمەدەوە وەرگێڕدراوە و بەشێوەیەکی زۆر جوان وشەکانی لێکداوەتەوە.

## ٥. فەرهەنگی وێنەیی

لەمجۆرە فەرهەنگەدا ئەو وشە بەرجەستانەی کە پابەندی بابەتێکی دیاریکراون، لەڕێگەی کۆمەڵە وێنەیەک ڕووندەکرێنەوە، دواتر ژمارە دەدرێتە هەر بەشێکی وردی وێنەکە، وشەی گونجاویش لە بەرانبەر ژمارەی هەر بەشێکی وێنەکان دادەنرێت .نموونەی ئەم فەرهەنگە لە زمانی کوردیدا فەرهەنگی (وێنەداری گیانداران)ی کەمال جەلال غەریب، فەرهەنگی (ئەندیک)، کە فەرهەنگێکی هەم پسپۆڕیە تایبەتە بە بوارەکانی کشتوکاڵ و گیانلەوان و باڵندە و هەم فەرهەنگێکی وێنەییە، هەروەها فەرهەنگی (وێنەداری ئۆکسفۆرد)، کە فەرهەنگێکی وێنەیی و جیهانییە، لەم ساڵانەی دوایدا وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بە وێنە و بە ژمارە دەستنیشانکراون.

بیرۆکەی ئەم کارەش بۆ زمانناسی ئەڵمانی (دودن) دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی تێبینی کرد زۆربەی وشە

نامۆکان بەرجەستەن نەک واتایی، بۆ ئەم مەبەستەش فەرهەنگێکی وێنەیی دانا، ئەم هەنگاوە بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین فەرهەنگی تری لەم شێوەیە، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا و ئەمریکا و فەڕەنسا.[١]

---

١ـ بەناز ڕەفیق تۆفیق، ڕێگە بنەڕەتییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە دیالێکتی خوارووودا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، بەشی کوردی، ٢٠٠٨، ل ٢١.

## سەرچاوەکان

**بە زمانی کوردی**


١. ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٧٥)، لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢ـ ئـەورەحمانی حـاجی مـارف(١٩٧٥)، وشـەی زمـانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا.

٣. ئەورەحمانی حاجی مارف(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی، سلێمانی.

٤ـ بـەناز ڕەفیـق تۆفیـق(٢٠٠٨)، ڕێگـە بنەڕەتییـەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە دیالێکتی خوارووا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، بەشی کوردی.

٥ـــــ حەمە کەریـــــم ڕەمەزان هەورامـــــی(١٩٦٨)، سـایکۆلۆجییەتی خوێنـدنەوە، بەرگـی یەکەم، چاپخـانەی کامەران، سلێمانی.

٦ـ محەمـەد مـەحوی(٢٠٠١)، وشـەنامە و فەرهـەنگ، گ. نووسەری نوێ، ژ.(١٩)، چاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشنبیری، هەولێر.

**به زمانی عەرەبی**

٧ـ سلمى بركات(٢٠٠٥)، اللغة العربية مستوياتها و ادائها الوظيفي و قضاياها، الطبعة الأولى، دار البداية، عمان.

٨ـ محمد علي الخولي(١٩٨٦)، معجم علم اللغة التطبيقي، الطبعة الأولى، مكتبة لبنان.

# چاككردنی هەڵەی هەندێك وشەی بەكارهێنراوی زمانی كوردی[1]

---

١ـ ئەم لێكۆڵینەوەیە بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێز مامۆستا مستەفا سەید مینە لە گۆڤاری زانكۆی كۆیە، ژمارە(١٣)، لە لاپەڕەكانی (٦٣ ـ ٨٤)ی ٢٠٠٩بڵاوكراوەتەوە، لێرەدا بەشی یەكەمی لێكۆڵینەوەكە دەستكاری كراوە، بەجۆرێك هەندێ سەرچاوەی تر و سەرەدێری ترمان بۆ بابەتەكە زیادكردووە، بەڵام بەشی دووەمی كە لایەنی پراكتیكی بابەتەكەیە، وەك خۆیەتی و دەستكاری نەكراوە.

## پێشەکی

هەڵبەت هیچ زمانێک لەسەر ڕووی زەوی نییە تەنها و دوور لە کاریگەریی زمانەکانی دەوروبەری بێت، زمانی کوردیش وەک هەر زمانێکی دیکە لەو نێوەدا کارلێکەر و کارلێکراوە و، چەندەها وشە و زاراوەی لە زمانانی دیکەوە بۆ هاتووە...

تا ئێرە شتێکی سروشتییە، بەڵام وردبوونەوە لەو وشە و زاراوانە ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە هەندێکیان دوور لە پێوانەی زمانی کوردیی، بە هەڵە بەکاردێن و، ئەگەر ئەو هەڵە بەکارهێنانە هەر بەردەوام بێت، زمانەکەمان بەرەو شێوان دەڕوات و وردە وردە تایبەتمەندیی و ڕەسەنایەتیی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەماندا هەندێک لەو وشە و زاراوە هەڵانەمان ڕاستکردوونەتەوە، چونکە زمان بڕبڕەی پشتی نەتەوە و ناسنامەی سەرەکییەتی و، پاکڕاگرتن و پاراستنی، ئەرکێکی پیرۆزە و پاراستنی سەرپاکی نەتەوەکەمانی لێدەکەوێتەوە.

لێکۆڵینەوەکەمان لە دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم، بۆ لایەنی تیۆریی بابەتەکە تەرخانکراوە، لەم بەشەدا ڕێبازەکانی دروستکردنی وشە و زاراوە لە

زمـــــانی کوردیـــــدا تـــــویێژراونەتەوە و بە تەواویـــــی خراونەتەڕوو.

بەشـی دووەمـیش، وەک تەواوکەر و پارسـەنگی بەشـی یەکەم، تایبەتە بە لایەنی پراکتیکی، لێرەدا هەنـدێک لە وشـە هەڵەکـــــانی زمـــــانی کـــــوردیی دەستنیشـــــانکراون و ڕاستکراونەتەوە.

## ڕێبازەکانی دروستکردنی وشە و زاراوە لە زمانی کوردیدا

لە هەموو زمانانی جیهاندا، کۆمەڵێک ڕێگەی جیاواز هەن بۆ سازکردن و هاتنەئارا و لەدایکبوونی وشە و زاراوەی نوێ. لە زمانی کوردیشدا هەروەکو زمانانی تری جیهانی، کۆمەڵێ ڕێباز و ڕێگەی تایبەتیمان هەیە بۆ سازکردنی وشە و زاراوەی نوێ، بۆیە لێرەدا گرنگترین ڕێبازەکانی دروستکردنی وشە و زاراوە دەخەینەڕوو:

### یەکەم: ڕێبازی وەرگرتن

لەم جۆرەدا وشە یان زاراوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر فەرز دەکرێن وەردەگیرێت.[١] واتە وشەیەک یان زاراوەیەک لە زمانێکی ترەوە وەردەگرین، ئەمیش هەندێجار وەرگرتنەکە وەک خۆی دەبێت، بەڵام هەندێجاری تر وەرگرتنەکە بەهۆی

١. کامیران ڕەحیمی(٢٠٠٦)، خەسارناسی وشەسازی لە زمانی کوردیدا، گ. زمانەوانی، ژ (٣)، زستانی ١٣٨٥، ل ١٧.

زیـادکردنی پیتێـک یـان زیـاتر، یـاخود بە کەمکـردنەوەی پیتێک یان زیاتر دروست دەبێت.[1]

وەرگرتن بۆ دانان و دروستکردنی زاراوە لەهەموو زمانێکی پێشکەوتوودا کارێکی رەوایە، ئەگەر بڕوانینە زمانی ئینگلیزی، ئەوا بەردەوام وشە و زاراوەی نوێ دێتە ناو زمانەکەیانەوە، فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی پێ دەوڵەمەند دەکرێت.زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی کەبەردەوام وشەی نوێ وەردەگرێت و لە کاروباری ڕۆژانەدا بەکاری دەهێنێت، چونکە زمان پێویستی بە وشە و زاراوەی نوێ هەیە، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە بەردەوامەی کەوا ڕوودەدات، لەبەر ئەوە زمانەکان پەنا دەبەنە بەر زمانەکانی تر، تاوەکو پێداویستییەکانی فەرهەنگی زمانەکەیان دابین بکەن.

دیـارە ئەمـڕۆش کە زمـانی کـوردی بەهـۆی ڕێبـازی وەرگرتنەوە دەیان زاراوەی لە زمانی عەرەبی و فارسـی و

---

١. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٤٣٥.

تـوركی و ئینگلیـزی وەرگرتـووە و بـۆ دەربـڕین لە بیـر و هەست و ناونانی شتومەكی داهێنراو بەكاری هێناون.[1]

لێـرەدا دەبـێ وشــە و زاراوە وەرگیراوەكـان بخـرێنە ژێـر ڕكێفـی دەسـتووری زمـانی كوردییەوە، هەروەكو لەم بـارەوە (د.جەمـال نەبەز)دەڵێـت: ((هەر وشــەیەكی بێگـانە هــاتە نــاو زمــانی كــوردی دەبــێ بخــرێتە ژێــر ڕكێفــی دەستووری زمانەوانی كوردییەوە و لە ڕووی مۆرفۆلـۆژی و فۆنۆلۆژی و ئۆرگۆگرافییەوە)).[2] وشەكانیش بۆ نموونە وەكو:

وشـەی عـەرەبی:(زەكـات، حەج، قەڵـەم، دەوڵـەت، شـێخ، عەبدوڵلا، عومەر، قادر،........ هتد).

وشــەی فارسی:(سروشــت، نایــاب، وەرزش، نمــایش، ئەندێشە، دەروێش.....هتد).

وشــەی توركی:(قەرەباڵــەغ، یـاپراغ، پـەرداغ، دۆندرمــە، پاقلاوە، دۆشەك، دۆڵمە...هتد).

---

١ ـ كامل حسن بصیر(د)(١٩٧٩)، زاراوەی كوردی، چاپخانەی زانكۆی سلێمانی، ل ٤٨.

٢ـ جەمال نەبەز، زمانی یەكگرتووی كوردی، بامبێرگ، ئەڵمانیا، ١٩٧٦، ل ٧٧.

وشـەی ئینگلیـزی:( پۆزەتیـڤ، نێگەتیـڤ، ئەلتەرنـاتیڤ، سانســۆر، فۆلكلــۆر، فــیلم، ســوپەرماركێت، فرێــزەر، تەلسكۆپ،.....هتد).

وشەی یۆنانی:( ئەتڵەس، ئۆقیانووس، ئـەڵماس، ئەنتیكـە، سنوور....هتد).

وشەی سریانی:(یەڵدا، شەممە، خشڵ، خەبات....هتد).

وشـەی فەرەنسی:(پاسـپۆرت، بۆفیـە، دیگـۆر، سـاڵۆن، كۆبۆن، مۆبیلیات، گڵۆپ، بەلەكۆنە،.....هتد).

وشەی ئیتاڵی:(ستۆدیۆ، تیاترۆ، كارتۆن، پیانۆ، گازینۆ، پانتۆڵ، نمرە....هتد).[1]

وەرگرتنی وشە و زاراوەش لە هەموو زمانێك، كارێكی ڕەوا و ڕێگەپێــدراوە و زۆربــەی زمانــەوانان لەســەر وەرگرتنی وشە و زاراوە كۆكن، چونكە ژمارەی وشـە لـە هـەموو زمانێكدا سـنووردارە، بۆیـە زمانـەكان پـەنا دەبەنـە بـەر وەرگرتنـی زاراوە لــە زمانـەكانی دیكـەوە، بەهۆیـەوە پێویستییەكانی فەرهەنگی زمانەكەیان دەستەبەر دەكەن.

---

١. بەناز ڕەفیق تۆفیق، ڕێگە بنەڕەتییەكانی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی كوردی لە دیالێكتی خوارووداً، نامەی ماستەر، زانكۆی بەغدا، بەشی كوردی، ٢٠٠٨، ل٧٣.

**هۆکارەکانی وەرگرتنی وشە :**

چەندین هۆکار هەن کە بەهۆیەوە دەتوانین وشە و زاراوەی پێ لە زمانێکی ترەوە وەرگرین، ئەو هۆکارانەش هەمەچەشنەن، گرنگترینیان ئەمانەن :

**١. هۆکاری جوگرافی :**

هۆکاری جوگرافی لەنێوان دوو زمان، بۆتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک وشە و زاراوە لە زمانە دراوسێیەکاندا بێتە نێو زمانی کوردییەوە، ئەم وەرگرتنەش لە ئەنجامی هاتوچوونی قسەپێکەرانی نەتەوە جیاوازەکانەوە دروست دەبێت، ئەمەش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی ترەوە دەگۆڕێت، واتا لایەنی دیموگرافی چۆنیەتی وەرگرتنەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە وشەی (زندە)[١]، کە بە مانای (زیندوو) دێت، بە کاریگەری زمانی فارسی دروستبووە، هەروەها وشەی (خەستەخانە)، لە بنەڕەتدا لە وشەی (خەستە)ی فارسییەوە دروستبووە، هەروەها لە زمانی عەرەبیدا هەندێک وشە و زاراوەمان وەرگرتووە، کە بە هۆکاری جوگرافی ئەم زاراوانە گواستراونەتەوە بۆ نێو زمانی کوردی، وەک:(ئینتخاب)، لە بنەڕەتدا عەرەبییە،

---

١- بەدران ئەحمەد حەبیب (٢٠٠٢)، فەرهەنگی زاراوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی یەکەم، ل٢٧ ـ ٢٦.

بەڵام گواستراوەتەوە نێو زمانی کوردی و بە ئاسانی بەکاردەهێنرێت، هەروەها زاراوەی (ئینتاج) ئەویش بەهەمان شێوە لە زاراوەی عەرەبییەوە وەرگیراوە و بە ئاسانی لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێت، یاخود زاراوەی (ئومی) کە بە مانای نەخوێندەوار دێت، ئەمەش لە قسەکردنی ڕۆژانەدا بەکاردێت و هیچ گرفتێک لەکاتی بەکارهێنانیدا بۆ کەسی گوێگر دروست نابێت.

**٢. هۆکاری ئایینی :**

ئایین یەکێکە لەو هۆکارە کاریگەرانەی، کە وا دەبێتە هۆی دروستبوون و وەرگرتنی وشەی نوێ لەو زمانەی، کە وا ئایینەکەی پێ نوسراوەتەوە، زمانی کوردیش کاریگەرییەکی زۆری ئایینی ئیسلامی بەسەرەوەیە، بێگومان ئەم ئایینەش بە زمانی عەرەبی نووسراوەتەوە، ئەمەش وایکردووە وشەیەکی زۆری زمانی عەرەبی بێتە نێو زمانی کوردییەوە، جا بەدەستکارییەوە بێت یان بێدەستکاری بێت. بۆ نموونە وشەی (قەبر، ئایەت، مەولوود، ڕۆح، حەدیس، قیبلە...)، کە لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون و بە هۆکاری ئایینی هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە. هەرچەندە لە زمانی کوردیدا بەرانبەر ئەم وشانە، وشەی کوردی بەکاریش دەهێنرێت، بەنموونە:

قەبر = گۆڕ

مەولوود = لەدایکبوون

حەدیس = فەرمووده

هۆکارێکی تر بۆ هاتنە ناوەوەی وشە و زاراوەی عەرەبی و ئایینی بۆ نێو زمانی کوردی ئەوەیە، کە ((خوێندن و نووسین لە کۆندا بە زمانی کوردی نەبووە، وەک ئەمڕۆ لە کوردستان بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە خوێندن بەڕێوە نەچووە، بەڵکو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەسەر دەستی مەلا و شێخەکاندا بە زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی خوێندوویانە))[1]، بۆیە ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی، کەوا وشە و زاراوەیەکی زۆری زمانی عەرەبی بێتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە.

**٣. هۆکاری ڕۆشنبیری :**

ئاستی ڕۆشنبیری کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەسەندن و بەرفراوانبوونی فەرهەنگی زمان هەیە، ئەم کاریگەرییەش بەهۆی پەروەردەکرنی منداڵ بە زمانی ترەوە دروست دەبێت، یاخود بەهۆی خوێندن بە زمانی تر

---

[1]- ڕۆژان نوری عەبدوڵلا(٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، ل ٢١٢.

دروست دەبێت. زمانی کوردیش بەهۆی ((بارودۆخی خراپی سیاسی کوردستان کە واقیعی ئەوکات وایکردبوو ڕۆشنبیری کوردی کاریگەری زمانی عەرەبی بەسەردا زاڵبێت))[1]، ئەمەش دەبێتە هۆی وەرگرتنی وشە و زاراوەی نوێ و بەرفراوانبوون و گەشەسەندنی فەرهەنگی زمانی کوردی. بۆ نموونە وشەکانی (مەعریفە، عیلم، کتاب، ئیختیلاف، قەڵەم ...) بەهۆی کاریگەری ڕۆشنبیری عەرەبییەوە وایکردووەوە بەسەر زمانی کوردیدا زاڵبێت، دەبێ ئەوەش بوترێت کە بەرانبەر وشەی (قەڵەم)، ئەوا وشەکانی (پێنووس) و (خامە) بەکاردێت، بەڵام لە ئاخاوتندا وشەی قەڵەم تا هەنووکە زۆر بە فراوانتر بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەشدا وشەی (خامە) مێژوویەکی دوور و درێژی بەکارهێنانی هەیە، بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا زۆر بە بڵاوی لەلایەن شاعیرانی کورد بەکارهاتووە، بەڵام گومانی تێدا نییە، ئەمڕۆکە زۆر بە دەگمەن بەکاردەهێنرێت.

---

[1]- ساکار ئەنوەر حەمید (٢٠٠٩)، وشە خواستن لە زمانی کوردیدا، ل ٦٦.

**٤. هۆكاری بازرگانی :**

بازرگانی لەنێوان وڵاتێک بۆ وڵاتێكی تر هۆكارێكی تره بۆ هاتنە ناوەوەی وشە و زاراوەی نویێ بۆ نێو زمانی كوردی، ئەو وشانەی لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە دێتە نێو زمانەكەوە بە خۆماڵی دەكەین، ئەمەش بۆ ئەوەیە تاوەكو تاكەكان لەنێو خۆیاندا لەیەكتر بگەن و یارمەتی یەكتر بدەن، لە بواری ئابووریشدا گەشە بكەن ((ئەمەش بێگومان بە زمانی نیشتمانی دەبێت، ئەو زمانەی خەڵكەكان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەكاری دێنن و بووە بە بەشێک لە ڕۆشنبیریان))[1]، بۆ نموونە ئەو وشانەی كە لە ئەنجامی بازرگانییەوە هاتۆتە نێو زمانی كوردییەوە وەک:(كۆمپانیا، ستی سەنتەر، مۆڵ، سپۆنسەر، بزنسمان، ...)، ئەمانە كۆمەڵە وشەیەكی نوێن، كە زمانی كوردی لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و دروستبوونی پەیوەندی لەنێوان تاكەكان وەریگرتوون، بەهۆی ئەو بوارە بازرگانییەی كە ئەنجامی دەدەن دروستبووە. دیارە ئەم وشانەش ئێمە توانیومانە لەگەڵ سروشت و پێكهاتەی زمانەكەمان بگونجێنین.

---

[1]- نسرین محمد فەخری(د)(١٩٨٧)، ڕێنوسی كوردی، بەغداد، ل ١٢٦.

### ٥. هۆکاری ڕاگەیاندن:

مرۆڤ بەردەوام داهێنانی نوێ بە ئەنجام دەگەیەنێت، ئەم داهێنانانەش دەبنە هۆی دروستبوون و پەیدابونی وشە و زاراوەی نوێ لەناو زماندا، چونکە پێویستە ناوێک بۆ ئەم داهێنانە نوێیە دابنرێت، ئەمەش وادەکات لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە چەندین زاراوەی نوێ وەربگیرێت و بەکاربهێنرێت، دواتر لەنێو کۆمەڵگادا ئەو وشە و زاراوانە بەکاردەهێنرێت و دەبێتە شتێکی نۆرماڵ و باو لەنێو زمانەکەدا ((ئەو دۆزینەوە زانستیانەی کە لە وڵاتانی دیکە ئەنجام دەدرێن و زاراوەی تایبەت بەو بوارانەیان بۆ دادەنرێت زۆرن، لەبەر پێویستی زمانی کوری بەو واتایانە لە بواری زانستیدا، زاراوەکان دێنە نێو زمانی کوردییەوە))[1] ، زاراوە تازەکانیش، وەک:(ئینتەرنێت، مۆبایل، تویتەر، فەیسبووک، سەتەلایت، لاپتۆپ، ئای تی، وای فای....)، کە هەموو ئەمانە لە ئەنجامی گەشەسەندنی زانست و بواری ڕاگەیاندنەوە بە هەموو جیهاندا بڵاوبوونەتەوە و بوونەتە زاراوەیەکی جیهانی، و بە شێوەیەکی بەربڵاو لە بواری ڕاگەیاندنەکاندا بەکاردێت.

---

[1]- ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا(٢٠٠٠)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، ل٢٢٦.

**٦. هۆکاری دەروونی :**

باری دەرونی هۆکارێکە بۆ دروستبوون و وەرگرتنی وشە و زاراوەی نوێ لەنێو زمانی کوردیدا، هەمیشە ترس وا لە مرۆڤ دەکات لە ڕووی دەروونییەوە نائارام بێت، ترسی مرۆڤ لە زۆر شت وا دەکات کۆمەڵێک وشەی تر وەربگرێت و لەبری وشە ڕەسەنەکە بەکاری بهێنێت((لە زۆر کۆنەوە خەڵکی ئەو هێز و قودرەت و گیانلەبەرانەی کە لایان پیرۆز بوون، یان سەرچاوەی مەترسی بوون، ناوی ڕاستەقینەیان دەشاردەوە، وایان زانیوە بە ناوی تر ناوی ببەن باشترە))[1]، بۆ نموونە ئەگەر ژمارە (١٣سێزدە)بێت، دەڵێین (زیادە)، چونکە لە ڕووی دەرونییەوە ئەم ژمارەیە بە ژمارەیەکی بەختی خراپ دەزانن، یاخود بە نەخۆشی(شێرپەنجە) دەڵێین(دەردە پیسەکە)، لەبەر ئەوەیە کە لە ڕووی دەروونییەوە هەمیشە مرۆڤ ترسی لەم نەخۆشییە هەبووە و هەیە، بۆیە وا دەکات بە ناوی ڕاستەقینەوە ناوی نەهێنێت. دیارە ئەم وشانەش ئەمڕۆکە ناوێکی تری بۆ داندراوە، ئەویش پێی دەوترێت (تابۆ)، واتە وشە قەدەغەکراوەکان.

---

[1]- عەبدوڵڵا عەزیز بابان(١٩٩٠)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاّ حەدین، ل٦٨.

**٧. هۆكاری سیاسی :**

هۆكاری سیاسی كاریگەرییەكی زۆری لەسەر زمان هەیە، بەشێوەیەكی گشتی ((پەیوەندیەكی بەتین لەنێوان هەستی نەتەوەیی و زمانی نەتەوایەتیدا هەیە. تاوەكو هەستی نەتەوایەتی بەهێزتربێت، زمانی نەتەوەیی پتر بایەخی پێ دەدرێت و بەرەو پێشەوە دەڕوات))[١]، بەهۆی بیری سیاسی و نەتەوایەتییەوە وشەیەكی زۆر وەرگیراوە و دروستبووە و هاتۆتە نێو زمانی كوردییەوە، ئەمەش وایكردووە فەرهەنگی زمان كوردی دەوڵەمەند بێت، لەلایەكی ترەوە بۆتە هۆی گۆڕینی واتای هەندێک وشە، بە مەبەستی گەیاندنی ئەو پەیامەی كە هەیەتی. هۆكاری سیاسی ڕۆڵی كاریگەری هەبووە لە بوژاندنەوەی زمانی كوردی بەتایبەتی، چونكە زمانی نوێ بووە ئامرازێک و هۆكارێک بۆ گەیاندنی ئەو بەرهەمە فكریانەی كە لەبەر دەستی جەماوەردابوون.

ئەگەر بڕوانینە زمانی كوردی پێش ڕاپەڕین، ئەوا دەبینین چەندین وشەی نوێ هاتە نێو فەرهەنگی زمانی كوردییەوە، وەک (ئەمن، موئامەڕە، تەنزیم، خەلیە، ..)،

---

١- ڕۆژان نوری عەبدوڵلا(٢٠٠٦)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی كوردی، ل ١٥٥.

بەڵام دوای ڕاپەڕین چەندین وشەی نوێ دروستبوون و هاتنە نێو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە، ئەوانیش (ئیسلامی سیاسی) کە بەو کەسانە دەوترێت سەر بە پارتێکی سیاسی ئیسلامین، یاخود (لیستی زەرد، لیستی سەوز) بەو کەسانە دەوترێت کە سەر بە لایەنی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)ن، یاخود ئێستا (زۆنی زەرد، زۆنی سەوز) بەکاردێت، بۆ دەسەڵاتی هەردوو حیزبی سەرەکی کە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، یان (حکومەتی کاربەڕێکەر) بەو حکومەتە دەوترێت، کە لەڕووی یاساییەوە ماوەی دەسەڵاتی تەواوبووە، بەڵام بەشێوەیەکی کاتی کابینەی پێشوو بەڕێوە دەبات.

**دووەم: ڕێبازی خوازە**

خوازە لە بواری زمانەوانیدا واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە وشەییێک بۆ گەیاندنی واتایەک، جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی بەکاربێت.[(١)] لە هەمان کاتیشدا خوازە لە بواری ئەدەبیشدا بۆ مەبەستی جوانکاری بەکاردێ،

---

١ـ محمد على الخولى، معجم علم اللغة النظري، انكليزي ـ عربي، مكتبة لبنان، لبنان، ١٩٨٢، ص ١٦٨.

چونکە بابەتەکانی ڕەوانبێژی بە گشتی و خوازە بەتایبەتی لە بواری زمانەوانی نوێدا دەچێتە ناو پراگماتیکەوە.[1]

خوازە لە بنەڕەتدا دوو جۆرە:[2]

**١ـ خوازەی حەقیقی**: بەو مانایە دەوترێ کە ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی بابەتی واقیعی پیشان دەدات.

**٢ـ خوازەی مەجازی**: بەو مانایە دەوترێ کە ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی بابەتی واقیعی پیشان نادات، بەڵکو لەڕێگەی پەیوەندییەوە لەگەڵ دیاردەکەیدا مانا دەدات. گومانی تێدا نییە کە خوازە زمان لە دەربڕینە باو و سواوەکان ڕزگار دەکات، کە بە تێپەڕبوونی کات ژەنگ دەهێنن، دووبارە گیان بە بەر زمان و فەرهەنگی وشەکاندا دەکاتەوە.[3]

واتە خوازە بریتییە لە گواستنەوەی وشە لە مانا بنچینییەکەی خۆیەوە بۆ مانایەکی نوێ، واتا هەندێ وشەی کۆن دێنن مەبەست و مانای تازەی پێ دەردەبڕن و وای

---

١ـ محەمەد مەعروف فەتاح، موحازەراتی خوێندنی باڵا ـ دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٦.

٢ـ کامل بصیر، هەمان سەرچاوە، ل ٥٧.

٣ـ ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠٠٧، ل ١٧٧.

لێـدێت کــە وشـــەکە چــەمکێکی نــوێ لــەجیاتی چەمکــە سواوەکەی جارانی یان چەمکێکی تازە سەرباری چەمکە کۆنەکەی دەردەبڕێت.

گومـانی تێدا نییە کە خـوازە زمـان لە دەربـڕینە بـاو و سـواوەکان ڕزگـار دەکـات، کە بە تێپەڕبـوونی کـات ژەنـگ دەهێنن، دووبارە گیان بە بەر زمان و فەرهەنگی وشەکاندا دەکاتەوە.[1]

خــوازە زمـــان ڕزگـــار دەکـــات لـــە دەربڕینـــە بـــاو و سواوەکان، کە بە تێپەڕبوونی کات ژەنگ دەهێنن، دووبارە گیـان بـە بـەر زمـان و فەرهــەنگی وشــەکاندا دەکاتــەوە، هەروەک هۆراس دەڵێت: بە هەموو وچەیەک ڕێگا دراوە و هەمیشـــــە ڕێگایـــــان پێـــــدەدرێت بـــــەگوێرەی بـــــاوی سەردەمەکەیان وشە سازبکەن، هـەروەکو چۆن دارستان پـاش تێپـەڕبوونی سـاڵ گـەڵاکانی دەگۆڕێتـەوە، ئـەوەی لـە پێشــدا ســەوز بووبــوو، دەڕزێــت، هــەروەها وشــەکانیش کۆنترینیان زووتر بـەرەو نـەمان دەڕۆن، بـەڵام نوێیـەکانیان وەکو وچەیەکی تازەپێگەیشتوو سەوز و بەهادارن.[2]

---

١ـ ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠٠٧، ل ١٧٧.

٢ـکامل بصير، هەمان سەرچاوە، ل ٣٢ ـ ٣٣ .

بۆ نموونە ئەگەر سەیری وشەی (ئاگرنانەوە) بکەین، دەبینین دوو واتای هەیە، یەکەکیان واتای سەرەکی خۆی، کە (ئاگر بەردان لە شوێنێک کە بسووتێ) دەگەیەنێ و واتای دووەمیان کە خوازەیە و مەبەستی سەرەکی بابەتەکەمانە، بە واتای (هەڵگیرسانی شەڕ و ئاشووبنانەوە) دێت .[1]

یاخود وشەی (ماڵوێرانی) کە لە بنچینەدا ئەم وشەیە بۆ ئەو حاڵەتە بەکاردێ، کە یەکێک خانووەکەی خۆی تووشی تێکچوون و وێرانبوون هاتبێ، کەچی توانراوە ئەم وشەیە لەم واتایە بگوازرێتەوە بۆ واتایەکی تر، بەجۆرێک کەسێک تووشی ڕووداوێکی ناخۆش بێت، لەوانە لە دەستدانی یەکێک لە ئەندامانی ماڵەوە یاخود تووشی ڕووداوێکی تری ناخۆش هاتبێت.[2]

هەروەها هەندێ نموونەی تر لە خوارەوە لەبارەی خوازە ڕووندەکەینەوە:

**- دیوار بە گوێیە. واتە لەوکاتەی کە قسە دەکەیت، دەتوانرێت گوێت لێ بگیرێت، کە وا دەزانی کەس گوێی لێت نییە.**

---

١- کامل بصیر، هەمان سەرچاوە، ل ٥٧.

٢- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٧.

**زماندرێژ: واتە هار و هاج و قسە لە ڕوو.**

**ڕووڕەش: واتە کەسێکی خراپەکار و تاوانبار.**

**لووت خوار: تورە، ناڕازی.**

**دووزمان: ئەو کەسەی قسە دەهێنی و قسە دەبات بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان دوو کەس.**

**سێیەم: ڕێبازی لێکدان**

زمانی کوردی هەروەکو لە وشەسازیدا باوە، زمانێکی پێکەوە لکاوە و وشە و دەربڕینەکانی ناسادەو لێکدراون، ئەم تایبەتمەندییانەی زمانی کوردی، بەوە چەسپیوە کە بەهۆی ڕێبازی لێکدانەوە، زۆربەی ناو و کارەکان لەسەر بنچینەی یەکگرتنی دوو وشەی واتادار یان زۆرتر لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا پەیدابوون و وەک وشەیەکی خاوەن واتایەکی سەربەخۆ، خۆیان چەسپاندووە .[(١)]

بەهۆی ئەم ڕێبازەوە یاساکانی پێکهاتنی زۆربەی بەشە ئاخاوتنەکان دەگرێتەخۆ (ناوی لێکدراو، جێناوی لێکدراو، ئاوەڵناوی لێکدراو، کاری لێکدراو، ئاوەڵکاری

---

١ـ جەمال عەبدول، بەرکولێکی زانستی زاراوەسازیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی قەشەنگ، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ١٦.

لێکدراو، ژمارەی لێکدراو،......هتد) وەکو :(نوێخواز، کۆنەپەرست، ڕەشماڵ، دارگوێز، دەنگوباس، ڕێنووس، مانگەشەو، چاوشین، ...هتد).[1]

**چوارەم: ڕێبازی داتاشین**

ڕێبازێکە بۆ سازکردنی وشە و زاراوەی نوێباو، لە دوو وشەی سادە پاش قرتاندن و فڕێدانی دەنگێک یان زیاتر لە یەکێک لە وشە سادەکان یان لە هەردووکیان، ئینجا بەدەم یەکتر دانانیان و سازکردنی زاراوەیەکی نوێ لە هەردووکیان،[2] بەو واتایەی دروستکردنی وشەیەک لە دوو وشەی سەربەخۆ یان زیاتر، بەمەرجێک هاوئاهەنگی لە بێژە و واتای نێوان وشە داتاشراوەکە و هەردوو وشە یان زیاتر لە وشە لێداتاشراوەکان هەبێت.[3] وەکو:

**شت + مەک = شمەک**

**گا + ئاسن = گاسن** [4]

---

١ـ ڕۆژان نووری عەبدوللا، هەمان سەرچاوە، ل ١٥٦.

٢ ـ کامل بصیر، هەمان سەرچاوە، ل ٦٩.

٣ـ علي القاسمي(د)(١٩٨٥)، مقدمة في علم المصطلح، بغداد، ص ١٠٢.

٤ـ کامل بصیر، هەمان سەرچاوە، ل ٧٠.

**تام + ئارەزوو = تامەزرۆ** [١]

**ئەمیر + زادە = میرزا** [٢]

**رێگە + نووسین = رێنووس**

**رێگە + زمان = رێزمان**

**پاد + شاه = پاشا** [٣]

**خورما + مێوژ = خورمژ**

کەواتە دروستکردنی وشەیەک لە دوو وشەی سەربەخۆ یان زیاتر، بەمەرجێک هاوئاهەنگی لە بێژە و واتایاندا هەبێت لە نێوان وشە داتاشراوەکە و هەردوو وشە یان زیاتر لە وشە لێ داتاشراوەکان. [٤]

**پێنجەم: دارشتن**

لێرەدا سازکردنی وشە و زاراوە بەهۆی پێشگر و پاشگرەکانەوە دەبێت، چونکە بەهۆی ئەم رێبازەوە دەتوانین چەندین وشەی نوێباو بەهۆی پێشگر و

١ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٦.

٢ـ کامران رەحیمی، هەمان سەرچاوە، ل ١٩.

٣ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٩.

٤ـ محەمەد وەسمان، گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٦٠.

پاشگرەکان ساز بکەین، کە واتاکەیان لەگەڵ واتای وشە سەرەکییەکە جیابێت.[1]

کەواتە لە دارشتندا بێژەیەک لە بێژەیەکی دیکەوە دابرێژێت، بەمەرجێک هەماهەنگی و گونجانیان لە بێژە و واتا لە نێواندا هەبێت،[2] وەکو:

**ڕاکرد، هەڵکرد، کردەوە..**[3]

**هەڵگرت، گرتەوە، داگرت..**[4]

**ئاسنگەر، گیاندار، دوکاندار..**[5]

ئەم جۆرە وشانە لە وشەسازی کوردیدا بە ناوی وشەی (دارێژراو) ناودەبرێن، بۆمان هەیە چۆنیەتی لەدایکبوونیان و ناوەکەیان لە زاراوەسازیدا بە ڕێبازێکی زاراوەدانان دابنێین و کەڵک لەم ڕێبازەوە وەربگرین بۆ سازکردنی زاراوەی نوێباوی کوردی.[6]

---

١. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٦.

٢. محەمەد وەسمان، هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.

٣. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٦.

٤. هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٦.

٥. کامل بصیر، هەمان سەرچاوە، ل ٧١.

٦. هەمان سەرچاوە، ل ٧١.

**شەشەم: ڕێبازی وەرگێڕان**

گرنگترین ڕێبازی سازکردن و هاتنە ئارای وشەیە، بەهۆیەوە وشەیەک لە زمانێکی ترەوە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانێکی تر.[1]

وەرگێڕانی وشە و زاراوە لەهەر زمانێکەوە بێت، واتای تەنیا وەرگێڕانی زاراوە وەرگێڕدراوەکەیە و لە (دەق) وەرگێڕان جیاوازە، وەرگێڕانیش سێ جۆری سەرەکییە، وەرگێڕانی وشە بە وشە، وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە، وەرگێڕانی بە خورپە و سروشەوە.[2] کەواتە لە وەرگێڕاندا ((گوازتنەوەی زاراوەی بیانی بۆ زمانی کوردی بە واتاکەی نەک بە بێژەکەی، وەرگێڕ لە زمانی کوردیدا بەدوای بێژەی بەرانبەر ئەو چەمک و واتایەدا دەگەڕێت، کە هەمان واتای زاراوە بیانییەکە بدات یان کوردی چی ناونانێک لەم چەمک و وشە دەنێت، کە زاراوە بیانییەکەی بۆ دانراوە، دوای ئەوەی دەیدۆزێتەوە بە پلەی گونجان و نەگونجانی لەگەڵ چەمکە بیانییەکەی لە هەموو لایەنێکەوە دەکۆڵێتەوە ئینجا بەکاری دێنێت)).[3]

١ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، ل ٤٣٧.

٢ـ جەمال عەبدول، هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.

٣ـ محەمەد وەسمان، هەمان سەرچاوە، ل ٦٠ ـ ٦١.

وەرگێـڕان لە دنیـای ئەمڕۆکەمانـدا زۆر گـرنگە، بـۆیە پێویستە لە وەرگێڕانی زاراوەکاندا زۆر وریـابین و هەرگیـز لە وەرگێڕانـی وشـە بە وشـە نزیـک نەبینەوە، بەتـایبەتی لە کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندندا.

دەبـێ ئەوەش بگوترێـت، کە وەرگێـڕان دەبێـتە هـۆی دەوڵەمەنـدکردنی زمـان و، پـاڵ بە مـرۆڤەوە دەنێـت، بـۆ ئەوەی بەدوای وشــە و زاراوەی نـوێ و بۆچـوونی نوێـدا بگەڕێت.[1]

تعمیم : گشتاندن، بەگشتی کردن[2]

ڤالانتاین : ڕۆژی خۆشەویستی[3]

---

١ـ کەمال مەعروف(د)، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣، ل ١٢٢.

٢ـ جەمال عەبدول، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

٣ـ ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١.

## بەشی دووەم: چاککردنەوەی هەڵەی هەندێ وشەی بەکارهاتووی زمانی کوردی

هەڵــبەت زمــان برِبــرِەی پشــتی نەتەوە و دیــارترین ناسـنامەیەتی لە نێـو میللەتـانی دیکەدا...زمـان شـادەماری هاوسـۆزی و هەسـتی یەکبـوونی نێـو ئەنـدامانی مـیللەتە، بەتـایبەتی بـۆ میللەتێکـی بـێ کیـان و لەت لەتکـراوی وەک کورد کە شوورەی سەختی پاراستن و دوورخستنەوەیەتی لە توانەوە و لەنێوچوون و، بەدرێژایی مێژوو پرِە لە تاڵی و ســـوێرییەکەی، کە تراژیـــدیانامەیەکی تەواوە، زمـــانی کوردی مەحکەم و قایم لەجیاتی ئاڵا شـەکاوەتەوە و بوون و رِەسەنایەتی گەلی کوردی بۆ هەموو لایەک سـەلماندووە و، هەمـــوو هەوڵێکـــی نـــاحەزانی نەتەوەکەمـــانی لەمەرِ تواندنەوە و حاشالێکردنی، کردۆتە بڵقی سەر ئاو.

لەو سۆنگەیەوە، لەسەر هەموومانە هەوڵی شێلگیرانە بۆ پاراســتن و پتەوکردنــی بــدەین و، لەو بــواردا چــی لە دەستمان بێت، دریغی نەکەین و، ئەو ئەرکە نەتەوایەتـی و مێژووییە هەرچی چاکتر و دڵسـۆزانەتر رِاپەرِێنین، چونکە زمانەکەمـــان هێمـــای یەکبـــوونی کـــوردی کوردســـتانی

نیشتیمانیەتی و، دەیسەلمێنێ سنوورەکانی نیشتیمانەکەمان دەستکردن و لەو بوارەدا هاوسۆزییەکی بەهێز لەنێو کوردانـدا بەدی دێنێت کە تاڕادەیەکی زۆر باری نالەباری لەت لەتبوونی تێهەڵدێنێتەوە.

دیارە ئەو کارە لە سەردەمی ئێستاماندا لە هەموو کاتێکی دیکە پێویستترە، چونکە چەندەها وشە و دەربڕینی زمانەکەمان بەهۆی خەڵکی ناشیی و زمان نەزانەوە، گەلێک شێواون و بێ سەرە و بەرەیییەکی زۆریان پێوە دیارە و، کار وا بڕوات زمانەکە تەواو دەشوێنن و لەپەلوپۆی دەخەن، چونکە بە وشەی ناقوڵا و ناحەز و نالەبار و تەعبیری ناکوردانە ئاخنزاوەکە لەگەڵ ئاخاوتنی ڕەسەن و ڕەوان و هەستی زگماک و کوردانە و سەلیقەی خەڵک نایەنەوە...

گرنگترین ئەو هەڵە و هەڵەگووتنانەی ئەوڕۆ لە نووسینی کوردیدا وەبەرچاو دەکەون، دەکرێ بەم جۆرە ڕێزیان بکەین:

**یەکەم : لە بواری بەکارهێنانی وشەدا**

لەمێژە ڕەوتێک لە نێو نووسینی کوردیدا هەیە بە نیازە زمانی کوردی لە هەرچی وشەی بێگانەیە بژار بکات،

دیـاره ئەو کـاره بەنیـازی چـاکی خزمەتکردنـی زمـانی شیرینی کوردیی دەکرێت، بەڵام وەک گوتراوە:" کلمة حق یراد بها باطل" قسەیەکی هەقە و ناهەقی لێ دەکەوێتەوە" ز زیـان لە زمـانی کـوردیی دەدات، چـونکە لەسـەرێکەوە ئەو کـاره پـێچەوانەی ئاراسـتەی پەرەسـتاندن و گەشـەکردنی زمـانە و ئەو وشـە بێگانـانەی هـاتوونەتە نێـو کـوردیی، زۆربەیـان وا تـواونەتەوە، وەکـو وشـەی کوردییـان لـێ بەسـەرهاتووە و هەمـوو کـورد تێیـان دەگـات، لەلایەکـی دیکەشـەوە هەر زمانێـک کـارلێککردنی دەگەڵ زمانـانی دیکەدا نەهێلرێت، وشـک هەڵدێت و بەرەو کزی و لاوازیـی دەچێت...تەماشـاکە زمـانێکی وەکـو ئینگلیزیـی چەنـدین وشەی وەک(Cotton) و (algebra)ی لە زمانی عەرەبی وەرگرتووە- بۆ نموونە- کە یەکەم لە (قطن) و دووەمیش ( الجبر) وەرگیراوە.

زمـانی بەرز و پـاراوی فارسـی پـڕە لە وشـەی بێگـانە، بەتـایبەتی عەرەبی، بەڵام زمـانێکی سـەربەخۆیە و خـاوەنی تایبەتمەنـدی خـۆیەتی، ئەو وشـانەش کە وەریگرتـوون لەگەڵ فۆنەتیـک و تایبەتمەنـدی خۆیـدا گونجانـدوونی، هەندێکیشیان تەنها ڕووخسارەکانیانی وەرگرتووە و مەعنـا و نێوەرۆکی نوێی داونەتی، بۆ نموونە:

وشـەی" جـامعە"ی عەرەبیـی وەرگرتـووە کە بە مەعنـای" زانکـۆ" دێـت، بەڵام مەعنـایەکی تـازەی پـێ بەخشـیوە، کە" کۆمەڵ"ە، هەروا وشـەی " استـغال"ی عەرەبی کە چـاوگێکە لەسـەر کێشـی" افعـال" و "سـەرقاڵکردن" دەگەیەنێت، وەری گرتووە و بۆ داگیرکردن" استعمار" بەکاردێنێ.

هەڵبەت کوردیی- ش زمانێکی پتەو و ڕەسـەنە و، ئەگەر لێی گەڕێن هەنگاوی سروشتی گەشەکردن و پەرەستاندنی زمـانی هەڵـدێنێ، ئەویـش وەکـو فارسـی وشـەی عەرەبـی وەرگرتـووە و مەعنـای تـازەی داوتـێ، وەکـو: (قەول) کە چـاوگێکی زمـانی عەرەبییە و "قسـە و گـوتن" دەگەیەنێـت، بەڵام لە کوردیـــدا مەعنـــای" پەیمـــان و بەڵـــێن" دەگەیەنێت...دیـارە ئەو وشـانە بە هەمـوو پێودانگێـک بە کـوردی حیسـابن و بەکارهێنانیـان لە زمانەکەمانـدا" وەکـو گەزۆ و مـازوو حەڵاڵە" و بەهـیچ جۆرێـک نـابێ سـڵیان لـێ بکەین.

جـا ئەگەر بێتـو وشـەی بێگانەکـانی نێـو زمـانی کـوردی پـۆلین بکەیـن، دەتـوانین بەسـەر ئەم بەشـانەی خـوارەوەدا دابەشیان کەین:

١-ئەوانەی- وەکـــو گوتمـــان- لەمێـــژە هـــاتوونە نێـــو زمانەکەمان و تەواو تێیدا توانەتەوە و هەموو کورد تێیان

دەگات، دیارە ئەوانە بە کوردی لەقەڵەم دەدرێن، وەکو وشەکانی: شیعر، شاعیر، زەکات، سەرفترە، حەج، عەرەفە، سەعات، بەحر، قیامەت...هتد.

ئەو جۆرە وشانە بەکارهێنانیان شتێکی زۆر ڕەوا و ئاساییە و پێویست ناکات وشەی داتاشراوایان لەجێدانێین، بۆ نموونە شتێکی بەجێ نییە،" هەڵبەست و هۆنراوە" لە شوێنی " شیعر" و " هەستیار" لە شوێنی " شاعیر" و "کاتژمێر" لەجیاتی"سەعات" بەکاربێنین، چونکە " هەڵبەست و هۆنراوە" لە بنەڕەتی زمانی کوردیدا بە مەعنای " بوختان" و " شتی هەڵبەستراو" دێت، ئێستاش لە لادێدا دەربارەی بوختان و قسەی هەڵبەستراو دەڵێن: هەمووی هەڵبەست و درۆیە، واتا: بوختانە..." هەستیار"یش- نەک هەر شاعیر- هەموو کەسێک دەگرێتەوە، چونکە هەموو کەس، کەم تا زۆر، هەستی هەر هەیە و لە بەرانبەر دیاردە و شتاندا" هەستیار"ە...هەرچی وشەی" سەعات"یشە، با لە بنچینەشدا عەرەبی بێت، گۆڕانی بەسەرداهاتووە لە " سەعات"ەوە کراوەتە" سەعات" و " کاتژمێر" ئەگەر بۆ جیهازی" سەعات"یش ڕاست بێت، ناکرێ بۆ ماوەی شەست دەقیقەکە بەکاربێت و بۆ نموونە بڵێین: کاتژمێر دوو...، چونکە " کاتژمێر" وەکو " گەرمی پێو" ...هتد ناوی

بکەر" اسم فاعل"ە و سەعاتێک کە "٦٠" دەقیقەیە بۆ خۆی کاتە، نەک" کاتژمێر"...بێگومان بۆ هەر یەکێک لەو وشانە ئەگەر وشەیەکی کوردی ڕەسەنمان هەبێت، شتێکی زۆر بەجێیە بەکاری بێنین، بەڵام نەچین وشەی داتاشراوی ناشیانەیان لە جێی دانێین، وەکو ئێستا بیکەینە پاشاگەردانیی و هەرچی پێوانە(قیاس) و ڕێوشوێنی زمانی کوردییە بیشێوێنین و" دۆ و دۆشاو تێکەڵکەین" !

٢-ئەو وشانەی مەعنای نوێیان وەرگرتووە، واتا: بە ڕووخسار بێگانە و بەنێوەرۆک کوردین، وەکو: قەول، قەتڵ، حورمەت، مسکێن، عاسێ، عەجایب، مەعتەڵ، تەعلیق...وەکو پێشتر باسمان کرد ئەوە نیشانەی زیندوویی و سەربەخۆیی زمانەکەمانە و لە زمانی فارسیدا شتی وا یەکجار زۆرە، لەبەرئەوە دەبێ ئێمەش ئەو وشانە بە موڵکی حەڵاڵی خۆمان بزانین و بێ پەروا بەکاریان بێنین، نەخاسمە کە وشەی جێگری ئەوانمان وەدەست نەکەوتن، ڕەنگە هەندێک کەس وای بە بیردابێت بۆ نموونە " قەتل" عەرەبییەکی ڕووتە و بە ڕووخسار و نێوەرۆکەوە هاتۆنە نێو زمانەکەمان، بەڵام وا نییە، چونکە" قەتڵ" لە عەرەبیدا "کوشتن" دەگەیەنێ بەشێوەیەکی ڕەها، بەڵام " قەتل" لە کوردیدا تەنها بۆ کوشتنی بە ناهەق بەکاردێت....

"حــورمەت"یش لە عەرەبیــدا " قەدەغە و حەرامبــوون" دەگەیەنــێ، بەڵام لە کوردیــدا " ڕێزگــرتن"، "مســکین" بە عەرەبــی" هەژاری نەدار"ە، بەڵام بە کــوردی بــێ زیــان و بێــوەی، " عاســێ" کە بە عەرەبی"عاصــی"یە و هاوواتــای " یاخی"ی کوردییە، لە کوردیدا مەعنای "سـەخت" دەگەیەنێت و، لە کوردیــدا وشــەیەکی دیکەشــمان هەیە کە مەعنــای" یــــاخی"یە و لە عەرەبیــــی وەرگیــــراوە- هەڵــــبەت هەر ڕووخسارەکەی- و نێوەرۆک و مەعنای تازەی وەرگرتووە کە " ئەشـقیا"یەکی لە کۆی"شـقی" وەرگیـراوە کە (اشـقیاء)ە و، "شـــقی" لە عەرەبیــــدا دژی " ســـعید"ە و" بەدبەخـــت" دەگەیەنێــت، بەڵام ئەوەتــا کــوردییەکە نەک هەر مەعنــای گــۆڕاوە، لە ڕووخساریشــدا کــۆیەکەی وەرگرتــووە، نەک تـاک..هەڵبەت وشـەی "عەجایـب"یش هەر وایە و بەشـێوەی کــۆ وەرگیــراوە، بەڵام لە کوردیــدا هەر مەعنــای تــاکی هەیە،....."مەعـــتەل"یش کە لە " معطـــل" وەرگیـــراوە، لە عەرەبیــدا " پەککەوتــوو و لەکــارخراو" دەگەیەنێــت، بەڵام کوردییەکەی "ڕاگـرتن و دواخسـتن"ە وەکو دەڵـێن: چیـدی مەعــتەڵم مەکە، " تەعلیــق" یــش عەرەبیــیە و لە چــاوگی کرداری" علـق"ی عەرەبی وەرگیـراە و، " علـق" بە عەرەبی واتــا: لێــی دوا و ســەرنجی لەســەر دەربــڕی، بەم جــۆرە-

مانـای چـاوگه له عەرەبیـیەکه دەبێـتە" لێـدوان و سـەرنج لەسەر دەربڕین". بەڵام بە کوردی مەعنای" پلـلار و توانج و تـانه و تەشـەر"ی هەیە، جێـی خـۆیەتی لێـرەدا بڵێـین کە بەهـۆی ڕیشـە عەرەبـیەکەی و بێئاگـایی له مەعنـاکەی له زمـانی عەرەبیـدا، "گەڵێـک جـار له کوردیـدا به هەڵە بەکاردەهێنرێن، چـونکه پێیـان وایه وشـەکه له عەرەبیشـدا هەر " تـوانج و تەشـەر"ه، بـۆیه وەک چـۆن لەبـن هەنـدێک وێنەی کاریکاتێریدا بە عەرەبی دەنووسریٚ" بدون تعليق"، بە کـوردیش بەهەڵە وەریـدەگێڕن و دەیـکەنە " بێتـوانج"! بێگومـان لەجیـاتی ئەوه دەبێ بنووسـن" بێ لێدوان"، " بـێ سەرنج دەربڕین"،" بێ لەسـەر ڕۆیشـتن"...بەڵام دیـاره ئەو نووسەرانه ئاگایـان لەو جۆره وشـانه نییه که کورد تەنها ڕووخسارەکانیانی وەرگرتوون و مەعنای سەربەخۆیی پێ بەخشیون.

٣- ئەو هەموو وشه زۆرەی ئێستا له نووسینی کوردیدا بەکـاردێن- بەتـایبەتی له شـیعر و ئەدەبـدا- هەڵـبەت ئەو وشـانه- چ عەرەبی بـن، چ ڕۆژئـاوایی- بەکارهێنانیـان هـیچ پاسـاوێکی نیـیه، چـونکه لەنێـو زمانەکەمانـدا هـیچ ڕەگ و ڕیشەیەکیان نییه و کوردی له قسەکردندا بەکاریان نـاهێنی و تەنهـا مـایەی شـێواندنی زمـانی کـوردین و هیچـی دی،

دیاره ئەو وشانە زۆرن، بەڵام بۆ نموونە ئەوانە دەژمێرین: حــوزن، یەئــس، عومــق، فەعــال، فوقــدان، مــوراوەحە، مونــاوەبە، ســەرە....لە عەرەبیــدا و، دیفــاکتۆ، دۆکیۆمێنــت، پرۆســـێس، پرانســـیپ، دیســـپلین، میکـــانیزم، مـــۆدێرن "مۆدرێن!"...لە زمانە ڕۆژئاواییەکاندا....لە زمانی خۆماندا، لەجیاتی زۆربەی ئەو وشــانە، وشــەی کوردی خۆماڵیمــان هەیە، بــۆ نمــوونە بــۆ عەرەبیەکــان بە ڕێــز ئەم وشـــە کوردیانەمـــان هەیە، خەم(خەفەت، مەراق)، نائومێـــدیی، قـــووڵایی، چالاک(هەڵســـووڕاو)، ونکردن(نەبـــوون)، هەڵـــــــبەزدابەز، نـــــــــۆرەکردن، نـــــــــۆرە (ڕێز).....لە شوێنی وشە ڕۆژئاواییەکانیش، ئەگەر وشــەی کــوردیی بــۆ هەمــوانیش نەبێــت، ئەوە زۆربەیــان هەیە، بــۆ ئەوانەی کە نیشــە، دەکرێ بە بەکارهێنانی پێوانەی ڕاست و دروســـتی خۆمـــاڵی و ڕەچـــاوکردنی خەســـڵەت و تایبەتمەنـدییەکانی زمـانی کـوردیی، وشـەی کوردییـان بـۆ دابتاشرێن، جا ئەگەر بەکارهێنانی ئەوانە-هەرچۆنێک بێت- ڕێـــی تـــێ بچێـــتن ئەوە بەکارهێنـــانی ئەوانەی وشـــەی خۆماڵییـان لە بەرانـبەردا هەن، شـتێکی گونجـاو نیـیە، بـۆ نمـوونە: بـۆ " دۆکیومێنـت" "بەڵگەنامە"مـان هەیە، کە جێگیـر بـــووە و، بـــۆ "مـــۆدێرن" " تـــازە" و "نـــوێ" و بـــۆ

پرۆسـێس"کردەوە"مان هەیە...هەڵـبەت هەنـدێک وشـەی فارسـیش هەن، کە وەکـو ئەو وشـە عەرەبـی و ڕۆژئاواییيانە، خۆيان بەسەر نووسينی کورديدا سەپاندووە و وشـەی کـوردی ڕەسەنيشـمان هەن لەجيـاتی ئەوان بەکاريـان بێنین، بـۆ نمـوونە"وەلی"، کە لە کورديـدا" بەڵام"ە و، " ئەفسووس" کە بە کوردی دەبێتە"حەيف"، " بەداخەوە"، " داخەکەم"، " مخابن"....هەڵبەت ئەو جۆرە وشـانە تەنهـا لە نووسـيندا بەکـاردەهێنرێن و هێشـتا نەيـانتوانيوە خۆيـان بخزێننە نێو ئاخـاوتنی خەڵک و، لە قسـەکردندا هەر وشـە کوردييەکان بەکاردەهێنرێن.

٤- ئەو وشـانەی لە کوريـدا وشـەی ڕەسـەنيان لە بەرانـبەردا هەن، بەڵام لە گونـدە دوور و لاچەپەکانـدا نەبێت، تەواو فەرامۆشـکراون و وشـە بێگانەکـان ئەوانيـان داپۆشـيون و بەسـەرياندا زاڵبـوون، لەو وشـانە دەتـوانين نـاوی "قـۆريی" و" خەيـار" و "خەس" و" شـەتتولعەرەب" و " مەتـبەق- مەتـبەخ" بێنـين، کە لە شـارەکاندا کوردييەکانيـان هەر لەبيرکـراون و هەر ئەوانە بەکـاردێن، هەرچەنـدە هەمووييانمـان يەک بەيەک بە کـوردی هەن و بە ڕيـز ئەمانەن"چادان- قۆريی"، " هاروێ، ئاروێ، ئـارو، خەيـار"، " کـاهوو- خەس"،"يەکـاوی عارەبـان- شـط العـرب"، " نانـدێن-

مەتبەخ" و " نوێژی خەوتنان"و" لێگێڕانەوە، بانگهێشتن"یش هەر لەنێو ئەو پەلە وشەدان و وشەکانی" سوخرە" و " مغرب" و " عیشا" و " دەعوەت"ی عەرەبی خەریکە هەست و خۆستیان لێ ببڕێت، دیارە هەندێک وشەی فارسیش ئەو کارەیان بەسەر هێندێک وشەی زمانەکەمان هێناوە، وەکو " رودربایسی" کە" لە ڕوودامان"ی هەر لەبیر بردۆتەوە!

**دووەم: وشەی داتاشراو**

بێگومان وشەی داتاشراو، ئەگەر بە شێوەیەکی لەبار و بەڕێ و بێ جێ دروست بکرێت و لە داتاشینیدا پێوانە و خەسڵەتی زمانەکەمان ڕەچاوبکرێن، کارێکی زۆر پێویستە و زمان دەوڵەمەند دەکات، بەڵام ئەگەر هەر کەس لەبەر خۆیەوە ملی لەبەر ئەو کارە بنێت و گوێ بەهیچ پێودانگێکی ڕەسەنایەتی زمانی کوردی نەدرێت، دەبێتە پاشاگەردانی و تەنها شێواندنی زمانی لێ دەکەوێتەوە....

جا ئێستا با"مشتێک لە خەروار"ی ئەو وشە داتاشراوە ناقوڵایانە بدەین و یەک بەیەک لێکیان دەینەوە:

- "پێنووس"، لەجیاتی وشەی" قەڵەم" بەکاردێت، بەڵام " پێنووس" مەعناکەی لە قەڵەم فراوانترە، چونکە هەر شتێکی پێی بنوسرێت، وەکو

تەباشیر، ماجیک، فلّچەی خۆشنووسی دەگریّتەوە و لە جوغزی مەعنای قەڵەم هەتلّە دەبیّت، سەرەڕای ئەوە بە کوردی" خامە"مان هەیە کە هەر " قەڵەم" دەگریّتەوە.

"پەڕاو" و "پەرتووک" لەخۆڕا بۆ " کتیّب" و " دەفتەر" بەکاردیّن، کە هیچ پیّوەندییەکیان بە کتیّب و دەفتەرەوە نییە و هەر "کتیّب" و " دەفتەر"ەکە بەکاربیّت چاکترە کە لە کوردیدا تواونەتەوە و هەموو کوردیّک لیّیان حالّی دەبیّت.

- **زۆر وشە بەشیّوەی هەڵە بەکاردیّن**، وەکو: " ماندوونەناس"، "سەبارەت" " مەلەوانگە"....هتد بۆ نموونە:

" ماندوونەناس" کە بە مەعنای" پشوو دریّژ و خۆڕاگر" بەکاردیّت، دارِشتنەکەی هەڵەیە، چونکە بەکارهیّنانی بەم شیّوەیە، شتیّکی خەیاڵییە و ئەو مەعنایە نابەخشیّت و ئەو کەسە دەگریّتەوە کە بابای ماندوو نەناسیّت، نەک ماندوویەتی، کە لە دنیادا کەس نییە خەڵکی ماندوو نەناسیّت، لەبەر ئەوە دەبیّ" ماندوویی نەناس" بیّت.

" سەبارەت"یش بە مەعنای" لەبارەی" و " دەربارەی" بەکاردیّت، کە هەڵەیە، چونکە " سەبارەت مەعنای

"بەسەبەبی- بەهۆی= لەبەر" دەگەیەنێت و " سەب"ی پێشەوەی هەر بەشێکی وشەی" سەبەب"ە، کە پێیەوە ماوە و لە فۆلکلۆری کوردیشدا هەر بە مەعنای" لەبەر" بەکارهاتووە، نەک " دەربارەی"!

**سەبارەت بە تۆ لەم شارە وێڵم  چۆن دڵم دێنێ تۆ بەجێ بێڵم؟**

هەرچی وشەی " مەلەوانگە"شە، کە بۆ" مسبح"ی عەرەبی بەکاردێ، هەڵە بوون و ناتەواوییەکەی زەق و ئاشکرایە، چونکە"گە" پاشگری شوێنە و وشەکە دەبێتە " شوێنی مەلەوانان" نەک" شوێنی مەلە"، هەڵبەت بەهۆی پاشگرەوە دروست بکرێت، وشەی ناقوڵاو و نالەبار دەردەچێت و دەکرێ بە پێوانەکردنی وشەی وەکو" جێوار- جێهەوار"،" جێ شتڵ"،"جێ گەنم"،" جێ خێوەت" .....هتد، بگەڕێتەوە و "جێ مەلە" کە ڕێک مەعنا ڕاستەکە دەبەخشێت.

**سێیەم: بەکارهێنانی جێناوی لکاوی"ی" بۆ کەسی سێیەمی تاک**

دیارە ئەو جێناوە لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاکە، وەکو: تۆ چووبوویەوە بۆ بازاڕ، تۆ هاتبوویەوە ئێرە، بەڵام بە هەڵە بەم شێوە لەژێر کاریگەری شێوەزاری ناوچەی شارەزوو و گەرمیاندا بەکاردێت:

که چووم بەفرەکە توابوویەوە.....کە دەبێ بگوترێ" توابۆوە، توابووەوە".

**چوارەم : تێکدان و شێواندنی چەندین وشە و بەکارهێنانیان بەهەڵە**

وەکو! کوتاندن، داکوتین، لێپێچینەوە، دابڕاندن، ژەهردارکردن، بەستایەوە، نێوەچڵ، بەخێرهێنانکردن، خۆدەربازبوون، دڵخوازراو، خەڵک خۆشەویست، بناغەداڕێژەر، هەوێ......

بە کاریگەریی شێوەزاری ناوچەیی، کە ڕاستەکانیان بە ڕیز بەم جۆرەیە:

کوتان، داکوتان، لێپێچانەوە، دابڕین، ژەهراویی کردن، بەستییەوە، نیوەچڵ، بەخێرهاتنکردن، بەخێرهێنان)، خۆدەربازکردن، دڵخواز، لەبەردڵان(خۆشەویستی خەڵک)، بناغەداڕێژ، هەویە(ناسنامە)...دیارە هەڵە و ناتەواویی ئەو وشانە ڕوون و دیارە، بۆیە لێکدانەوەیان بۆ خوێنەری لێزان و ورد و بەسەلیقە بەجێ دێڵین.....

**پێنجەم: هاتنی چەندین تەعبیر و وشەی هەڵە لە سۆنگەی وەرگێڕانی حەرفی یان هەڵەوە بۆ زمانی کوردی**

بۆ نموونە: "سەرسامم دەکات" کە لە وەرگێڕانی هەڵەی " یعجبی"ی عەرەبی- کە هیچ پێوەندیی بە سەیر و سەرسامییەوە نییە- یەوە هاتووە و مەعنای" بەدڵمە"ی کوردیی دەگەیەنێت....هەندێکیشیان لە عەرەبی و زمانی دیکەوە وەرنەگیراون، تەنها شارەزایی و نەبوونی سەلیقەی زمانەوانی دروستی کردوون، وەکو " پشکێنەر" لەجیاتی" پشکنەر" بۆ نموونە:-

چەندین تەعبیری دیکەش- کە لە کوردییدا هەر نین- وەرگێڕانی حەرفی لە عەرەبی و فارسییەوە، پەیدای کردوون، وەکو: خوێندنەوەم بۆ مێژوو....، کە تەرجەمی هەڵەی" قرائتي للتاريخ"ە و کورد شتی وا ناڵێت، چونکە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە من بۆ مێژوو شت دەخوێنمەوە، نەک مێژوو دەخوێنمەوە و کورد دەڵێ:

" خوێندنەوەی مێژوو لەلایەن منەوە"، "مێژوو خوێندنەوەم" ..هتد.

هەر لە هەمان سۆنگەوە تەعبیری هەڵەی وەکو: " پێرێ و لە سلێمانی باران باری" کە هەڵەیەکی زەقە، چونکە هیچ کوردێک لە ئاخاوتندا بە"و" ئاوەڵکرداری کات و شوێن و

پێکەوە نابەستێت و ئەو ڕستەیە ئەوە دەگەیەنێت کە هەم پێرێ باران باری، هەم لە سلێمانی باران باری و، مەرج نییە باران بارینی سلێمانی، پێرێ بووبێت..... بە لابردنی واوەکە ڕستەکە ڕاست دەبێتەوە: پێرێ لە سلێمانی باران باری.......

بەهەمان شێوە ئەم ڕستانەی خوارەوەش واوەکەیان زیادە و هەڵەن، بە لابردنی(و)ەکە ڕاست دەبنەوە.

+ بەم جۆرە و بە یارمەتی هاوکارانم، تەواومان کرد.

+ پار و لە زانکۆی ئاهەنگیان گێڕا....هتد.

چونکە ئەو شتانەی کە بە (و) پێکەوە گرێ دەدرێنن، دەبێ هاوچەشن بن، نابێ ئاوەڵکرداری کات و شوێن، یان چۆنیەتی و کات و شوێن پێکەوە ببەسترێن، بەڵام دەکرێ بڵێین: ئەمرۆ و دوێنێ و پێرێ، لێرەو لەوێ و لەولاتر، بەئازایی و بەزانایی و بەوردی....هتد.

- نەوت بەرانبەر بە خۆراک، کە تەرجەمەی حرفی " النفط مقابل الغذاء"ە و کورد لەبارێکی وادا دەڵێ:" نەوت بە خۆراک"، وەکو چۆن ئەو لادێییانەی ترێ و مێوژ و شتی وا دەفرۆشن، هاوار دەکەن:

**ترێ بە گەنم، مێژوو بە ئارد....نەک: ترێ بەرانبەر بە گەنم و مێوژ بەرانبەر بە ئارد!**

"هەستا بە..."ش بە تەعبیرێکی دیکەی ناکوردییە، کە وەرگێڕانی حەرفی" قام ب...."ی عەرەبییە، وەکو، بۆ نموونە: قام بکتاب رسالة..." کە بە کوردیی کردوویانە بە" هەستا بە نووسینی نامەیەک..." و دەبوو بیکەنە " نامەیەکی نووسی..." هەڵبەت ئەگەر کردارەکە بشکرێتە ڕانەبردوو، تەعبیرەکە هەر عەرەبییە، نەک کوردیی و کورد" هەڵدەستێ بە....." ش هەر بەکارناهێنێ....

دیارە ئەو تەعبیرە ناکوردییانە وەنەبێ هەر لە عەرەبییەوە وەربگرین، جاری وا هەیە لە زمانانی دیکەی وەکو فارسیشەوە وەردەگرین، بۆ نموونە " لە پێوەندی لەگەڵ..." کە دەقاودەق لە" دار رابطه با....."ی فارسی وەرگیراوە و بەهەڵە لەجیاتی" لەمەڕ، دەربارەی، لەبارەی" بەکار دەهێنرێت و کوردی نییە و کورد بەکاری ناهێنێ.

-" بابت هەیە؟..." بۆ نموونە- کە وەرگێڕانی حەرفی" پدرت هست؟"ی فارسییە و کورد لەجیاتی ئەوە دەڵێ:" بابت لێرەیە؟" یان" بابت لەوێیە؟".

-" تا چەند ساتێکی دیکە میوانەکان دەگەنە جێ" — بۆ نموونە- کە تەرجەمەی ناشیانەی" تا لحظاتی دیگر میهمانهامی رسند"ە و فرِی بە کوردییەوە نییە و کورد لەجێی وادا دەڵێ" چەند ساتێکی دیکە- یان دوای چەند

ساتێکی دیکە- میوانەکان دەگەنە جێ".

هەر ئەو وەرگـــرتنە کـــوێرانە لە زمـــانی دیـــکەوە و ڕەچاونەکردنی خەسڵەت و ڕەسەنایەتی زمانی کوردیشە وایکردووە چەندین ناوی تایبەتی "اسم علم" بە هەڵە بێنە نێو زمانەکەمان، ئەمەش بەهۆی وەرگرتنی بەهەڵە لەلایەن نووسەرانەوە.....بۆ نموونە: " ئەراگۆن"، " پاپلۆ نێرۆدا"، " ڕۆژێ گـــارۆدی"،" چـــارلی چـــاپلن" ....لەبەرئەوەی لە عەرەبیدا پیتەکانی " گ، پ، ژ، چ،..." نین، ئەو وشانەی بەشێوەی "بابلو نیرودا"،" روجیە جارودی"غارودی"، " شـــارلی شابلن"....دەنووســرێن، بە زۆریـــی نووســـەرانی کوردیش، بێگوێدانە ئەوەی لە زمانی کوردیدا ئەو پیتانە هەن و کوردی لەو بوارەدا لە عەرەبی جیایە، کتومت ئەو وشانە بۆ نێو نووسینەکانیان ڕادەگوێزن، ئەوەتا" چارلی چاپلن" بە شێوەی " شارلی شاپلن" بەسەر زاری گەورە و بچووکی کوردانەوەیە و، نووسینی کوردی پڕە لە ناوی ناقولای لە بابەتی" ریتشارد"، کە عەرەب لەبەر نەبوونی ئەو پیتانە- کە لەگەڵ نەبوونی هیچ ناکرێت- بەناچاری وایکردووە و، ئێمە کە هەمانن، دەبێ ناوەکان دەقاودەق وەکـــو خۆیـــان وەرگـــرین و بنووســـین و چـــاولێکەریی و لاســـایی" ریچارد"مـــان پـــێ نەکـــاتە" ریتشـــارد" ! هەر ئەو

سەلیقە کزییەی زمان وایکردووە مەعنای هەندێک وشەی بەهەڵە لێکبدرێتەوە و تێکبدرێت، بۆ نموونە: وشەی " ڕەنجبەر" کراوە بە" ڕەنجدەر" گوایە: (ڕەنجبەر) بابای چەوسێنەر دەگرێتەوە نەک زەحمەتکێش، کە ڕەنجی خەڵک دەبات، بەڵام وا نییە، چونکە " ڕەنجبەر" واتە: ڕەنجکێش و زەحمەتکێش و کابرای چەوساوە "بەری ڕەنج"ەکە دەبات، نەک" ڕەنج"ەکە و، لە کوردیدا چەندین وشەی دیکەی لە بابەتی" ڕەنجبەر" هەیە، وەکو" بارەبەر".....

هەروا وشەی " شین" و " شینایی" ئەوەندەی پێوەندی بە ڕووەکە هەبێت، کراوەتە" سەوز" و" سەوزایی" بە بیانووی ئەوەی ڕووەک سەوزە نەک شین، دیارە ئەو کارە تێکدانی وشە و شێواندنی ڕەسەنایەتی زمان و مل پێوەنانە بە پێچەوانەی تەوژمی پەرەستاندن و گەشەکردنەکەی و ئەگەر وابێت، دەبێ زمان بەتەواوی هەڵپەرێوین و زمانێکی ساختە دروستکەین، ئەوەتا"مەحویی" دەڵێ:

**بەهارێکی کە، داخۆ بێ، نەیێ، هەی بێن و شینێ**

**فەلەک هەر شینە، سەحرا شینە، لێوی جۆ شینە!**

هەر بە کاریگەریی زمانی عەرەبی و ڕەچاونەکردنی تایبەتمەندی زمانی کوردی، بێ ئەوەی پێویست بێت، "ی"

یەک دەخرێتە سەر زۆر وشەی کوردی: مرۆڤی کوردی، سوپای عێراقی، خدر مەنگوڕی، سلێمان ئاکۆیی، کە ڕاستەکەیان، مرۆڤی کورد، سوپای عێراق، خدر مەنگوڕ، سلێمان ئاکۆیە و کورد ئاوا بەکاریان دێنێ...هەر لەو سۆنگەیەوە ڕەوتێکی دیکە لەنێو نووسینی کوردیدا سەری هەڵداوە، کە دەیەوێ پێش بە ڕەوتی گەشەکردن و پەرەسەندنی زمان بگرێت و سەربەخۆیی زمانی کوردی پێپەست بکات و هەر ناوێکی لە زمانی بێگانەوە هاتبێتەوە نێو کوردیی و لە چوارچێوەی دەنگسازی زمانەکەماندا توابێتەوە، تێکی بدات و بیباتەوە سەر بناوانی خۆی، بۆ نموونە: شەهاب، فلیم، حەدیس....کە چەندەها ساڵە لە نێو کوردیدا تواونەتەوە، دەیانکەنە، شیهاب، فیلم، حەدیس.کە لە هیچ زەمانێکدا شتی وا سەیر نەکراوە، ئەوەتا عەرەب هەر ناوێکی زمانێکی دیکە بەکاربێنێ، بەپێی خەسلەتی دەنگسازی زمانەکەی خۆی دەیگۆڕێ: " حاجی ئۆمەران" دەکاتە" حاج عمران"و" قەڵادزە" دەکاتە" قلعة دزة" و " پێنجوێن" دەکاتە(بنجوين) .....هتد و، فارس هەرچەندە پیتی"ث"و" ط"و"ظ"و "ص"و " ض" یشی هەیە، بەڵام لە گوتندا دەریان نابڕێ و "ثريا" و "طاهر"و"ظهور" و" صابون" و" مريض" بۆ نموونە، دەکا بە:" سورەییا" و "تاهیر" و

"زوهــوور" و " ســابوون"،" مەریــز" و کتومــت وەریــان نــاگریٚ.. کەلیٚنیٚکــی دیــاری دیــکە، کە خەریــکە دەکــریٚتە نووسینی کوردییەوە، بەهەڵە ڕەفتارکردنە لەگەڵ پاشگردا کە تیٚکچــوونی مەعنــا و شــیٚواندنی زمــانی لیٚــدەکەویٚتەوە، هەنــدیٚک جــار کە بەکارهیٚنــانی پاشــگر پیٚویســتە، گــویٚی نادریٚتیٚ و لادەبریٚت، بۆ نموونە:

**منداڵەکە گەیشتە پەنا بەردەکە و بەسەری ڕۆیشت.**

لە ڕســتەکەدا تیٚــدەگەین منــداڵەکە بەســەر بەردەکەدا ڕۆیشــتووە، بەڵام لابردنــی پاشــگری"دا"، مەعنــای تیٚکــداوە، چــونکە " بەســەری ڕۆیشــت"، تەنهــا ئەم دوو مەعنــایەی هەیە:

١ـ بەهۆی ســەریەوە ڕۆیشــت، وەکــو چۆن دەڵــیٚ : بەپــیٚ ڕۆیشت، واتە: بەهۆی پیٚیەوە ڕۆیشت.

٢- ئامۆژگاری کرد و لە کاری خراپ پیٚشی پیٚگرت.

هەروەهــا هەنــدیٚک جــار دەنووســین، بــۆ نمــوونە:" لیٚــرە ڕۆیشــت" و مەبەستیشــیان ئەوەیە کە" لیٚرەوە ڕۆیشــت"، کە دیــــارە، ڕســـتەکەی ســـەریٚ ئەو مەعنـــایە ناگەیەنیٚـــت و مەبەستی ئەوەیە کە لیٚرە نەما.

لەو دوو حاڵەتەدا کە باسمان کرد، دەبوو پیٚشگر هەبــیٚ، بەڵام بەهەڵە لابرابــوو و لابــردنەکەش مەعنــای تیٚکــدابوو،

هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە، نابێ پاشبەند هەبێت، کەچی دەینووسن و مەعنای دەشێوێنن؟ وەکو:

"لەم مەسەلەیەدا تێگەیشتم" کە مەبەستی ئەوەیە بڵێ:" لەم مەسەلەیە تێگەیشتم"، بەڵام پاشبەندی"دا"مەعناکەی تێکداوە و وای لێکردووە ئەو مەبەستە نەگەیەنێت و مەعناکەی ببێتە" لەم مەسەلەیەدا لە شتێک حاڵی بووم".

جا هەندێک وشە هەیە لە کوردیدا کە نە پێشبەند یان پێشگریان بۆ زیاد دەکرێ، نە پاشگر و بە تەنیا بەکاردەهێنرێن، وەکو: ئەورۆ، دوێنێ، پێرێ، پار، پێرار، کەچی دێن بەهەڵە دەڵێن: لە ئەورۆدا، لە دوێنێدا...کە کورد شتی وا ناڵێ....هێندێک جاریش وشەی (ڕۆژ) دەخەنە سەر سێ وشەکە یەکەم و دووەم و سێیەم و وشەی "ساڵ"یش دەخەنە سەر دوو وشەکەی دوایی، ڕۆژی ئەورۆ، ڕۆژی دوێنێ، ڕۆژی پێرێ،....ساڵی پار، ساڵی پێرار، کە پێم وایە ئەم هەڵەیەش هەر چاولێکەریی زمانی عەرەبییە، بەڵام لە کوردیدا ئەگەر وا بنووسرێن مەعنای پێداگرتن و جەختکردن(تأکید) دەگەیەنن، بۆ نموونە: ڕۆژی دوێنێ، مەعنای : دوێنێ هەموو دوێنێ دەگەیەنێ و لەگەڵ (دوێنێ)ی ڕووت جیایە و، " ساڵی پار"یش، مەعنای بەدرێژایی ساڵی پار دەگرێتەوە، نەک"پار" بەتەنێ.. بۆیە

دەبـــــێ ئەو دوو مەعنـــــایە لێـــــک جیــــــابکرێتەوە و تێکەڵنەکرێن....چـونکە کە عەرەب بە دوێنـێ دەڵـێ" یـوم امـس" و پاریش"العـام الماضـي"، ئەوە بەگـوێرەی پێـوانە و خەسـڵەتی تـایبەتی زمـانی عەرەبـی وا دەڵـی و ئـێمە لە کوردیـدا لە بەرانـبەر ئەوانە دوو وشـەی" دوێنـێ" و "پـار" مان هەیە و نابێ تووشـی هەڵە بین، هەڵبەت بۆ "پێرێ"ش هەروا، ئـێ ئـەمە یەک وشـەیە و لە عەرەبیـدا دووە و "اول امس"ە و، تەنانەت لە زمانی ئینگلیزیدا سێ وشەشـە The day be fore yesterday کە ئەگەر وەکـو وشـە عەرەبییەکان تەرجەمەی حەرفی بکەین، دەبێتە" ڕۆژەکەی پێش دوێنی" و وەکو مەتەڵی لێ دێت و، دوایی بیرکردنەوە و بەراورد نەبێـت، بابـای کـورد مەعنـای " پێـرێ"ی لـێ هەڵناکرێنێ....

دیـــارە ئەم نووســـینە کەمـــێکە لە زۆری و پـــوختەیەکە لەمەڕ ئەو هەڵە و کەم و کورتییـــــانەی وەکـــــو بـــــژار کەوتوونەتە نێو بێستانی گەشـی زمـانی کوردی، دەنـا ئەو بـابەتە هەویرێکـی ئاوکێشــە و هەوڵـی شـێلگیرانەی هەمـوو لایەکــی دەوێــت، جــا هیــوادارم لەم بــارەوە هەســت بە بەرپرســیاریی نەتەوایەتــی بکەیــن و، ئەوەنــدەی بۆمــان دەکـرێ زمانەکەمـان لە هەڵە و پەڵە بـژارکەین و، ڕێ لە

تێکدان و شێواندنی بگرین.

# سەرچاوەکان

١- بەدران ئەحمەد حەبیب (٢٠٠٢)، فەرهەنگی زاراوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی یەکەم.

٢ـ بەناز ڕەفیق تۆفیق، ڕێگە بنەڕەتییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە دیالێکتی خواروودا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، بەشی کوردی، ٢٠٠٨.

٣ـ جەمال نەبەز(١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ئەڵمانیا.

٤ـ جەمال عەبدول (٢٠٠١)، بەرکولێکی زانستە زاراوەسازیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی قەشەنگ، سلێمانی.

٥ـ ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا(٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.

٦ـ ساکار ئەنوەر حەمید (٢٠٠٩)، وشە خواستن لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، بەشی کوردی.

٧ــ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٨ـ عەبدوڵڵا عەزیز بابان(١٩٩٠)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
٩ـ کامل حسن بصیر(د)( ١٩٧٩)، زاراوەی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
٦ــ کامیران ڕەحیمی١٣٨٥(٢٠٠٦)، خەسارناسی وشەسازی لە زمانی کوردیدا، گ. زمانەوانی، ژ(٣).
١٠. کەمال مەعروف(د)(٢٠٠٣)، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی.
١١. محەمەد مەعروف فەتاح، موحازەراتی خوێندنی باڵا ـ دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٦.
١٢ــ محەمەد وەسمان (٢٠٠٤)، گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، هەولێر.
١٣. نسرین محمد فەخری(د)(١٩٨٧)، ڕێنوسی کوردی، بەغداد، ل ١٢٦.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**


١٤ـ علي القاسمي(د)(١٩٨٥)، مقدمة في علم المصطلح، بغداد.

١٥ـ محمد علي الخولي، معجم علم اللغة النظري، انكليزي ـ عربي، مكتبة لبنان، لبنان، ١٩٨٢.